# با پاراستنی کوردستان
# ببێتە فەرهەنگی هەموومان




حوسەین مەدەنی:

پەکەکە بۆتە بەڵا
بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی و
بڕواشی بە سەربەخۆیی کوردستان نییە

گوڵان

سۆران سێوکانی:

حزبی ئیسلامی بۆ کوردستان
شتێکی بێ مانایە


ساڵی بیست و دووەم (١٠٦٥)-(٧)ی ئاداری ٢٠١٦

مەحمود محەمەد:

بەرپرسیارێتی گەورە
کەوتۆتە سەرشانی پارتی و یەکێتی و
دەبێت بۆ بەرژەوەندییەکانی کورستان
هەردوولامان قوربانی بدەین

سەرۆکی پەرلەمان
وەک سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان مامەڵەی کرد و
ناتوانێ سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات

ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی
چەندین جار داوای کرد سەرۆکی هەرێم
لەگەڵ حزبەکان کۆببێتەوە
کەچی خۆیشی بۆ کۆبوونەوەکە
ئامادە نەبوو




هاوارد فێدەرسپیل:

**ئێران سوود لەو بارودۆخە سیاسییە ناهەموارە وەردەگرێت کە خەڵکی ناوچەکەی تێدایە**



د. لەتیف کەریم واحید

**کێشەی نەبوونی فەلسەفە لە سیاسەتی ئابووریی کوردستاندا**




عەبدولحوسێن شەعبان

**ئاراستەکانی گۆڕانکاری لە عێراقدا چۆن بەڕێوە دەچن؟**



فیلیپ ئەکێرمان:

**لە ئێستادا پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەرکەوتووە**



ڕێکس براینێن:

**پشتیوانی تاران بۆ دیمەشق و بەغدا خزمەت بە داعش دەکات**


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**

Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**

Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
ماجید نووری

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
هێمن غەنی
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەڕێوەبەری ماڵپەر:
چێنەر خالید

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulan-media.com*

## هوەیدا:

**هیوادارم ناوچەکە لە شەڕ و تیرۆر رزگاری بێت**



**مەترسیی میلیشیاگەرایی حەشدی شەعبی هەرەسێکی دیکەیە روو لە عێراق دەکات**



## خانمانی کوردستان

**خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ رۆژی جیهانیی ئافرەتان هەیە**




**مینی کۆمپیوتەرێکی بەهێز و بێدەنگ**



## بێریڤان جەلال:

**ئاواتەخوازم ببم بە راهێنەر و خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکەم**



**خورشتی سەر**



# پەیامی سەرۆکی کوردستان

## بەبۆنەی یادەکانی مانگی ئادار

هاووڵاتییانی خۆشەویستی کوردستان

ئادار مانگی داستانی مەزن و سەرکەوتن و نەهامەتییەکان و مانگی خۆڕاگری و بڕوابەخۆبوونی گەلی کوردستانە. ئادار سەرکەوتنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانە، یادی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدە، یادی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادارە، هەروەها ئادار مانگی نەورۆز و ژیانەوە و دەستپێکی تازەیە. ڕاپەڕینی مەزنی گەلەکەمان لە ئاداری ١٩٩١ پەیامێکی هەمیشەییە بۆ هەموو جیهان کە گەلی کورد ژێردەستەیی قبوڵ ناکات و لەدژی ستەمکار و داگیرکاران دەوەستێتەوە و لە کاتی سەرکەوتنیشیدا هێمای ئاشتی و لێبووردەیی و مرۆڤپارێزییە.

لە ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ساڵی ١٩٩١دا خەڵک و پێشمەرگەی سەرجەم لایەنەکان بێ جیاوازیی بیروبۆچوون بەگژ دیکتاتۆرییەت و داگیرکاریدا چوونەوە و بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین ئەو پەیامەیان ڕاگەیاند کە هەرکاتێک کوردستانیان یەکڕیز و یەکدەنگ بن هیچ هێزێک ناتوانێ ڕێگە لە سەرکەوتنیان بگرێت.

هەر لەم مانگەدا گەلەکەمان یادی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بەرز ڕادەگرێت، ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، ئەو شۆڕشە سەرتاسەرییەی بە بڕواییەکی پۆڵایینەوە ڕژێمە پڕچەکەکەی عێراقی ناچار کرد دان بە مافی گەلی کوردستاندا بنێت و بێتە سەر مێزی دانوساندن.

ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بوو.

ئادار مانگی هەڵەبجەی شەهیدە، کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ڕووداوێکە هەموو مرۆڤایەتیی لێی بەرپرسە. هەڵەبجە هێمای دڵڕەقی داگیرکاران و سیمبوڵی مەزلوومیەتی گەلی کوردستانە کە دوژمنی بەدڕەوشت بە دڕندانەترین شێوە خەڵکی قارەمانی ئەو شارەی شەهید کرد. شەهیدکردنی هەڵەبجە بەشێکە لەو زنجیرە تاوانە نامرۆڤانانەی دوژمنان و داگیرکاران دەرهەق بە گەلی ستەمدیدەی کوردستان ئەنجامیان داوە. دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و ئاوارەیی و نەهەماتییە بێ سنوورەی گەلەکەمان بینیویەتی، هیچ کەس و لایەنێک ئەو مافەی نییە بە شک و دوودڵی بڕوانێتە مافەکانی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی. دەبێ هەموو لایەک ئەوە بزانن کە بەهای ئەو باج و قوربانییەی گەلی کوردستان داویەتی زۆر لە سەربەخۆیی گەورەترە و هەموو جیهان بەرپرسە لەو چارەنووسە پڕ لە تراژیدیایەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە.



یادەکانی ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرز ڕادەگرین کە بە قارەمانێتی پێشمەرگە کوردستان مەترسیدارترین هێزی تیرۆریستیی مێژووی تێکشکاند. ئەو سەرکەوتنە مەزنە هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانی دارایی و هەوڵی بەردەوامی نەیاران بۆ چڕکردنی گوشارەکان لەسەر گەلی کوردستان. گەلی کوردستان خۆڕاگر بوو و پێشمەرگە مەردانە و دلێرانە بە خوێنی خۆی کوردستانی پاراست.

ئەوەی ئێستا لەسەر شانی تێکۆشەران و نیشتیمانپەروەرانی گەلەکەمانە، هەوڵدان و هیمەتکردنە بۆ ئەوەی کوردستان ئەو قۆناغە سەختە تێبپەڕێنێت. پێویستە بەهەموو توانایەک پشتیوانی پێشمەرگە بین لەپێناو پاراستنی کوردستان و لە ڕێگەی چارەسەرکردنی گەندەڵی و چاکسازیی سیستەمی کارگێڕیی بە جۆرێک کە ئەم دیاردە زیانمەندە بنەبڕ بکات و زەمینە بۆ دادپەروەری خۆش بکرێت و هاوتەریب لەگەڵ ئەوە هەنگاوەکان بەرەو چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس خێراتر و پتەوتر بکرێن. پشت بە خوا و گەلی کوردستان چۆن ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووینەوە، هەر بەو حەماس و پێکۆڵییەش ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبینەوە و کار بۆ نەهێشتنی دەکەین. بەبۆنەی هاتنەوەی یادەکانی ئادار و نەورۆز پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان و سڵاو و خۆشەویستیم بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان هەیە و هیوای سەرکەوتن و خۆشییان بۆ دەخوازم.



### مەترسیی داچەقینی باهۆزی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو کوردستان هەیە!

# حزبەکان بیر لە خۆپاراستن دەکەنەوە؟!



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

بارودۆخی ناوخۆی کوردستان لە داوەستاوی و چەقبەستووییەکی گومانلێکراودا ماوەتەوە. هێزەکانی ناوخۆ لەبابەت گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و پەکەکە، یارمەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان نادەن. لە هەڵوێستێکی زیاتر لە ئۆپۆزیسیۆن بووندان، واتە لە دوژمنکاریدا وەستاون. بۆیە دەبێ بە دیقەتەوە چاودێری ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین. زۆر لە سەرچاوەکانی راگەیاندن و سیاسی، باس لە پلانێکی ژێر بە ژێریی ئێران دەکەن، کە بزووتنەوەی گۆڕان و پەکەکە و هەندێك لایەنی ئیسلامیش تێیدا بەشدار دەبن، ئامانجیان بوو بە چەك پەلاماری دام و دەزگەی حکوومەتی کوردستان بدەن. هەڵبەت لەم ڕۆژانەدا موراد قەرەیلان دڵنیایی داوە کە مەترسی لەو ڕووەوە نابێت. بە مانایەکی تر ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەکەوە ١١٠٠ کیلۆمەتر بەرەی جەنگی لەگەڵ داعش هەیە، ئێران دەیەوێ لە لای خۆیەوە بە درێژایی هەزار کیلۆمەتری دیکە جەنگ لەسەر هەرێمی کوردستان بکاتەوە. ئەوەش بەو مانایە دەبێت کە مەبەستی لەناوبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەوە پێی ناگوترێ فشار. واتە ئێستا کوردستان بۆ جارێکی تر دەکەوێتە بەردەمی مان یان نەمان. بۆیە لەم دۆخەدا دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی دیکەی نێودەوڵەتی ببین، ئەو کاردانەوانە چی دەبن؟ باسی دەکەم. لە لایەکی تر خۆئامادەکردنی حکوومەتی عێراق، بۆ گرتنەوەی موسڵ لە ئارادایە. ئەو حکومەتە هەماهەنگی لەگەڵ کوردستان کردووە. لەم هەماهەنگییەدا ئێران و ئەمەریکا ئاگادار و بەشدارن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بەشداریکردنی گرتنەوەی موسڵی داوە بە مەرجێك حەشدی شەعبی نەیەتە ئەم ناوچەیە. بەڵام زانیارییەکان ئەوە دەگەیەنن کە حەشدی شەعبی لە جل و بەرگی سەربازی عێراقیدا لە ئێستاوە بەرەو بەرەکانی مەخموور و ئەو بەرانەی کە بۆ گرتنەوەی موسڵ ئامادە دەکرێن، ئامادەیە و بوونیان هەیە و هاتوون. دیسان زانیارییەکان ئەوە دەگەیەنن کە فرت و فێڵێکی زۆر کە گومانی لێدەکرێ، بەشێك لەو پیلانەی ئێران کە لەگەڵ پەکەکە و بزووتنەوەی گۆڕان هەیەتی، لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حەشدی شەعبیشدا هەیبێ. جا ئەگەری ئەوە هەیە کوردستان لە زۆرترین لایەوە بکەوێتە بەر پەلامار، واتە جیا لە داعش، حەشدی شەعبی و عێراق و بە درێژایی ١٠٠٠ کیلۆمەتر ئێران و هاوکارەکانی لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، پەلامار بدەن. ئەوە سیناریۆیەکی خوێناوییە، ئەگەر سەربگرێ شتێك لە کوردستاندا بەناوی حکوومەت و ئیرادەی سەربەخۆیی کوردستان بوونی نامێنێ. ئەگەر ئەو پیلانە ڕووبدات نیشانەی ئەوەیە ئێران بۆ جاری دووەم دوای ساڵی ١٩٩٦، بڕیاری لەناوبردنی هەرێمی کوردستان دەدات. لە ساڵی ١٩٩٦ ئێران شکستی خوارد و نەیتوانی، ئێستا جارێکی تر شانسی خۆی لە شەڕێکی دیکەی گەورەی ناوچەییدا کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە تاقی دەکاتەوە. ئێران لە سووریا، لوبنان، یەمەن و عێراق پاشەکشەی پێکراوە و گەڕاندراوەتەوە سەر سنوورەکانی خۆی، پێدەچێ لەسەر سنوورەکانی خۆیەوە بیەوێ شەڕێکی قورس لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەستپێبکات، لەو شەڕەشدا ئامانجی خۆگرتنەوە و سەرخستنی ستراتیژیی سەربازیی خۆی هەیە. لەو حاڵەتەدا دەبێ چاوەڕوان بین کە هاوپەیمانەکانی

کوردستان، هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان دەستەوستان ناوەستن. کوردستان بەشێکە لە هاوپەیمانێتییەکی فراوان و جۆراوجۆر؛ هاوپەیمانە لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپا و هەموو ئەو وڵاتانەی کەوا لە دژی داعش شەڕ دەکەن. کوردستان و فڕۆکەخانەکانی، بوونەتە بنکەی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنەی کە هەموو دنیا بە دوژمنی خۆی دەزانێت، واتە داعش. لە لایەکی تر کوردستان هاوپەیمانێتییەکی توندی لەگەڵ سعودییە، ئیسرائیل و تورکیا هەیە. هەر ئێستا هەرسێك لەم دەوڵەتانە بە شێوەی جۆراوجۆر و بە تەنیا یان لە قاڵبی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا، لەسەر خاکی کوردستان لە شەڕ لە دژی داعش بوونیان هەیە، یان لە بەرەنگاربوونە لەگەڵ بوونی ئێراندان. بەشێک لە ستراتیژی ئێرانی ئەوە بوو، کە کێشەی کوردستان لە هەر چوار پارچە لەکار بخات. چونکە کورد وەك پێکهاتەیەکی زوڵم لێکراو بووەتە شیعار و ناونیشانی نێودەوڵەتی بۆ هاریکاریکردن. گرنگیدان بە کچە کوردی ئێزیدی نادیە موراد، بۆ خۆی نموونەیەکە لە گرنگیدان بە کێشەی کورد لە دنیا. تورکیا و باکووری کوردستان لە چارەسەری نزیك کەوتبوونەوە، بەڵام هاوپەیمانێتی پەکەکە لەگەڵ ئێران وایکرد کە ئەو حزبە واز لە ئامانجە نەتەوەییەکانی بێنێ و بە ئاشکرا رایبگەیەنێ کە دژی هەر ئامانجێکی نەتەوەییە. هەروەها بە شێوەیەکی زۆر مافیایی لەناو کوردستانی باکوور و تورکیا کێشەکەی لەبار برد و گەلی کورد و شارەکانی خستە بەردەمی چەقۆی سوپای تورکیا کە سوپایەکە لە کوشتن و تواندنەوەی کورددا گەورە بووە، جارێکی تر ئەو سوپا شۆڤێنیستەی بەناو شارەکانی کوردستان وەرکردەوە. ئێستا شار بە شار پەکەکە پاشەکشە دەکات. هەروەها لە رۆژئاوادا بارودۆخ ئاڵۆزتر بووە. پەیەدە بە ئاشکرا هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ سووریا و لەگەڵ ئێران ڕاگەیاندووە و بەشێوەیەکی نزیك لە ستراتیژیەتی پەکەکە لە باکوور، خەریکە ئاڵۆزی دەخاتە شیعار و ئامانجەکانی کورد لە ڕۆژئاوا. لەم بارودۆخەدا، پێشبینی دەکرێ باری سەربازیی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزتر ببێت، هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کوردستان و سەرۆکایەتی بارزانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی زیاتر گرێ بدات و بیر لە پاراستنی خۆی بکاتەوە. سەرکردەکانی گۆڕان و پەکەکە و کۆمەڵی ئیسلامی و پەیەدە، پێدەچێ نیازیان بێت خۆیان لە تیغێکی زۆر تیژ بدەن. میللەتەکەشمان لە هەرچوار پارچە، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان تووشی ئێش و ئازارێکی زۆر بکەن. سەرباری هەندێش، پێش ئەوەی ئەم کارەساتە بقەومێ، دەرفەت بۆ لێکحاڵی بوون و گەڕانەوە ماوە. ئێستاش سەرکردەکان دەتوانن بەیەکەوە دابنیشن، سەرباری هەموو جیاوازییەکانیان، دەست بدەنە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە ئێستا لە باشوور و لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەدەست کورددایە.

ئەوەی من تێیبگەم، ئێستا مسعود بارزانی هەدەفە ستراتیژییەکەی لەوەدایە کە ئەم دوو تەجرەبەیە لەدەست نەچێ و بیانپارێزێت. بارزانی بۆ ئەم مەبەستە، بەرنامەی چاکسازی خۆی لەناو حکوومەت و حزب لە هەرێمی کوردستاندا دەستپێکردووە. بە هێمنی و بە بنیادنەرانە لەسەری بەردەوام دەبێت. ئەوەندەی لەم بارودۆخەدا بکرێ، ئەنجامی دەدات. هەروەها بۆ بەردەوامبوون لەسەر پڕۆسەی سەربەخۆیی، ڕیفڕاندۆم بە تاکە ڕێگا دانانـدرێ. دەکرێ بە بێ ڕیفراندۆم بەرەو سەربەخۆیی بچین. بەمەش بارزانی، بەشێک لەو پیلانەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی دژ، هەڵدەوەشێنێتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی بۆ هەستانەوەیەکی ئابووری- ئیداری باشتر لە جاران، ئامادە دەکات. بۆیە ئەوەی ئێستا مەنتق لە میللەتی کورد دەخوازێ ئەوەیە؛ کە پشتی حکوومەت و سەرۆکی سەربەخۆخوازی خۆیان، لەبەرانبەر ئەم پیلانە (نێودەوڵەتی - ناوخۆییە)ی کە لە دژی دەستکەوتەکان و دژی شەمەندەفەری ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی تەندراوە، بگرن. میللەتی کورد دەبێ ئەم تەحەددایەش تێپەڕێنێ، بەسەر ئەم ئەستەنگەشدا بازبدات و ئیرادەی خۆی تاقی بکاتەوە کە میللەتێکە بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە. چونکە گەڕانەوەی میللەتی کورد بەرەو دواوە، بریتییە لە داخڵ بوون بۆ ناو پڕۆژەی ئێرانی. پڕۆژەی ئێرانی بەمانای دەستلێنەدانی سنوورەکانی سیاسییە. هیچ بەرنامەیەك بۆ کورد و غەیری کورد لە ئارادا نابێت، سەرەنجام کوردستان دەبێتەوە پارێزگایەك لە پارێزگاکانی عێراق. لە جیاتی عێراقێکی شۆڤێنی فاشی بەعسی بێ، ئێستا عێراقێکی شۆڤێنی فاشی تائیفییە. بۆیە کورد پتر بەرەو نەمان دەبات. حیکمەتی سەرۆك بارزانی، لە پێداگریکردن لەسەر سەربەخۆیی لێرەوە دەردەکەوێ. گەڕانەوە بۆ دواوە بە مانای لەناوچوونە، لە باشترین حاڵەتدا بە کۆیلەبوونی میللەتی کوردە لە هەرچوار پارچەی کوردستان. بۆیە تەنیا یەك ڕێگەمان لەپێشە، ئەویش بازدانە بەرەو سەربەخۆیی. ئەوە سەربەخۆییە کە میللەتی کورد دەکاتە خاوەن ئیرادەی خۆی و چارەنووسەکەی دەخاتەوە دەستی خۆی و یەکێك دەبێ لە دەوڵەتە بووژاوە و دەستڕۆیشتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئایندەیەکی نزیکدا. پێویستە هەموو حزبەکان لە پڕۆژەی ئێرانی دوور بکەونەوە و لە سەر ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ کوردستان کۆک بن. کورد دژی ئێران نییە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە فراوانخوازە، یەکناگرێتەوە. بۆیە مسعود بارزانی بەرچاوی ڕوونە و گەشبینە، ئەم گەشبینییە دەبێ پشتیوانی بکرێت.



یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و تەبایی و هەماهەنگی نێوان حزبە سیاسییەکان بناخەی سەرەکیی هەر خۆئامادەکردنێکە بۆ ئایندە، بەتایبەتی لەم قۆناخە هەستیار و ئاڵۆزەدا کە دەرگاکان بە رووی هەموو ئەگەرە ئەرێنی و نەرێنییەکاندا والآن و تەنیا رێگەیەك کە ئایندەی سەرفرازی کوردی لێوە دەربکەوێت، دوای پشتیوانی خوا، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تێکڕای خەڵك و حزبەکانی کوردستانە، بەڵام لە ئێستادا تەبایی و هەماهەنگی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەو ئاستەدا نییە کە جێگەی ئەو ئومێدە گەورەیە بێت کە خەڵك چاوەڕوانی دەکات، هەروەها لەو ئاستەشدا نییە کە بتوانن هەموو پێکەوە رووبەڕووی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییانە ببینەوە کە ئێستا رووبەڕووی حکومەت و خەڵکی کوردستان بۆتەوە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا تا کەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی لاوەکی حزبی وەلا نانێن و کەی بۆچوونەکانیان لەسەر بەرژەوەندی باڵا و ئایندەی کوردستان یەکدەخەن؟ چۆن دەکرێت ئەم قۆناخە تێپەڕێنین و نێوماڵی کوردستانیش پەرتەوازە بێت؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسیارانە و هەوڵەکان بۆ ئاشتەوایی نێوماڵی کوردستان و چۆنیەتی رووبەڕووبونەوەی قەیرانی دارایی و هەنگاوهەڵگرتن بۆ چاکسازی و دژایەتی گەندەڵی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

## مەحموود محەمەد

### ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارتی و یەکێتی بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەسەرشانە و دەبێت قوربانی بدەین بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردستان بپارێزین

*** ئێستا لە ناوچەکە بارودۆخێك هاتۆتەپێش کە بریتییە لە گۆڕانکاری خێرا، ئاژاوەی خێرا، بۆچوونەکان بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت، دیارە لەم بازنەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هێزی ژمارە یەکە لە باشووری کوردستاندا، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم گۆڕانکارییانە دەکەن؟**

- بێگومان سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێمەش کە بەشێکین لەم ناوچەیە، گۆڕانکارییەکان یەك جۆر نین، بەڵکو گۆڕانکارییەکان ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتین، لەسەر کۆی گۆڕانکارییەکان بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە، لەسەر هەندێك لە پرسەکان بۆچوونەکان لێکدەچن، لەسەر هەندێکی دیکەیان زۆر لێکجیاوازن، هەروەها بەشێك لە بەرژەوەندییەکان تێکهەڵکێشراون، بۆیە بارودۆخەکە بە جۆرێك ئاڵۆز بووە چارەسەکردنی کێشەکان ئاسان نەبێت. لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستانیش بەتایبەتی، لێرەش دیسان لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم ئاڵۆزییانە و رووداوەکانی دەوروبەرمان هەیە، واتە لەوانەیە هەر حزبێکی سیاسی بۆچوونی جیاوازی هەبێت لەسەر کێشە ناوخۆییەکان، هەروەها چۆنیەتی خوێندنەوەی بۆ رووداوەکانی ناوچەکە، بەڵام ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە دەبێت خوێندنەوەیەکی سەردەمییانەمان بۆ کۆی ئاڵۆزی و رووداوەکان هەبێت، ئێستا بارودۆخێك هاتۆتە پێشەوە لەوانەیە بەشێك لەو واقیعە لە دەرەوەی ئیرادەی هەموومان خوڵقابێت، بەڵام دەبێت لە ئاست هەموویان بەرپرسانە مامەڵە بکەین و نەهێڵین زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بکەوێت. بەلای کەمەوە ئەگەر بۆچوونەکانمان لە شێواز و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوخۆیشمان وەك بەڕێوەبردنی حکومەت جیاوازیشمان هەبێت، ئەوا باشترە لەسەر بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، وێکچوونێکی لێ دروست بکەین، هەتا ئەگەر ١٠٠٪ یش نەتوانین بۆچوونەکانمان وەك یەك لێ بکەین، ئەوا دەبێت لێکیان نزیك بکەینەوە، ئەگەر

**مەرج نییە ئەوەی سەرۆک بارزانی دەیزانێت هەمووی بۆ میدیاکان باس بکرێت، ئێمە خوێندنەوەی خۆمان بۆ بارودۆخەکە و بۆ سەردانەکانی سەرۆک و ئەو رۆڵە گرنگەی ئەو لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا پیادەی دەکات، دەخەینەڕوو، سەیری ئومید و خواستەکانی سەرۆک دەکەین کە ئاوات و خواستی هەر تاکێکی کوردە و ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە**

**سەرۆک بارزانی لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە هێندەی مەبەستێتی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی وڵاتان و خەڵکانی کاریگەر بکات و باسی بارودۆخی کوردستانیان لەگەڵدا بکات، هێندە بایەخ بە دانیشتن لە کۆڕ و پەنێلەکان و هەروەها دەرکەوتنی سەر شاشەکان نادات**

وانەکەین ناتوانین بە شێوەیەکی زۆر باش رووبەڕووی ئەو ئاڵۆزی و تەحەددییانە ببینەوە کە ئێستا رووبەڕووی وڵات و گەلەکەمان بۆتەوە، ئەم واقیعە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی حزبەکانی کوردستان فەرزی دەکات کە دەبێت لە سەر هەندێك پرسی سەرەکی و نیشتمانی رێکبکەوین و تەبایی لە نێوماڵی کوردستاندا دروست بکەین، ئەمەش تەنیا رێگەیە بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە و ئەو هەموو ئاڵۆزی و تەحەددییانە بکەین کە ئێستا لە عێراق و دەوروبەری و تەواوی ناوچەکە بوونی هەیە.

*** باشە کە دەزانین تەنیا رێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئاڵۆزی و تەحەددییانە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردە، بۆچی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، رێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوەشاندەوە؟ ئایا ئەم هەڵوەشاندنەوەیە درز و کەلێنی نەخستۆتە نێوماڵی کوردستانەوە؟**

- پێش هەموو شت، ئەو رێککەوتنەی لە نێوان ئێمە و گۆڕان هەبوو، بریتی بوو لە چۆنیەتی بەشداریکردنیان لەناو حکومەتدا و رێککەوتن بووە لە سەر بەرنامەی حکومەت، ئەو بەرنامەیەی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکومەت لە سەری رێککەوتبوون و دیدوبۆچوونی هەموو لایەنەکانیش لەو بەرنامەیەدا رەنگیدابووەوە، لەمەش زیاتر رێککەوتنی ئێمە لەگەڵ گۆڕان لەسەر بنەمای چوار ساڵی ئارامی بوو بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت پێکەوە، بەڕێوەبردنی حکومەتیش ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە هەموو لایەنە بەشداربووەکان پشتگیری ئەو حکومەتە بکەن بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو هەموو تەحەددییانە بگرێت کە رووبەڕووی دەبێتەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گۆڕان چۆن مامەڵەی لەگەڵ حکومەت دەکرد؟ بێگومان لەلایەك لە حکومەت بەشداربوو، لەلایەکی دیکە دژایەتی حکومەتیان دەکرد، تایبەتمەندی بزووتنەوەی گۆڕان بەو جۆرە بوو زیاتر بە نەفەسی ئۆپۆزسیۆن بوون مامەڵە لەگەڵ حکومەت بکەن نەك وەك لایەنێکی شەریك و بەشدار لە حکومەتدا، لەم خاڵەوە جیاوازی لە نێوانماندا دروست بوو، لەمەش زیاتر هەوڵیاندا ئەم جیاوازە پاڵپێوە بنێن بۆ پەرلەمان، بەڵام پەرلەمان بەگشتی و سەرۆکی پەرلەمان بەتایبەتی لەئاستی بەڕێوەبردنی ئەم جیاوازی و ململانێیەدا نەبوو، واتە نەیتوانی بۆچوونەکان لێك نزیك بکاتەوە و ئاڵۆزییەکان خاو بکاتەوە، بەپێچەوانەوە زیاتر بۆچوونەکانی لێك دوور خستەوە و ئاڵۆزییەکانیشی زیاتر کرد، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویست بوو پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر ئەم بارودۆخە نەخوازراوە هەڵوێستێکی هەبێت و ئەو هەڵوێستەشی نواند.

*** لە دوای ئەم هەڵوێستەوە، هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەو بارودۆخە دووبارە هێور بکرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا نەتانتوانیوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان پێوەندییەکان ئاسایی بکەنەوە، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیش چۆتە ناو بەرەی گۆڕانەوە، ئایا بۆ ئەم پرسە هێور ناکەنەوە؟**

- دیارە گفتوگۆکردن و دانوستاندن لە سەر پرسێك ئەنجام دەدرێت کە پێشتر کێشەیەکی لەسەر هەبووە و ئێستا ئەو دوولایەنە دەیانەوێت هۆکاری دروستبوونی ئەو کێشەیە راست بکەنەوە و لەسەری رێکبکەون، کەواتە خاڵی سەرەکی پێناسەکردنی کێشەکە و دانپێدانانی هەردوولایە بەو هەڵانەی لەو کێشەیەدا بەری دەکەوێت، کێشەی سەرەکی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کە نایەوێت دان بەو بەشەی هەڵەکەدا بنێت کەبەر ئەو دەکەوێت، ئەو نایەوێت دان بەوەدا بنێت کە هۆکاری دروستبوونی ئاڵۆزییەکان و گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندان و هەڵکوتانە سەر دامودەزگای حکوومی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆیە کاتێك لایەنێك نەیەوێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، رێککەوتنی چۆن لەگەڵ دەکرێت؟ ئێمە راشکاوانە پێمان گوتوون، رێککەوتنی پێشتری پارتی لەگەڵ گۆڕان کۆتایی هاتووە، دەبێت لەسەر بنەمایەکی تازە رێکبکەوین و بە میکانیزمێکی تازە لە پەرلەمان کار بکەینەوە، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کارەکان هەر بە رێککەوتنە کۆنەکە بەڕێوە بچێت، بۆیە نەگەیشتووینەتە هیچ رێککەوتنێك.

*** ئایا مەبەستتان لە رێککەوتنی نوێ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان چییە؟ ئەم رێککەوتنە نوێیە تەنیا لەگەڵ گۆڕانە، یان تەواوی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت دەگرێتەوە؟**

- ئێمە تەنیا لەگەڵ گۆڕان رێککەوتنمان هەڵوەشاندۆتەوە، حزبەکانی دیکە هەڕەشە نەبوون بۆ سەر بەڕێوەبردنی حکومەت، ئەوجا کاتێك لەگەڵ گۆڕان رێککەوتنی نوێ دەکەین، کارێکی خراپ نییە مەسەلەی دووبارە دابەشکردنەوەی پۆستەکان، گۆڕینی پۆستەکان لە کۆبوونەوەی دووقۆڵی، یان بە بەشداری لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت گفتوگۆیان لەسەر بکرێتەوە، بەڵام گۆڕان لەسەر ئەمە مەرجی هەیە و دەڵێت دەبێت هەموو مەسەلەکان بگەڕێنەوە بۆ پێش رۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەر، ئەمەش گرێیەکی دروستکردووە، ئێمەش دەڵێین با گفتوگۆ بکەین بزانین چۆن دەتوانین پێکەوە ئەم وڵاتە بەرێوەبەرین.

*** ئایا بۆچوونی مەکتەبی سیاسی پارتی لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان چییە؟**

- دیسان دەبێت ئەم پرسە بسپێرین بە گفتوگۆ، لەبەر ئەوەی پرسی سەرۆکی پەرلەمان تەنیا پێوەندی بە پارتی

دیموکراتی کوردستانەوە نییە و هەموو لایەنەکانی بەشدار لە حکومەتدا دەگرێتەوە، وەك پارتی ئێمە پێمانوایە سەرۆکی پەرلەمان نەیتوانیوە رۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت، واتە نەیتوانیوە وەك سەرۆکی پەرلەمان کار بکات، بۆیە ئەمەش وایکرد بەداخەوە کۆمەڵێك کێشە دروست ببێت، کە پێویست نەبوو لەم بارودۆخەدا ئەو کێشانە دروست بکرێن.

*** ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان مەرجی گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمانە، یان دەیەوێت پۆستەکە لای بزووتنەوەی گۆڕان نەبێت؟**

- ئەوەی تائێستا دیارە، شەخسی سەرۆکی پەرلەمان نەیتوانی وەك سەرۆکی پەرلەمان رەفتار بکات، زیاتر وەك سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان مامەڵەی کردووە، ئەم حاڵەتە، یان ئەوەیە ئەمە تایبەتمەندی و سروشتی ئەو شەخسەیە، یان گوشاری لەسەر بووە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لە پەرلەمان رەفتار و مامەڵە بکات، ئەگەر ئەوە تایبەتمەندی ئەو شەخسە بێت کە بەو جۆرە رەفتاری کردووە، ئەوە تایبەتە بە خۆی، بەڵام ئەگەر گۆڕان گوشاری لێکردبێت بەو جۆرە رەفتار بکات، ئەمەیان دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی بداتەوە، هەر بۆیە ئەگەر ئەمە بیروبۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕان بێت بەرامبەر بە پەرلەمان، ئەوا بێگومان گۆڕان ناتوانێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، بۆیە دیسان ئەم پرسە پێویستی بەوەیە کە پێکەوە دابنیشین و بە گفتوگۆ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

*** ئێوە وەك پارتی کێشەتان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی چییە؟ ئایا لەمبارەوە قسەتان لەگەڵ کردوون؟**

- هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی نییە، ئێمەش تێناگەین بۆچی چوونە ئەو سەنگەرەوە، بێگومان لە سەر ئەم پرسەش قسەمان لەگەڵ کردوون، بەڵام پێدەچێ ئەوان لەو باوەڕەدا بن ئەم هەڵوێستەیان لە بەرژەوەندی حزبی ئەوانە، پێموایە کۆمەڵی ئیسلامی زیاتر لە بازنەی کەشوهەوای هەڵبژاردن دەخولێتەوە، تاکو ئەوەی بێتە ناو بازنەی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانەوە.

*** پێتوانییە دەستێوەردانێکی دەرەکیش بوونی هەبێت بۆ ئەوەی سوود لەم بارودۆخە وەربگرێت؟**

- ئەم بۆچوونە بە دوور نازانرێت، بەڵام ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئەم پرسە هیچ لایەك تۆمەتبار ناکەین، گەرچی بێگومان خەڵکانێك هەن دژی ئەو دروشمەن کە داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بۆیە ئەگەر پێشتر ناحەزانی کوردستان بە لەشکرکێشی هەوڵیاندابێت دژی مافەکانی خەڵکی کوردستان راستەوخۆ دەستێوەردان بکەن، ئێستا ناتوانن ئەو کارە بکەن، بۆیە دەیانەوێت بە پشتگیریکردن لە دروستکردنی ئاژاوە و ئاڵۆزی ئەوەی مەبەستیانە بەدیبهێنن.

*** لێرەوە ئەگەر باس لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، دیارە پێش ئەم کۆبوونەوەیە داواکارییەکی زۆر هەبوو بۆ ئەوەی سەرۆك ئەو کۆبوونەوەیە بکات، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە چەندین بۆنە داوای ئەو کۆبوونەوەی کرد، باشە کە سەرۆك کۆبوونەوەکەی کرد بۆ کۆمەڵی ئیسلامی ئامادەنەبوو؟**

- پێش ئەو کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆك لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، کۆبوونەوە و وتوویژ لە نێوان لایەنەکان هەبوو، بەڵام لە دوو سێ بۆنە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی داوای کرد، تەنیا رێگە ئەوەیە جەنابی سەرۆك لەگەڵ حزبەکان کۆبێتەوە، ئەم پرسە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی باسکرا، هەموو پشتگیرییان لێکرد، جەنابی سەرۆك بە ئەرێنی هەڵیسەنگاند، ئەمەش وایکرد جەنابی سەرۆك ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدات، لەو کۆبوونەوەیەشدا کە گۆڕان و کۆمەڵ ئامادە نەبوون، قسەی زۆر باش و بڕیاری زۆر باشیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دران، چەند میکانیزمێك دیاری کرا بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و لابردنی گرفتەکان، ئەمەش لیژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی لێکەوتەوە، بەڵام جارێکی دیکە لیژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمان لەکار خرا.

*** ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایکرد ئەو لیژنەیە لەکار بخرێت؟**

- هۆکارەکەی ئەوە بوو یەکگرتووی ئیسلامی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو لیژنەکە و لە کۆبوونەوەدا هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، لە ناکاو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە لیژنەکە پاشەکشەی کرد، ئێمەش لە راگەیاندن بیستمان یەکگرتوو ئەو هەڵوێستەی راگەیاندووە.

*** بڕیار بوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی دووەم لەگەڵ لایەنەکان بکات، ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دواخرا و نەکرا؟**

- ئەویش هەر لەسەر داوای لیژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمان بوو، ئێمە رۆژێك پێش دواخستنی ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیمان هەبوو (پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو) لەم کۆبوونەوەیە یەکێتی و یەکگرتوو داوایان کرد کۆبوونەوەکە دوابخرێت، جەنابی سەرۆکیش گوتی مادام ئەمە داوای لیژنەکەیە ئێمە رێز لە داواکەیان دەگرین.

*** ئەگەر بێینە سەر پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتی، وەك دوو حزب کە بەرپرسیاریەتی گەورەی ئەم قۆناخەتان لەسەر شانە، ئایا لە دوای ئەم ئاڵۆزییانەوە، هەردوولاتان**

**سەرۆکی پەرلەمان نەیتوانیوە رۆڵێکی ئەرێنی بگێڕێت، واتە نەیتوانیوە وەک سەرۆکی پەرلەمان کار بکات، بۆیە ئەمەش وایکرد بەداخەوە کۆمەڵێک کێشە دروست ببێت، کە پێویست نەبوو لەم بارودۆخەدا ئەو کێشانە دروست بکرێن**

**گۆڕان نایەوێت دان بەوەدا بنێت کە هۆکاری دروستبوونی ئاڵۆزییەکان و گۆڕینی ئاراستەی خۆپیشاندان و هەڵکوتانە سەر دامودەزگای حکوومی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆیە کاتێک لایەنێک نەیەوێت دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، رێککەوتنی چۆن لەگەڵ دەکرێت؟**

**بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنیان تێڕوانینێکی هاوبەشتان هەیە؟**

- پێوەندییەکانمان باشن، هەر لایەك لە روانگەی خۆیەوە بە خەمە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەی دروست بووە، بۆ ئەمەش ئێمە لەگەڵ یەکێتی کۆمەڵێك کۆبوونەوەمان کردووە کە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو بۆتەوە، کۆمەڵێك کۆبوونەوەشمان دوور لە چاوی راگەیاندن ئەنجامداوە، کۆبوونەوەکان لەسەر ئاستی باڵا بوون، لەسەر کۆمەڵێك پرس دیدوبۆچوونی هاوبەشمان هەیە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە رێککەوتنی کۆتایی بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم پرسە، هەردوولا پرۆژەمان داوە بە یەکتری، بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، ئەو پێشنیارانە لەو کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ئامادەکراون کە لیژنەی کاراکردنەوەی پەرلەمان هەرسێ لا ئامادەمان کردوون.

*** ئایا ئێوە و یەکێتی ئامادەن شان بدەنە بەر ئەم ئەرکە قورسە؟**

- هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە، ئێمە و یەکێتی بەرامبەر ئایندەی کوردستان بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان لەسەر شانە، لەم پێناوەدا کۆمەڵێك قوربانیمان داوە، بۆیە دەیپارێزین، ئەمە بەو مانایە نییە ئەرکی لایەنەکانی دیکە نییە، بەڵام ئاشکرایە بەرپرسیاریەتی گەورە کەوتۆتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆیە دەبێت هەردوولامان لەخەمی ئەو ئایندەیە بین و مەزندە دەکەم هەردوولاشمان لەسەر ئەمە هاودەنگین، دەبێت پارتی و یەکێتی قوربانی بدەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردستان تێکنەچێت.

*** وەك هەر دوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی هەر لە چوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژی پێکەوە کاردەکەن، یان بەنیازن رێککەوتنێکی تازە ئیمزا بکەنەوە؟**

- ئەو رێککەوتنە ستراتیژیەی لە ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ یەکێتی ئیمزامان کردووە، کۆمەڵێك دەستکەوتی زۆر باشی بۆ کوردستان هەبووە، بۆیە وەك پارتی بەو جۆرە سەیری دەکەین، لەبەر ئەوەی دەستکەوتی بۆ کورد و کوردستان هەبووە، کەواتە پارتی لەو رێککەوتنە سوودمەند بووە، پێموایە یەکێتیش هەروا سەیری دەکات، بۆیە ئێمە لەگەڵ پابەندبوونین بەو رێککەوتنە، بەڵام لە بارودۆخی ئێستا زۆر شت گۆڕاوە، شتی تازە هاتۆتە پێشەوە، رێککەوتنیش لە پێناوی ئەوە دەکرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاری و تەحەددییەکان بکرێت، بۆیە وا مەزندە دەکەم ئەو بارودۆخە تازەیە لەبەرچاو بگیرێت و خاڵی تازە بخرێتە نێو رێککەوتنەکەوە.

*** ئایا ئەم رێککەوتنە دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بیر لە حکومەتێکی هاوبەشی زۆرینە بکەنەوە؟**

- بۆچوونی ئێمە بەوجۆرەیە چەند زیاتر هێزە سیاسییەکان بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت بکەن، بۆ ئەم قۆناخەی ئێستامان سوودی زیاترە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت ئەگەر لایەنێك هەر نەمانتوانی رازی بکەین، چۆن لەناو دەسەڵاتدا رەفتار دەکات، بۆیە دەبێت ئەو کاتە بیر لە حکومەتی شەراکەت و زۆرینە بکرێتەوە، دەبێت حکومەت کارابکرێتەوە و ئێش و کاری ئەم وڵاتە رانەوەستێت، ئەم هەموو قەیرانەی رووبەڕوومان بۆتەوە، دەبێت حکومەت بەڕێوەیان بەرێت و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە ئەگەر بۆ نموونە گۆڕان هەر نەهاتە پێشەوە، ئەوا لە ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە، لە هەموو دنیاش وایە ئەگەر حزبێك نەیەوێت بەشداری حکومەت بکات، لە ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە.

*** ئەگەر گۆڕان بووە ئۆپۆزسیۆن و بەشداری حکومەتی نەکرد، ئایا دەکرێت سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات؟**

- لە دنیای دیموکراتی شتی وانییە، حزبێك لە ئۆپۆزسیۆن بێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان لای ئەو بێت، بۆیە ئەم لایەنەش بیری لێکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کاراکردنەوەی حکومەت پێویستە پەرلەمانیش کارا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر بابەت هەیە پێویستی بە یاسایە، واتە هەندێك پرس پێویستی بە دەرکردنی یاسای تازە، یان هەموارکردنەوەی یاساکان هەیە، بۆیە دەبێت پەرلەمانیش کارابکرێتەوە. هەربۆیە قەیرانەکان چەند گەورە بن، ئێمە لە بەرپرسیاریەتی راناکەین، سەبارەت بەو قەیرانە داراییە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە رووبەڕووی کوردستان بووەتەوە، ئێمە ئێستاش پشتگیری لە سیاسەتی ئابووری سەربەخۆی کوردستان دەکەین. راستە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ئەم قەیرانە دروست بووە، بەڵام ئەگەر نرخی نەوت وەك ئەو کاتە بوایە کە ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرا، ئێستا هەموولایەك دەیگوت ئێمەش لەو بیرۆکەیە بەشداربووین و ئێمەش خاوەنی ئەو پرۆژەیەن، بەڵام چونکە نرخی نەوت دابەزیوە، هەندێك لایەن خۆیان لێبردۆتە دەرێ.

*** بەڵام وێڕای ئەوەی نرخی نەوت دابەزیوە و سەرچاوەی داهاتی کوردستان زۆر زۆر کەمی کردووە، بەڵام لایەنێکی وەك پەکەکە بە ئاشکرا هەڕەشە لەو سەرچاوەی داهاتە دەکات و بۆری نەوت دەتەقێنێتەوە و دژایەتی خۆی بە ئاشکرا بۆ رێککەوتنی بۆری گازی هەرێمی کوردستان پیشاندەدات، ئایا ئەمەی پەکەکە دەیکات، لای ئێوە چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

- پەکەکە کارێکی باش ناکات، ئەگەر تەنیا لە دوای ساڵی ١٩٩١ ـەوە کە ئەم ئەزموونە لە باشووری کوردستان دامەزراوە، سەیری رەفتاری پەکەکە بکەین، دەبینین

**به دڵنیاییەوە دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لە هەموو هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەو پرسەن کە گوایە پەکەکە بەنیازە لە باشووری کوردستان شانەی چەکداری دروست بکات، لەوانەیە تێڕوانینی پەکەکە بەو جۆرە بێت، لەبەر ئەوەی جۆرێک لە ناڕازیبوون هەیە، ئەو دەیەوێت سواری شەپۆلی ئەو ناڕازیبوونە بێت**

**گۆڕەپانی خەباتی پەکەکە دیارە کوردستانی تورکیایە، ئێستا ئەو لە گۆڕەپانی خۆی هیچی پێناکرێت و رایکردووە و دەیەوێت بارودۆخی باشووری کوردستان تێکبدات، دەیەوێت هەرێمی کوردستان بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکات و نەپەرژێتە سەر ئامانجە سەرەکییەکە کە هەوڵدانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

بەردەوام گرفتی زۆر گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بۆ دروستکردنی ئەم کێشانەش سوودی لە دوو هۆکار وەرگرتوووە، یەکەم هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان بۆ کوردایەتی، دووەمیان هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەردەوام و هەتا ئێستاش بریتییە لە پشتگیری داوای خەڵکی کوردستان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە پەکەکە بەردەوام کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، لە ئێستاشدا ئاراستەکەیان گۆڕیوە و دەیانەوێت راستەوخۆ کێشەی داهات و دارایی بۆ خەڵکی باشووری کوردستان دروست بکەن، ئەمەش تەنیا خزمەت بە بیروبۆچوونی ئەو ناحەزانە دەکات کە دژی سەربەخۆیی ئابووری و دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

*** بەڵام لەسەر ئاستی دیکەش پەکەکە لە هەوڵی ئەوەدایە کێشەی گەورە بۆ باشوور دروست بکات، بۆ نموونە ئێستا لە شنگال لەگەڵ حەشدی شەعبی هاوکارییان هەیە و دژی ئیدارەی شنگال لێدوان دەدەن و نایانەوێت شنگال بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا لە سەر ئەمە چی دەڵێن؟**

- ئەم رەفتارانەی پەکەکە دەیکات لە ناو پرەنسیپەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە، ناچنە چوارچێوەی خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان، بەپێچەوانەوە ئەمە تێکدانی ئامانج و خواستە نەتەوەییەکانی کوردستانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە شنگال چ پێوەندییەکی بە پەکەکەوە هەیە، گۆڕەپانی خەباتی پەکەکە دیارە کوردستانی تورکیایە، ئێستا ئەو لە گۆڕەپانی خۆی هیچی پێناکرێت و رایکردووە و دەیەوێت بارودۆخی باشووری کوردستان تێکبدات، دەیەوێت هەرێمی کوردستان بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکات و نەپەرژێتە سەر ئامانجە سەرەکییەکە کە هەوڵدانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

*** بەڵام لەمەش زیاتر ئێستا دەنگۆیەك هەیە گوایە پەکەکە بەنیازە لە باشووری کوردستان شانەی چەکداری دروست بکات و راپەڕینێکی چەکداری دژی هەرێمی کوردستان بەرپا بکات، ئایا ئەمە هەر پڕوپاگەندەیە، یان ئێوەش ئاگادارن؟**

- ئەو زانیارییانە هەموو بڵاو بوونەتەوە، بە دڵنیاییەوە دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لە هەموو هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەو پرسەن، لەوانەیە تێڕوانینی پەکەکە بەو جۆرە بێت، لەبەر ئەوەی جۆرێك لە ناڕازیبوون هەیە، ئەو دەیەوێت سواری شەپۆلی ئەو ناڕازیبوونە بێت.

*** ئایا لایەنی دیکە هاوکارن لەگەڵ ئەم پیلانەی پەکەکە؟**

- بێگومان خەڵك و لایەنی دیکەیان لەگەڵدایە، ئایا کێ هاندەری ئەوەیە شەپۆلی ناڕەزاییەکە رێکبخات؟ پەکەکە ئەو کاتە دێتە ناو ئەم مەسەلەیە کە ناڕەزاییەکە دروست دەبێت.

*** ئایا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەماهەنگیتان هەیە بۆ رێگرتن لەم ئاژاوەیەی پەکەکە دەیەوێت دروستی بکات؟**

- بێگومان دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس ئەمەیان لەبەر چاوگرتووە، بە جددیش ئەم پرسەیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەك نییە گەمەی لەگەڵدا بکرێت، یان بە کەم وەربگیرێت.

*** لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی نێوماڵی کوردستاندا، باس لە مەسەلەی ریفراندۆم دەکرێت کە زۆر گرنگە، ئایا تا چەند ئەم ئاڵۆزییەی نێوماڵی کوردستان، ئاستەنگی گەورە بۆ پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم دروست دەکات؟**

- با ئەم پرسیارە بکەینە دوو بەش، بەشێکی ئەوەیە ئایا ئەنجامدانی ریفراندۆم مافی گەلی ئێمەیە، یان نە؟ بێگومان ئەمە مافی گەلی ئێمەیە کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە ئایا ئاستەنگ هەیە؟ بێگومان ئاستەنگی گەورەش هەیە، هەندێك دەوڵەت راستەوخۆ دژن، بۆیە هەوڵدەدەن ئاستەنگ بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بکەن، خۆ ئەگەر راستەوخۆش نەتوانن، ئەوا ناڕاستەوخۆ بە رێگەی وەکیلەکانیان ئەم کارە دەکەن، لە ناوخۆی کوردستان خەڵك هەیە هەوڵدەدات ئەم پرۆسەیە سەرنەگرێت، یان ئەنجام نەدرێت، بەڵام ئەوەندەی مێژووی گەلانمان خوێندۆتەوە، هیچ کاتێك سەربەخۆیی لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەشی هیچ نەتەوەیەك نەکراوە، بۆیە دەبێت ئەم مافە بەدیبهێندرێت و خەباتی بۆ بکرێت، بۆیە ئەم پرسە روونە، ئەگەر خۆمان لە ناو خۆمان یەکگرتوو بین و ئیرادەی میللەت ئەوە بێت کە سەربەخۆ بێت، ئەوا حەتمەن ریفراندۆمیش نەکەین هەر دەگەینە سەربەخۆیی، بەڵام ئەگەر وەك ئێستا بێت و حزب و لایەن هەبن ئیرادەی میللەت بەش بەش بکەن، ئەوا بگەینە سەربەخۆییش زۆر بە زەحمەت دەبێت.

*** بەڵام کە سەیری لێدوان و سیمای سەرۆك بارزانی دەکەین، هەست دەکەین گەشبینییەکی لە رابەدەری بۆ سەربەخۆیی هەیە، ئەمە ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، سەرۆك نەیەوێت هەموو شتێکی پشت پەردە باس بکات، ئێوە وەك مەکتەبی سیاسی ئاگاداری بەشی هەرە زۆری ئەو شتانەی پشتی پەردەن، ئایا ئێوە ناتوانن بەشێکی بۆ راگەیاندن باس بکەن؟**

**یەکگرتووی ئیسلامی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو لیژنەکە و لە کۆبوونەوەدا هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، لە ناکاو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە لیژنەکە پاشەکشەی کرد، ئێمەش لە راگەیاندن بیستمان یەکگرتوو ئەو هەڵوێستەی راگەیاندووە**

**لە دوو سێ بۆنە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی داوای کرد، تەنیا رێگە ئەوەیە جەنابی سەرۆک لەگەڵ حزبەکان کۆببێتەوە، ئەم پرسە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی باسکرا، هەموو پشتگیریان لێکرد، جەنابی سەرۆک بە ئەرێنی هەڵیسەنگاند، ئەمەش وایکرد جەنابی سەرۆک ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدات، لەو کۆبوونەوەیەشدا کە گۆڕان و کۆمەڵ ئامادە نەبوون**

**ئێمە ئێستاش پشتگیری لە سیاسەتی ئابووری سەربەخۆی کوردستان دەکەین. راستە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ئەم قەیرانە دروست بووە، بەڵام ئەگەر نرخی نەوت وەک ئەو کاتە بوایە کە ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرا، ئێستا هەموولایەک دەیگوت ئێمەش لەو بیرۆکەیە بەشداربووین و ئێمەش خاوەنی ئەو پرۆژەیەن، بەڵام چونکە نرخی نەوت دابەزیوە، هەندێک لایەن خۆیان لێبردۆتە دەرێ**

- لە سیاسـەت و دەوڵەتداریدا هەموو شـتێکی پشتی پـەردە بۆ راگەیانـدن، یان تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس ناکرێت، هەندێك شـت هەیە دەوڵەتان دوای ٢٠-٣٠ساڵی بەسـەردا تێنەپەڕێت، ئاشـکرای ناکەن، بۆیە مەرج نییە ئـەوەی دەیزانیـن هەمـووی بـاس بکەیـن، بـەڵام ئێمە خوێندنـەوەی خۆمان بـۆ بارودۆخەکە و بۆ گەشـبینی سـەرۆك دەخەینـەڕوو، خویندنەوەمـان بۆ سـەردانەکانی سـەرۆك و ئـەو رۆڵـە گرنگـەی ئـەو لـەو بارودۆخـە ئاڵۆزەدا پیادەی دەکات، سـەیری ئومید و خواسـتەکانی سـەرۆك دەکەیـن کە ئـاوات و خواسـتی هـەر تاکێکی کوردسـتانە کە ئەویش سـەربەخۆیی کوردستانە، هەست دەکەیـن جەنابی زۆر گەشـبینە، بەڵام ئەم گەشـبینییە چۆن دەکەینە واقیع، بێگومان پێویسـتی بە پشـتگیری هەموو خەڵکی کوردسـتانە.

*** ئەگەر باسـی دوایین سـەردانی سـەرۆك بارزانی بکەیـن بۆ ئەڵمانیا و بەشـداری لە کۆنگـرەی میونیخ، دەبینیـن سـەرۆك بارزانـی لەگەڵ ئەو هەموو سـەرۆك و سـەرۆك وەزیـران و وەزیرانـی دەرەوە و خەڵکـی دیکە کۆبووەوە، بەڵام بەشـداری ئـەو پەنێڵەی نەکرد کە بۆی دیاریکرابـوو، ئەمـە لوغزێکی دروسـتکردووە، ئایا ئێوە لەسـەر ئەمە پرسـیارتان لە سـەرۆك نەکردووە؟**

- ئـەم پرسـیارە زۆر لـە جێگـەی خۆیەتـی، چونکە دوای ئـەوەی جەنابـی سـەرۆك بەشـداری لـەو پەنێڵە نەکـرد، لێـرەو لـەوێ کۆمەڵێك لـەو دەزگایانەی ئیعلام کـە مەبەسـتیانە دژایەتـی سـەرۆك بارزانـی و پارتی بکەن، ئاماژەیان بەوە دەکرد نەیانهێشـت سەرۆك بارزانی وتارەکـەی پێشـکەش بـکات و بەشـداری پەنێڵەکـەی نەکـرد، کـە جەنابیـان هاتـەوە، ئێمـە لێمان پرسـی بۆ وتارت پێشـکەش نەکردو بەشـداری پەنێڵەکـەت نەکرد؟ ئـەو لەوەڵامـدا پێـی گوتین، پێـش هەموو شـت بڕیار نەبووە من وتار پێشـکەش بکـەم، بەڵام لە بەرنامەدا بوو بەشـداری پەنێڵێك بکەم، کاتی پەنێڵەکەش وا ڕێککەوت کـە مـن دوو دیـداری زۆر گرنگـم بـۆ هاتەپێشـەوە، یەکەمیـان لەگـەڵ وەزیـری دەرەوەی ئەڵمانیـا، کـە خۆتـان دەزانـن ئەڵمانیـا چەنـد گرنگە بۆ کوردسـتان و هـاوکاری پێشـمەرگە، دووەمیـان لەگەڵ سـەرۆکی کرواتیـا، لـەم حاڵەتـەدا مـن هـەردوولام بـەراورد کرد، ئایـا دیدارەکان ئەنجـام بدەم، یـان بەشـداری پەنێڵەکە بکـەم؟ هەسـتمکرد ئەنجامدانـی دیدارەکان بـۆ کورد و کوردسـتان لە بەشـداری من لە پەنێڵەکـە گرنگتر بوو. بۆیـە ئەوەیانم هەڵبـژارد، ئەوجا ئەگەر لـەم روانگەیەوە تێڕوانینـی سـەرۆك بـۆ بەشـداریکردنی لـەو کـۆڕ و کۆبوونەوانـە بکەیـن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی سـەرۆك بارزانـی لەو کـۆڕ و کۆبوونەوانە هێندەی مەبەسـتێتی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ سـەرۆك و سـەرۆك وەزیرانی وڵاتـان و خەڵکانی کاریگەر بکات و باسـی بارودۆخی کوردسـتانیان لەگەڵـدا بکات، هێندە بایەخ بە دانیشـتن لـە کـۆڕ و پەنێڵـەکان و دەرکەوتنـی سـەر شاشـەکان نـادات، ئەو دەزانێت ئێسـتا بارودۆخی کوردسـتان چی پێویسـتە، بۆیـە هەوڵـدەدات هەمـوو بۆنەیـەك بکاتـە فرسـەتێك بۆ ئەوەی هاوکاری و تێگەیشـتنی زیاتر بۆ کوردسـتان دەسـتەبەر بکات.

*** لێـرەوە ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر ئـەو بڕیارانەی جەنابـی سـەرۆك کە دوو جـۆر بڕیاری بۆ چاکسـازی راگەیاندووە، بەشـێکیان تایبەتن بە پارتی و بەشـێکیش تایبەتـن بە حکومەت، ئایا ئێوە وەك مەکتەبی سیاسـی پارتـی چۆن پشـتگیری لـەو بڕیارانە دەکەن؟**

- ئێمـە وەك مەکتەبـی سیاسـی پشـتگیریمان لـە هـەردوو پرۆژەکـە کـردووە، سـەبارەت بـە بڕیارەکانـی بـۆ پارتـی ئـەوە هـاوکاری جێبەجێکردنـی دەبیـن، بۆ ئەوانـەی حکومەتیـش رای خۆمان هەیە و پشـتگیری دەکەین.

*** خەڵـك دەڵێـن لەنـاو پارتـی گەندەڵییەکـی زۆر هەیـە، بۆیە سـەرۆك بارزانـی ئەو بڕیـارەی دەرکردووە، ئایـا گەندەڵـی لەنـاو پارتی بەو ئاسـتەیە؟ سروشـتی گەندەڵییـەکان چۆنن؟**

- حزبێکی وەك پارتی کە ماوەیەکی زۆرە لە حوکمڕانی کوردستاندا لایەنێکی سـەرەکییە، لەوانەیە هەندێك کادری دەسـەڵاتی خۆیـان بە خـراپ بەکارهێنابێت، بـەڵام دەبێت شـێوازی گەندەڵییەکان لە یەکتری جیابکەینەوە و بپرسـین هـۆکاری سـەرەکی گەندەڵییەکـە لـە چیدایە، پاشـان بە شـێوەیەکی یاسـایی چارەسـەری بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر قسـە لەسـەر بڕیارەکانی سـەرۆك بکەیـن سـەبارەت بـە ناوخۆی پارتـی، دیـارە پارتی وەك هـەر حزبێکی دیکـە دەزگای وەبەرهێنـان و دارایی هەیە، لێـرەوە ئەگـەر سـەرنج لـە بڕیارەکانـی سـەرۆك بدەیـن، ئامـاژەی بـەوە کـردووە چـۆن وا بکەین ئـەم ئیمکانیەتە بـۆ بەرژەوەنـدی حزب بێت، نەك شـەخس، ئەمەش مانای ئەوەیـە دەبێـت دووبـارە ڕێکبخرێتـەوە، ئاشـکرایە پێشـتر هەمـوو حزبـەکان بـە پارتـی و یەکێتییـەوە پشـتیان بـەو داهاتە دەبەسـت کـە حکومەت دەیدات بـە حزبەکان، بەڵام لەمـەودا دەبێت پشـت بە خۆمان ببەسـتین، سـەبارەت بەو بڕیارانەشـی کـە پێوەندییان بە حکومەتـەوە هەیە، دیارە لە چەنـد رۆژی رابـردوو جەنابی سـەرۆك لەگەڵ دەسـتەی دەسـتپاکی و دیوانـی چاودێـری و دادوەرە بەرێـزەکان کۆبۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی میکانیزمـی گونجـاو بگرنە بەر بـۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانـەی پێوەندییان بە حکومەتـەوە هەیە.

**ئەگەر پێشتر ناحەزانی کوردستان بە لەشکرکێشی هەوڵیاندابێت دژی مافەکانی خەڵکی کوردستان راستەوخۆ دەستێوەردان بکەن، ئێستا ناتوانن ئەو کارە بکەن، بۆیە دەیانەوێت بە پشتگیریکردن لە دروستکردنی ئاژاوە و ئاڵۆزی ئەوەی مەبەستیانە بەدیبهێنن**

# بارزانی و پرۆژەی چاکسازی



**سەربەست بامەڕنی**

**تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی**

لەئێستادا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی نەخوازراوی سیاسیدا تێدەپەڕێت کە کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنیی زیاتری بەدوای خۆیدا هێناوە بەهۆی ئەو تەنگژە داراییەی زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی گرتۆتەوە، هاوکات دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی حکومەتی فیدراڵ بەسەریدا سەپاندوویەتی لەگەڵ بوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق، هاوکات خەرجی و تێچووی شەڕی تیرۆریستانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی دژی هەرێم، هەموو ئەمانە لەپاڵ پەرەسەندنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕییی کەڵەکەکراو کە شەقامی کوردی بێزارو تووڕە کردووە، بەتایبەتی کە پێشتر چەندین هەوڵ خراوەتەڕوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گەندەڵییە بەڵام بێ ئەنجام بووە.

شکستهێنانی رووکەشیی بەرەنگاربوونەوەی پەتای گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، بووە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو ئەم پرۆسەیە کە لە پەرلەمان پلەی یەکەم دێنێت و بەیاننامەیەکی دەرکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران و رێکخستنی بەکاربردن و پێدانی ئەولەویەت بۆ چارەسەرکردنی رەوشی ئابووریی زۆرترین ئەو توێژانەی کۆمەڵگا کە زەرەرمەندبوونە، بەمەش ئومێد لای شەقامی کوردی گەشایەوە بەوەی کە دەکرێت سنوورێکی کۆتایی بۆ گەندەڵی دابنرێت و کێشە کەڵەکەکراوەکانی دارایی و کارگێڕی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەشێوەیەکی رێك و پێك تا دەگاتە زیندووکردنەوەی جووڵەی وەبەرهێنان و بنیادنان و فەراهەمکردنی هەلی کار و تێپەڕاندنی ئەو ماوە سەختە، جا بۆ سەلماندنی جددییەت لەم هەڵمەتە چاکسازییە، سەرۆك بارزانی فەرمانی دا یەکەم جار لەریز حزبەکەی و بەرپرسان و سەرکردەکانی ئەو حزبەوە بێ جیاوازی ئەنجام بدرێت.

ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئەو میکانیزمە چییە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئەم پرۆژە چاکسازییە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتیش لەگەڵ هەبوونی دابەشبوونێکی سیاسیی دروستکراو و نەبوونی دامەزراوەی دادوەری لە ئەنجامی پەکخستنی بەئەنقەست و لاوازیی هەردوو دامەزراوەی جێبەجێکردن و کارگێڕیدا؟

چارەسەری ئەو ئەشکالانە لەو چەند هەنگاوە بنەڕەتییانەدا دەکرێت بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی لای خۆم:

١. جیاکردنەوەیەکی روون و ئاشکرا لەنێوان ئەوانەی کە رازین بە پێکهێنانی حکومەت لە پێکهاتە سیاسییەکان بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو لەنێوان ئۆپۆزسیۆندا کە ئەو بەرنامەیە رەتدەکاتەوە، چونکە ماقووڵ و لۆژیك نییە لایەنێك لە دەسەڵاتدا بێت و لەهەمان کاتیشدا ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەم پرەنسیبە یەکێکە لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی.

٢. لەم هەلومەرجەدا کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت و لەبەرامبەر پەرەسەندنی قەیرانی دارایی و کارگێڕیدا، هەروەها بوونی دوژمنایەتیی دەرەکی کە هەڕەشە لە ئاسایشی هەرێم دەکات، پێویستە وەزارەتەکان یەکبخرێن و کەمبکرێنەوە و تەنیا وەزارەتە بنەڕەتییەکان بمێننەوە.

٣. پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات لە شارەزاو ئەوانەی کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون و دەسەڵاتی پێویستیان پێ بدرێت بۆ ئەدای بەرچاویان لە پسپۆڕییەکانیاندا، بەرەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ.

٤. پێویستە دامەزراوەی کارگێڕی لە لاوازیی و دەردی کوشندە رزگاربکرێت، هەر لە دەرکردنی کارمەندانی خەیاڵی کە بە بندیوار ناسراون، جا لە هەر حزبێك یان لایەنێکی سیاسیدا بن، تا دەگاتە کەمکردنەوەو رێکخستنی دامەررزاوەکانی ئێستا، دامەزراندنیش تەنیا لەو دەزگایانە بێت کە خزمەتگوزاریی گشتین بەپێی چەند بنەمایەکی یاسایی و زانستی، هاوکات دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەوانەی کە دەستبەرداریی خزمەتەکانیان دەبن بەهەر هۆیەك بێت.

٥. پێویستە پشتگیریی بانك و دامەزراوەکانی بیمە بکرێت و ببووژێنرێنەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی پسپۆڕن لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنان لەو بوارانەی کە هەرێم پێویستی پێیانە، لەگەڵ دابینکردنی قەرز بە مەرجی واقیعیی ئاسان و سوودوەرگرتن لە کرانەوە بەڕووی دەوڵەتانی ئیقلیمی لەم بوارەدا، کە ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری کردنی هەرێم پیشان داوە وەك عەرەبستانی سعودیەو کوێت و قەتەرو تورکیا، تەنانەت ئێرانیش.

پرۆژە چاکسازییەکەی سەرۆك بارزانی هەنگاوێکی گرنگە لە تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە کاتییەی ئێستا، بەتایبەتی ئەگەر پشتگیری لێبکرێت و شەقامی کوردی پشتیوانیی لێبکات، کە بەراستی جێبەجێی دەکات دژی ئەو گەندەڵکارە زەبەلاحانەو ئەوانەیشی کە هۆکاری خوڵقاندنی ئەو قەیرانە نەخوازراوەن.



لە ئێستادا کوردستان بۆتە بەشێك لە گۆڕانکاری و ئاڵۆزییەکانی هاوکێشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەش هەمووی پێکەوە لە سەروەختی خۆداڕشتنەوەیەکی سیاسیی تازەدایە، کوردستانیش بەشێکە لەم داڕشتنەوە سیاسییە تازەیە، بۆیە کوردیش پێویستە خۆی بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ئامادە بکات، بەڵام وەك سەرنج دەدەین ماڵی کوردستان بەو ئاستە یەکڕیز و یەکهەڵوێست نییە بۆ ئەوەی بە بەهێزی رووبەڕووی ئەم تەحەددییانە ببێتەوە، سەرباری ئەمانەش هێزی دەرەکی دەستێوەردانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات، ئەوەشی جێگەی داخە لایەنی سیاسیش هەن کە بە وەکالەتی ئەو هێزە دەرەکییانە مەرامی دوژمنانی کوردستان جێبەجێ دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای کوردستان و ئاستەنگ و تەحەدییەکان ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سیاسەتمەدار و بیرمەندی ئیسلامی سۆران مەحمود سێوکانی ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## سۆران سێوکانی

سیاسەتمەدار و بیرمەندی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# پەکەکە چەکوشێکە بە دەستی دوژمنانی کوردستانەوە و مەترسییەکی گەورەیە کە نامانەوێت باسی بکەین

## حزبی ئیسلامی بۆ کوردستان شتێکی بێ مانایە و بانگخوازی بۆ بێ باوەڕ دەکرێت نەک بۆ کۆمەڵگەیەکی موسڵمان

*** بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بە وەرچەرخانکی گەورەدا تێدەپەڕێت، لەم هەلومەرجەدا، کوردستان خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و مافی چارەنووس ئامادە دەکات، ئایا تاچەند ئەم ریفراندۆمە بۆ ئێستا چارەنووسسازە بەتایبەتی کە کوردستان بەشێکە لەم گۆڕانکارییە؟**

- ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی لە سەروەختی ژانی بوونێکی نوێدایە، پێدەچێت رێککەوتنی سایکس پیکۆ هەڵبوەشێتەوە و هاوپەیمانییەك، یان رێککەوتنێکی تازە لە نێوان رووسیا و ئەمریکا و ئەوروپا بێتەئاراوە. دیارە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە کاتی ئیمزاکردنی رێککەوتنی سایکس پیکۆ، رووسیای قەیسەری لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا بەشێك بووە لەو رێککەوتنە، بەڵام دوای شۆڕشی بەلشەفی و هاتنی لینین و بانگەشەی کۆمۆنیستەکان بەوەی داکۆکیکاری گەلانی زۆرلێکراون، رووسیا لە رێککەوتنەکە هاتەدەرەوە و مایەوە بۆ بەریتانیا و فەرەنسا، بۆیە لە ئێستادا رووسیا کە هاتۆتەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمجارەیان دەیەوێت پشکی لە گۆڕانکارییەکاندا هەبێت، لەم ناوچەیەدا ئەو ناوچەیەی پێی دەگوترێت (هیلالی خەسیب) یان ئەوەی پێی دەگوترێت (عێراق و شام)، لە ساتەوەختی ئەوەدایە دووبارە دابەش بکرێتەوە، ئەم دابەشکردنەوەیەش بەوجۆرە

**نەک هەر حزبی ئیسلامی، بەڵکو هیچ حزبێکی ئایدیۆلۆژی بۆ کۆمەڵگە پێویست نییە، لە کۆمەڵگە پێویستمان بە حزبی لیبراڵی هەیە، واتە حزبێک بنەماکانی سیاسەت بۆ دەوڵەتداری دابڕێژێت، پرۆژەی سیاسی هەبێت، نەک پرۆژەی ئایدیۆلۆژی و ئەوەی پێی دەگوترێت حزبی شموولی یان تۆتالیتاری**

**ئیسلامی کوردەواری ئیسلامێکی ئاشتیخوازە، مەلای مێزەر سپی و شێخانی تەریقەت و زانایانی ئایینی کوردستان لەناو کۆمەڵگە رەمزی ئاشتی و ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵک بوون و ئاشتیی کۆمەڵایەتییان پاراستووە**

**جۆرێک لە هاوپەیمانی نەبینراو لە نێوان ئیخوان و قەتەر و داعش هەیە و نووسراو نییە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە هەموویان یەکتری تەواو دەکەن، زۆرجاریش بە ئاشکرا رەخنە لە یەکتری دەگرن، بەڵام ئەم رەخنانە دەکەونە چوارچێوەی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانیان لە هەندێک پرسدا جیاواز دەبێت، بەڵام لە بنەمادا هەموویان یەک ستراتیژیان هەیە**

دەبێت کە تەماحی هێزە گەورەکان پڕبکاتەوە و ئەو نیگەرانییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە نەمێنێت، ئەو نیگەرانییەش بە پلەی یەکەم ئاکامی ئەو غەدرەیە کە لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوو لە کورد کراوە، هەروەها شەڕی نێوان شیعە و سوننە کە ئەویش بۆتە فاکتەرێکی دیکە بۆ ناسەقامگیری ناوچەکە، سەبارەت بەو دابەشکردنەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت ناوچەکە بە خۆیەوە ببینێ، بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نابێت، ئەمجارەیان دەوڵەتانی زلهێز نایانەوێت ئەو دابەشکردنە بەدەستی خۆیان بێت، بەڵکو دەیانەوێت گەلانی ناوچەکە خۆیان سنوورەکان دابڕێژنەوە، ئێستا کوردستانی باشوور خۆی سنووری خۆی دیار کردووە، بڕیارە سوننە خۆی موسڵ ئازاد بکاتەوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی سیمای دابەشکردنەوە دەرکەوتووە، بۆیە ریفراندۆم بکرێت، یان نە، ئەم واقیعە بوونی هەیە، لەمەش زیاتر پرۆسەی ریفراندۆم نابێتە بەشێك لەو پرۆسەیە بەو مانایەی ئەگەر کورد ریفراندۆم بکات راستەوخۆ سەربەخۆیی رادەگەیەنێت، بەڵکو ئەنجامدانی ریفراندۆم دەبێتە کارتێکی سەوز بەدەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و شەرعییەتی بڕیاردانی وەك راسپاردن لەلایەن گەلەوە پێدەدات، بۆ ئەوەی هەرکات حکومەت بە گونجاوی زانی بڕیاری سەربەخۆیی بدات.

***چارەنووسی ئایندەی کوردستان بەندە بەیەکهەڵوێستی و یەکڕیزی گەلی کوردستانەوە، بەڵام بەداخەوە هەست دەکەین هەندێك هێزی سیاسی بۆ نموونە وەك پەکەکە، هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار بۆ دژایەتیکردنی ئەزموونی باشووری کوردستان و ئاستەنگ دروستکردن بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی، بەم دواییە هەڕەشەی لە بۆری گازی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا کردبوو، ئایا دەبێت هێزێکی کوردستانی ئاستەنگ بۆ چارەنووسی نەتەوەکەی خۆی دروست بکات؟**

- دەبێت بزانین پەکەکە هێزێکی گەورەیە، ئەم هێزە تێکەڵی هەندێك هێزی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بووە، واتە خۆی بە تەنیا نییە، بۆیە ئەو رەفتارانەی پەکەکە دەیکات دەبێت بە دوو ئاراستە باسیان بکەین، بەشێکیان پێدەچێت لە ژێر گوشاری هێزێکی دەرەکیدا ئەنجامی بدات، بەشێکیشان لەوانەیە پەکەکە خۆی گوشار دروست دەکات بۆ ئەوەی هەندێك دەسکەوتی دەست بکەوێت، بۆیە کاتێك هەڕەشەی ئەوە دەکات و دەڵێت من دژی بۆری گازی کوردستانم و بۆرییەکان دەتەقێنمەوە، پرسیار ئەوەیە، ئایا پەکەکە ئەم کارە دەکات؟ لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین ئەگەر پەکەکە بکەوێتە ژێر گوشاری هێزێکی دەرەکی ئەو کارە دەکات و ئامانجیشی لەو کارە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەکبخات، ئەگەر خۆیشی وەك هێزێك ئەو کارە بکات، با لەمەیاندا واز لە هەڕەشەکانی بۆ سەر باشووری کوردستان بهێنین، ئەوا ئەمەیان لەوانەیە مەبەستی بێت گوشارێك بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هەندێك دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت، لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا ئەگەر ئەم هەڕەشانەی پەکەکە شیکار بکەین، ئەوا لە حاڵەتی یەکەمدا کە لە ژێر گوشاری دەرەکی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە مانای ئەوەیە پەکەکە چەکوشێکە بەدەستی دوژمنانی کوردستانەوە، لە حاڵەتی دووەمدا ئەگەر خۆی بە بێ گوشار بیکات، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بە خۆی بدات، ئەمەیان جۆرێك پاکانەکردنی هەیە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان کە دەبێتە چەکوش بە دەستی دوژمنانی کوردستانەوە بۆ لێدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هیچ پاکانەیەك هەڵناگرێت، من هیوادارم پەکەکە نەبێت بە چەکوش بەدەستی دوژمنانی کوردستانەوە، بەڵام ئەوەی بە رواڵەت دەیبینین و من چەند جارێك باسم کردووە، ئەوەیە کە (پەکەکە ئەو مەترسییەیە کە نامانەوێت باسی بکەین). بە بۆچوونی من پەکەکە جۆرێك لە مەترسی بۆ سەر کوردستان دروست دەکات، لەبەر ئەوەی رەفتارەکانی وادەردەکەون ئاستەنگێك بێت بۆ هەرێمی کوردستان، سەیر بکەن لەگەڵ حکومەتی عێراق رێکدەکەوێت، وەك بینیمان راشکاوانە پەکەکە دەیگوت هەتا حکومەتی عێراق پێم نەڵێت من لە شنگال ناکشێمەوە، هەروەها لەگەڵ هەردوو حکومەتی سووریا و ئێران رێککەوتووە، ئەگەر پەکەکە ئەم کارانە لە دژی تورکیا دەکات، ئەوەیان ئازادە، بەڵام بوونی پەکەکە بە ئاستەنگ و کارتی فشار بەسەر کوردستانەوە، ئەوا بەکردەیی دەبێتە ئەو گورزە کوشندەیەی کە لە ئەزموونی کوردستانی دەدات.

*** بەڵام بێجگە لە پەکەکە، حزب و هێزی سیاسیی پارچەکانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان هەن و سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست ناکەن، پرسیار ئەوەیە بۆچی پەکەکە دەستبەرداری ئەو گێچەڵە نابێت کە تووشی ئەزموونی کوردستانی دەکات؟**

- بە بۆچوونی من، بەشێکی زۆری ئەو شەڕوشۆڕەی پەکەکە دەیکات، پێوەندی بە هیچ پرەنسیپێك و مەبدەئێکەوە نییە، باڵی عەسکەری پەکەکە ئەوانەی لە قەندیلن، بەوجۆرە سەیری خۆیان دەکەن ئەگەر شەڕ نەبێت و شەڕ دروست نەکەن دەبنە باڵێکی لاوەکی، ئەم شەڕ و شۆڕەی پەکەکە دەیکات، هێندەی دژی پەیەدە و عەبدوڵا ئۆجەلانە هێندە دژی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نییە، ئەمە لەباربردنی هەوڵەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش و ئوجەلانە کە هەوڵیان بۆ دەدا و دەیانویست بە شێوازی ئاشتی شتێك بۆ کوردی باکوور بەدەست بهێنن، بەڵام باڵی عەسکەری قەندیل شکستی بەو هەوڵانە هێناوە، دیارە لەبەرامبەر پەکەکەش لە تورکیا عەسکەر و میت هەیە، ئەوانیش حەز لە شەڕ دەکەن و بەرژەوەندییان لە شەڕدایە، بۆیە بە هەردوولا پرۆسەی ئاشتییان لەبار بردووە.

*** ئێستا بارودۆخێك لە سلێمانی هەستی پێدەکرێت، شێوەیەك لە ناسەقامگیری سیاسی بوونی هەیە، هەروەها گوێبیستی هەندێك بۆچوونی سەیر دەبین، وەك ئەوەی هەندێك میدیا بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە دەوڵەتی کوردستانمان ناوێت، ئایا ئەو ژینگە شڵەژاوە سیاسییەی سلێمانی هۆکارەکەی چییە؟**

- ناتوانین قسەی فەیسبووك و هەندێك میدیا بکەینە پێوەر بۆ رای خەڵکی سلێمانی، بۆیە هەتا پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت، ئەوە ناسەلمێت کە لە سلێمانی بۆچوونێك دژی سەربەخۆیی هەیە. دەبێت پرسیار بکەین ئایا ئەوانەی لە فەیسبووك دەنووسن کێن و کێ لە پشتیانە؟ ئەو میدیایانەی دژی سەربەخۆیی دەنووسن کێ هانیان دەدا و کێ لە پشتیانە؟ بێگومان ئەوانە خەڵکانێکیان لە پشتە و پێیان دەڵێن وابنووسن، بەم رێگەیەش دەتوانن کۆمەڵێك خەڵك بە کرێ بگرن، کە هەم لە فەیسبووك و هەمیش لە میدیادا ئەم شتانە بڵاو بکەنەوە، هەربۆیە کاتێك کەسێك لە سلێمانی خاوەنی پرۆژە و فیکری خۆی بێت و بڵێت من بڕوام بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە، ئەوا لەلایەن ئەو خەڵکانەی هاندراون لە فەیسبووك دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، یەکسەر تۆمەتی ئەوەت بۆ دروست دەکەن، ئەوە تۆ پارتیت، بۆیە باس لە ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان دەکەیت، بۆیە ئێستا خەڵکانێکی زۆر لە سلێمانی دەیانەوێت هەقیقەت بڵێن، بەڵام لە ترسی شەڕە جنێو و قسەی سووکی هەرزەکارەکانی ناو فەیسبووك ناوێرن ئەو هەقیقەتانە بڵێن، هەر کەسێك بچێتە ناو لاپەڕەی من لە فەیسبووك، ئەوکات دەزانێ چەند سووکایەتیم پێکراوە، ئەمە بێجگە لەوەی بەشێکی ئەو قسە ناشیرین و سووکانەم سڕیوەتەوە و بەشێك لە فرێندەکانی فەیسبووکم بلۆك کردووە، بۆیە بە راشکاوی دەڵێم قسەی فەیسبووك و راگەیاندن، هەڵوێست و قسەی خەڵکی سلێمانی نییە، بەڵام لەوانەیە بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە هەندێك نارەحەتی و نیگەرانی پێوە دیار بێت، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە.

*** ئەگەر لێرەوە هەندێك باسی ئیسلامی سیاسی بکەین، کە خۆت لەو بوارە تایبەتمەندیت، دیارە هەندێك لە بیرمەندانی ئیسلامی دەڵێن، بنەمای فیکری داعش سەلەفییەت و وەهابییەتە، لەمەش زیاتر دەڵێن هەموو حزبە ئیسلامییەکان بە ئیخوان موسلمین -یشەوە سەلەفین، ئایا ئەگەر سەلەفییەت بنەمای توندڕۆیی بێت لە ئیسلامدا، تاچەند حزبی ئیسلامی مەترسیی بڵاوبونەوەی توندڕۆیی لە کۆمەڵگەدا دروستدەکات؟**

- لەوانەیە کەم کەس هەبێت لە کوردستاندا هێندەی من لەسەر ئەم بابەتە قسەی کردبێت، بە بۆچوونی من ئەگەر داعش بگێڕینەوە بۆ ناو مێژوو، لە سەرێکەوە ئیخوان موسلیمن دەردەچێت و لە سەرەکەی ترەوە وەهابییەت دەردەچێ، دیارە فیکری ئیخوان موسلمینیش فیکرێکی سەلەفییە، ئەگەر وەك نموونە باسی یەکگرتووی ئیسلامی بکەین کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە راگەیاندنی بینراوی هەیە، دەبینین هەتا ئێستاش ناتوانێت گۆرانییەك لێ بدات، یان ئافرەتێکی سەر رووت بەرنامەیەك پێشکەش بکات، ئەمانە کاریگەریی فیکری سەلەفین لەبەر ئەوەی سەلەفی گۆرانی بە حەرام دەزانێت، ئافرەت دەبێت باڵاپۆش بێت، هەروەها لەناو ئیخوان موسلمیندا جۆرێك لە رێکخستنی نهێنی (تەنزیم سڕی)ی چەکدار هەیە، ئەم تەنزیم سڕییە چەکدارە وردە وردە گەشە دەکات بۆ داعش و قاعیدە، ئەوەش درێژکراوەی ئەو هەقیقەتەیە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە داعش و قاعیدە کوڕی شەرعیی ئیسلامی سیاسین، بۆیە ئیسلامی سیاسی ئەگەر بە ئاشکراش پشتگیری داعش، یان قاعیدە نەکات، ئەوا لە دڵەوە هەر پشتیوانی لێدەکات، ئەمە دروست وەك ئەو لێکترازانە حزبییانە وایە کە لە

**دەبێت لە جیهانی ئیسلامیدا دوو هەنگاوی سەرەکی هەڵبگیرێت. یەکەم: بە تەواوەتی ئایین لە سیاسەت دابڕنین، ئەمەش بەو مانایەی ناتوانرێت ئایین لە کۆمەڵگە دابڕنین، بەڵکو دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێت. دووەم: دەبێت دەزگای ئایینی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بێت و جیاکرابێتەوە لە حکومەت، ئەم دەزگایە قسە لەسەر ئایین بکات، نەک هەر مەلایەک بێت و لەسەر مینبەر و تەلەفزیۆن باسی سیاسەت بکات، یان مەلا بێت و باسی پیلانی نێودەوڵەتی بکات و لەسەر تەلەفزیۆن حکومەت تەکفیر بکات**

**کتێبێکم لە ژێر چاپدایە بە ناوی ( تیرۆری نەرم)، مەبەستم لە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکە کە نەک هەر زەمینە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تاک بکاتە تیرۆریست، بەڵکو زەمینە ساز دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تیرۆر قبووڵ بکات**

**لەناو ئیخوان موسلمیندا جۆرێک لە ڕێکخستنی نهێنی (تەنزیم سری)ی چەکدار هەیە، ئەم تەنزیم سرییە چەکدارە وردە وردە گەشە دەکات بۆ داعش و قاعیدە، ئەوەش درێژکراوەی ئەو هەقیقەتەیە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە داعش و قاعیدە کوڕی شەرعی ئیسلامی سیاسین**

**ناتوانین قسەی فەیسبووک و هەندێک میدیا بکەینە پێوەر بۆ ڕای خەڵکی سلێمانی، بۆیە هەتا پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت، ئەوە ناسەلمێت کە لە سلێمانی بۆچوونێک دژی سەربەخۆیی هەیە**

**بەشێکی زۆری ئەو شەڕوشۆڕەی پەکەکە دەیکات، پێوەندی بە هیچ پرەنسیپێک و مەبدەئێکەوە نییە، باڵی عەسکەری پەکەکە ئەوانەی لە قەندیلن، بەوجۆرە سەیری خۆیان دەکەن ئەگەر شەڕ نەبێت و شەڕ دروست نەکەن دەبنە باڵێکی لاوەکی**

حزبە کوردستانییەکاندا ڕوودەدات، ڕاستە لە یەکتری جیادەبنەوە، بەڵام ئەسڵ و ستراتیژیان هەر یەک شتە و بەرژەوەندییە حزبییەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

*** کەواتە تۆ حزبی ئیسلامی سیاسی بە سەرچاوەی توندڕەوی لە کۆمەڵگە دەزانیت، ئایا مەبەستت ئەوەیە؟**

- حاڵی حازر کتێبێکم لە ژێر چاپدایە بە ناوی (تیرۆری نەرم)، مەبەستم لە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکە کە نەک هەر زەمینە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تاک بکاتە تیرۆریست، بەڵکو زەمینە ساز دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تیرۆر قبوڵ بکات، ڕاشکاوانەتر دەیانەوێ کۆمەڵگە وایلێبکەن تیرۆر وەك ئایین سەیر بکەن، ئەمە زۆر لەو حاڵەتە ترسناکترە کە گەنجێك بکەیتە تیرۆریست و بۆمبڕێژی بکەیت بۆ ئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە، بۆیە حاڵەتی زۆر ترسناك ئەوەیە کۆمەڵگە وا لێبکەیت ئەو تیرۆرە و ئەو تیرۆریستە قبوڵ بکات، واتە مەترسیی گەورەی ئیسلامی سیاسی لەمەدایە، من هەموو کات ئەوەم گوتووە ئیخوان موسلمین نەرم بڕە، بە شێوەیەکی قووڵتر لە سەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی تیرۆر بەرهەمدەهێنن، بەڵام بە شێوازێك ئەم تیرۆرە بەرهەمدەهێنن کە لەبەرچاو نەبێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەمجارەیان لیژنەی دادوەری لە کۆنگرێسی ئەمریکا، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمنی میسری خستۆتە لیستی تیرۆریستانەوە، لە بڕیارەکەدا هاتووە و دەڵێت، ئیخوان موسلمین کاری تیرۆریستی نەکردووە، وەك کوشتن، بەڵام ژینگەیەکیان سازکردووە بۆ قبوڵکردنی تیرۆر، هەموو ڕێکخراوەکانی سەر بە ئیخوان یارمەتی تیرۆریستان دەدەن، با سەیری محەمەد مورسی بکەین، کاتێك بوو بە سەرۆکی میسر یەکەم کاری ئەوە بوو هەرچی تیرۆریست هەبوو، ئازادی کرد، لەمەش زیاتر پێوەندی پێوەکردن و کردنی بە هاوبەشی حوکمڕانی لەگەڵ خۆیدا.

*** بەڵام ئەوەی قاعیدە و داعش دەیکەن، زۆر حزبی ئیسلامی سیاسی دیکە نایکەن، پێتوا نییە ئەم تێکەڵکردنە غەدرە لە ئیسلامی سیاسی دەکرێت؟**

- من گوتم داعش، یان قاعیدە کوڕی شەرعیی ئیسلامی سیاسییە، هەموو کات ئەوەم گوتووە کە داعش برا هاروهاج و عەجوولەکەی ئیسلامی سیاسییە، تۆ سەرنج بدە لەناو هەموو هۆز و خێڵ و بنەماڵەیەکدا، کەسانێکی سەرەڕۆ و عەجوول هەن، ڕیشسپی و بەتەمەنەکانی ناو ئەو هۆز و خێڵانە دەڵێن، ئەوانەشمان هەبێت بۆ چاوترساندنی خەڵك باشە، بەڵام کاتێك یەکێك لەو سەرەڕۆ و عەجوولانە کەسێك دەکوژێت، ئەوا ڕیشسپی و پیاوماقووڵاتی خێڵەکە سوڵحی بۆ دەکەن و خوێنەکەی بۆ دەدەن، بۆیە داعیش ئەو کورە سەرەڕۆ و عەجوولەی ئیسلامی سیاسییە کە خەڵکی پێ دەترسێنن، ئەگەر لەسەر ئاستی فراوانتر سەیری بکەین، من پێموایە جۆرێك لە هاوپەیمانی نەبینراو لە نێوان ئیخوان و قەتەر و داعش هەیە و نووسراو نییە، ئەمەش لە بەر ئەوەیە هەموویان یەکتری تەواو دەکەن، زۆرجاریش بە ئاشکرا ڕەخنە لە یەکتری دەگرن، بەڵام ئەم ڕەخنانە دەکەونە چوارچێوەی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانیان لە هەندێك پرسدا جیاواز دەبێت، بەڵام لە بنەمادا هەموویان یەك ستراتیژیان هەیە. بۆیە لێرەوە دەبێت دوو پرس لە یەکتری جیابکەینەوە، یەکەمیان ئەوەیە بنەمای داعش ئیسلامی سیاسییە، بەڵام وروژێنەر و هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو پەتا کوشندەیە، ئەو ژینگەیەیە کە ئێستا بوونی هەیە، هەروەك چۆن خەڵکانێك هەن جۆرێك نەخۆشی لە لەشیاندا هەیە، بەڵام هەستی پێناکەن، هەتا هۆکارێك دروست دەبێت، دەبێت داعش بەوجۆرە سەیر بکرێت، لە بنەڕەتدا خەلەلێك لە ڕۆشنبیری و کەلتووری ئیسلامیدا هەیە، هەر بۆیە کاتێك وروژێنەرێکی وەك شەڕ، یان داگیرکاری ئەوا ئەو خەلەلە دەجووڵێت و هەمووی دەتەقێتەوە، پێشتر لە سەردەمی سەدام حوسێن لە عێراقدا شیعە و سوننە هەر هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەدام حوسێن بە زەبری هێز کۆنترۆڵی کردبوو، شیعە و سوننە شەڕیان نەدەکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا دوژمنایەتی لە نێوان شیعە و سوننە هەر بوونی هەبووە، بەڵام کە گوشارەکەی سەدام نەما، شیعە و سوننە ئەوا بە خوێنی سەری یەك تینوون.

*** ئەی وەك باستکرد ئەگەر ئیسلامی سیاسی و داعش یەك بنەمایان هەیە، بۆچی حزبە ئیسلامییەکان ناتوانن داعش تەکفیر بکەن؟**

- سەبارەت بەوەی ئایا داعش حزبێکی ئیسلامییە؟ بێگومان حزبێکی ئیسلامییە، بۆیە نەك حزبە ئیسلامییەکان، تەنانەت ئەزهەریش نەیتوانیوە تەکفیری بکات، بۆیە کاتێك حزبێکی ئیسلامی سەرکۆنەی دەکات، ئەو سەرکۆنەیە

زۆر هەقیقەتی تیا نییە، من باسی ئیخوانی کوردستان ناکەم، بەڵکو باس لە ئیخوانی سوننەی عەرەب دەکەم، ئەگەر سەیر بکەین عەرەبی سوننە سەرکۆنەی داعش ناکات، لەمبارەوە من لەگەڵ چەند کەسێکی سوننەی عەرەب قسەم کردووە، ئەو خەڵکانە رەخنە لە داعش دەگرن و دەڵێن زۆر توندن و بەو توندوتیژییە نابێت، ئەمەش رەخنەیەکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی من هەموو ئیسلامی سیاسی بە توندرِۆ دەزانم، کەسێك هەبوو دەیگوت جیاوازی نێوان ئیخوان و داعش ئەوەیە، ئیخوان بە پەڕی کۆتر خەڵك سەردەبڕێت و داعش بە چەقۆ. جیاوازییەکە ئەوەندەیە.

*** تۆ بڕوات بە ریفۆرمی ئایینی هەیە، ئایا ئەگەر بمانەوێت ریفۆرمی ئایینی لە کوردستان ئەنجام بدەین، دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟ ئایا تاچەند گرنگە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی تێگەیشتنی کورد لە ئیسلام بە درێژایی مێژوو؟**

- من بڕوام بەو ریفۆرمە ئایینییە نییە کە ئیخوان موسلمین، یان فلان و فیسار باسی دەکەن، بە کورتی دەبێت لە جیهانی ئیسلامیدا دوو هەنگاوی سەرەکی هەڵبگیرێت. یەکەم: بە تەواوەتی ئایین لە سیاسەت دابڕنین، ئەمەش بەو مانایەی ناتوانرێت ئایین لە کۆمەڵگە دابڕنین، بەڵکو دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێت. دووەم: دەبێت دەزگای ئایینی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بێت و جیاکرابێتەوە لە حکومەت، ئەم دەزگایە قسە لەسەر ئایین بکات، نەك هەر مەلایەك بێت و لەسەر مینبەر و تەلەفزیۆن باسی سیاسەت بکات، یان مەلا بێت و باسی پیلانی نێودەوڵەتی بکات و لەسەر تەلەفزیۆن حکومەت تەکفیر بکات، لەمەش زیاتر دەبێت ئاییینداری بکرێتە کاری شەخسی و تاکە کەس. محەمەد شەحرور کە نووسەرێکی عەرەبە کتێبێکی هەیە ٤٨٠ لاپەڕەیە بە ناوی (ئایین و دەسەڵات) من کردوومە بە کوردی، لەم کتێبەدا دەڵێت: سیستمی لیبراڵ دیموکراتی باشترین پێوەرە بۆ جیهانی ئیسلامی، لە ناو ئەم سیستمەدا ئیسلام تەعبیر لە رۆحی خۆی دەکات، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی ریشەیی ریفۆرم بکرێت، ئەگەرنا من بڕوام بە پینە و پەڕۆ نییە. سەبارەت بە تێڕوانینی کوردیش بۆ ئایین، دیارە ئیسلامی کوردەواری ئیسلامێکی ئاشتیخوازە، مەلای مێزەر سپی و شێخانی تەریقەت و زانایانی ئایینی کوردستان لەناو کۆمەڵگە رەمزی ئاشتی و ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك بوون و ئاشتیی کۆمەڵایەتییان پاراستووە، لە زۆر حاڵەتدا بۆ داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەکەمان ئامادە بوون، هەموو شۆڕشەکانی پێشتری کوردستان، شێخانی تەریقەت وەك شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبێدولڵای نەهری و سەید تەها و شیخ عەبدولسەلامی بارزانی سەرکردایەتییان کردووە.

*** گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە و بەدرێژایی مێژووش پابەندبووە بە بنەماکانی ئیسلام، ئایا لە کۆمەڵگەیەکی وەك کوردستان، پێویستە حزبی ئیسلامی و بانگخوازی ئیسلامی هەبێت؟ ئایا کە گەلەکە خۆی موسڵمان بێت، بۆچی جارێکی دیکە بۆ ئیسلام بانگهێشت دەکرێتەوە؟**

- من زۆر جار ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم ئایا حزبی ئیسلامی پێویستە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: نەك هەر حزبی ئیسلامی، بەڵکو هیچ حزبێکی ئایدیۆلۆژی بۆ کۆمەڵگە پێویست نییە، لە کۆمەڵگە پێویستمان بە حزبی لیبراڵی هەیە، واتە حزبێك بنەماکانی سیاسەت بۆ دەوڵەتداری دابڕێژێت، پرۆژەی سیاسی هەبێت، نەك پرۆژەی ئایدیۆلۆژی و ئەوەی پێی دەگوترێت حزبی شمولی یان تۆتالیتاری. بوونی حزبی ئایدیۆلۆژی لە کۆمەڵگەی کراوە و لیبراڵدا هیچ مانایەکی نابێت، حزبە ئیسلامییەکانیش بەشێکن لە حزبی ئایدیۆلۆژی، بۆیە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە حزبی ئیسلامی هیچ مانایەکی نییە، سەرکردایەتی حزبە ئیسلامییەکانیش خۆیان ئەم راستییە دەزانن و دەزانن حزبی ئیسلامی شتێکی بێمانایە، بەڵام ئەگەر پاشگری ئیسلامییەکە لە خۆیان بکەنەوە، کەس شوێنیان ناکەوێت، هەر بۆ نموونە، ژنێکی بەتەمەن گوتبووی من بۆیە دەنگ بە فلان مەلا دەدەم، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان دوعام بۆ بکات، پرسیار ئەوەیە ئایا پەرلەمان شوێنی دوعاکردنە، یان شوێنی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە؟ سەبارەت بەوەشی پێی دەگوترێت بانگخواز، یان دەعوە، بە درێژایی مێژوو بانگخوازی و دەعوە بۆ کافر بووە، بۆ موسڵمان دەبێت رێنمایی و مەوعیزە هەبێت، بەڵام ئیخوان موسلیمن کە کۆمەڵگەی بە هەڵگەڕاوە و مورتەد لە ئیسلام سەیر کردووە، دووبارە کۆمەڵگەیان بانگ کردۆتەوە بۆ ئیسلام، بۆیە بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی بانگخواز شتێکی بێمانایە، دەبێت لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا رێنمایی و مەوعیزە هەبێت، نەك دەعوە و بانگخوازی.

**ئەم شەڕ و شۆڕەی پەکەکە دەیکات، هێندەی دژی پەیەدە و عەبدوڵا ئۆجەلانە هێندە دژی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نییە، ئەمە لەباربردنی هەوڵەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش و ئوجەلانە کە هەوڵیان بۆ دەدا و دەیانویست بە شێوازی ئاشتی شتێک بۆ کوردی باکوور بەدەست بهێنن**

**سەبارەت بەو دابەشکردنەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت ناوچەکە بە خۆیەوە ببینێ، بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نابێت، ئەمجارەیان دەوڵەتانی زلهێز نایانەوێت ئەو دابەشکردنە بەدەستی خۆیان بێت، بەڵکو دەیانەوێت گەلانی ناوچەکە خۆیان سنوورەکان دابڕێژنەوە، ئێستا کوردستانی باشوور خۆی سنووری خۆی دیار کردووە**

**رووسیا کە هاتۆتەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمجارەیان دەیەوێت پشکی لە گۆڕانکارییەکاندا هەبێت، لەم ناوچەیەدا ئەو ناوچەیەی پێی دەگوترێت (هیلالی خەسیب) یان ئەوەی پێی دەگوترێت (عێراق و شام)، لە ساتەوەختی ئەوەدایە دووبارە دابەش بکرێتەوە، ئەم دابەشکردنەوەیەش بەوجۆرە دەبێت کە تەماحی هێزە گەورەکان پڕبکاتەوە و ئەو نیگەرانییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە نەمێنێت**

# کێشەی نەبوونی فەلسەفە لە سیاسەتی ئابووریی کوردستاندا



د. لەتیف کەریم واحید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیاسەتمەدارانی کوردستان کەم تا زۆر تا ئێستا بۆ ئابووریی کوردستان باس لە بازاڕی ئازاد دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدا کە حکومەت گەورەترین وەبەرهێن و زۆرترین ژمارەی کارمەندی لە چاو بازاڕی ئازاد هەیە، لە هەمان کاتدا وەزارەتێکیشی بە ناوی وەزارەتی پلاندانان هەیە، ئەمانەش هەموویان لە ڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە دژبەیەکن، لە هەمان کاتدا خۆی لە خۆیدا نەبوونی فەلسەفەیەکی ڕوون بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردن و پێشخستنتی ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت. ئەو سیاسەت و ڕوانگەیە لە ڕووی فەلسەفەی ئابوورییەوە دوو کێشەی سەرەکییان هەیە. یەکەم: پێشبینی دەکرێت لە سایەی بازاڕی ئازاددا حکومەت هیچ دەستێوەردانێک لە بازاڕدا نەکات، جگە لە دانانی چوارچێوەی یاسایی بۆ کارکردنی بازاڕ، بەڵام حکومەت نەک هەر دەست وەردەدا لە کاروباری بازاڕدا، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی دەستێوەردانەوە بازاڕی کاریشی بە خراپ تێکداوە. دووەم: لەو سیاسەتەدا، حکومەت بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی هەستیاریی قۆناغی گەشەکردنی ئابووریی کوردستانی وەک ئابوورییەکی ناگەشەکردوو نەکردووە. هەر بۆیە زۆربەی گوتارەکان قسەی سەرزارەکین و هیچ تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی ئەکادیمیانەیان لە پشتەوە نییە، ئەم خاڵەش پێویستی بە هەڵویست و شیکردنەوەی تایبەتی خۆی هەیە.

### ● فەلسەفەی بازاڕی ئازاد

چەمکی فەلسەفەی بازاڕی ئازاد، سەرچاوەی لە ڕوانگەی گەورە ئابووریناسی بەریتانیاوە، ئادەم سمیس-ەوە (Adam Smith 1723-1790) هەڵگرتووە. ئادەم سمیس لە کتێبە بەناوبانگەکەی، سامانی وڵاتان (The Wealth of Nations) باس لەوە دەکات



کە ئەگەر حکومەت دەست لە کاروباری ئابووریی وڵاتدا وەرنەدات، ئەوا دەستێکی شاراوە هەیە کە هەموو کات ئابووری دەهێنێتەوە باری هاوکێشەیی. بە واتا هێزەکانی داخوازی و خستنەڕوو هەموو کات یەکسان دەبن. ئادەم سمیس ئەرکەکانی حکومەت لە ئابووریدا لەوەدا دەبینێتەوە کە دەبێت چوارچێوەی یاسایی بۆ کاروبار و ئاڵوگۆڕەکان دابنێت و ئەمن و ئاسایشی بازاڕ و نەتەوە بپارێزێت. لێرەدا، ئادەم سمیس دانی لە سەر دوو هێزی بازاڕ بۆ پێشکەوتنی ئابووری داگرتووە. یەکەم: دابەشکردنی کار، دووەم: یاسای کەڵەکەکردنی سەرمایە. لە ڕوانگەی ئادەم سمیسەوە، کەڵەکەکردنی سەرمایە و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پسپۆڕیی کرێکار و بازرگانیی ئازاد سەرچاوەی گەورەبوونی سامانی نەتەوەن.

بیروباوەڕەکانی ئادەم سمیس لە کاتێکدا برەوی سەند کە بەریتانیا بە شۆڕشی پیشەسازیدا تێدەپەڕی (١٧٥٠-١٨٤٠). ئەم قوتابخانەیە بوو بە بناغەی سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئابووریی لیبراڵی کە بە مانچیستەر لیبراڵەکان ناوبانگی دەرکردبوو. لە پاڵ ئەم ڕوانگە و بۆچوونەدا، قوتابخانەی مارکسیزم لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بڕوای وابوو سەرمایەداری قۆناغێکی گوزەرییە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و خۆی لە ناخی خۆیدا کێشەی گەشەکردنی دیالێکتیکی هەیە کە تۆوی لەناوبردنی خۆی دەچێنێت. بە بڕوای کارل مارکس (Karl Marx, 1818-1883) شێوەی خاوەندارێتی تایبەتی و پێوەندیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دوو جەمسەری دژبەیەکن و لە ئەنجامی ئەمەشدا سەرمایەداری لە ناو دەچێت. لە دەرەوی قوتابخانەی مارکسیزم، بیروڕاکانی قوتابخانەی ئابووری

**زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سیاسەتی ‹بگەم بە دراوسێکانمدا›یان پەیڕەوکرد. واتە پلاندانان بۆ ئەوەی لە ڕووی گەشەکردنی ئابوورییەوە بگەنە دراوسێکانیان بە تایبەتی ژاپان. هەر بۆیە پلانی پێنج ساڵە و دە ساڵە و تەنانەت بیست و پێنج ساڵەشیان هەبوو. بۆیە حکومەتی کوردستانیش دەبێت سەیری ئابووری دراوسێکانی بکات و پلان دابنێت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا بەوان بگات**

**پێویستە حکومەت یارمەتی کەرتی تایبەت بدات بۆ بەرهەمهێنانی نوێ، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە لە بەرژەوەندی نەتەوەدان. ئەمەش ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە کەرتی تایبەت لە بەر هۆکاری مەترسی، یا کەم ڕێژەی قازانج ئارەزووی دامەزراندیانی نییە، هەرچەند بە پیشەسازی ستراتیجیش هەژماربکرێن. لەو بوارانەدا، ئەرکی حکومەتە مامانی لە دایکبوونی ئەو پیشەسازییانە بکات**

**لە کوردستاندا هەرچەندە ڕەنگە یاسای هاوشانی یاساکانی وڵاتانی پێشکەوتوو هەبن، بەڵام حکومەت توانا و دەزگای پێویستی بۆ جێبەجێکردنیان تا ئێستا نییە**

لیبراڵەکان لە ڕووی سیاسەتی حکومەتەکانی ئەو کاتەی بەریتانیا و ئەورووپاوە بە تەواوی پەیڕەوی لێدەکرا.

قەیرانی کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو کە بە نشێوی مەزن (The Great depression) ناوبانگی دەرکردووە، قوتابخانەی ئابووریی لیبراڵی خستە ژێر پرسیارەوە. لەو قەیرانەدا کە هەموو سیستەمی سەرمایەداری گرتبووەوە، دەیان هەزار کۆمپانیا تێکشکان و ڕێژەی هەڵئاوسان هێندە بەرز بووەوە کە لە هەندێ وڵاتی وەک ئەڵمانیادا گەیشتبووە ٢٠٠٠٪ ، لە هەمانکاتدا ڕێژەی بێکاری لە ڕادەبەدەر بەرز بووبووەوە و نرخی کاڵا خاوەکانیش داشکاندنێکی یەکجار زۆریان بەسەردا هاتبوو.

ئابووریناسان، بەتایبەت جۆن ماینەرد کێنزی بەریتانی (John Maynard Keynes, 1883-1946) پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە بۆچی سەرمایەداری تووشی ئەم نوشستییە گەورەیە بووەتەوە لە کاتێکدا حکومەتەکان بە پێی پەیڕەوی کردنی قوتابخانەی ئابووری لیبراڵیزم هیچ دەستێوەردانێکیان لە بازاڕی ئازاددا نەکردووە! لە وەڵامدا، کێنز گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سەرمایەداری خۆی کێشەی بنچینەیی هەیە، تەنانەت ئەگەر حکومەتیش هیچ دەستێوەردانێک لە بازاڕدا نەکات، ئەوا سیستەمی ئابووریی سەرمایەداری هەر تووشی قەیران دەبێت. بۆیە ئامۆژگاری حکومەتەکانی کرد کە دەبێت بە شێوەیەکی کارا هەوڵبدەن لە هەڵبەز و دابەزەکانی بازاڕی ئازاد کەم بکەنەوە، بەوەی کەرتی گشتی (کەرتی حکوومی) نەخشێکی زۆر کارای لە ئابووریدا هەبێت. هەر دوای جەنگی جیهانی دووەم، حکومەتەکانی ئەورووپا بەتایبەتی بەریتانیا پەیڕەوی سیاسەتە ئابوورییەکانی کێنزیان کردو هەموو گەورە پیشەسازییەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە و حکومەت بوو بە گەورەترین بەکاربەری هێزی کار. ئەو ماوەیە هەتا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، ئابووریی وڵاتە ئەورووپییەکان گەورەترین ڕێژەی گەشەکردنی ئابوورییان کرد و ڕێژەی بێکارییان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزاند.

ئەڵبەتە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا قوتابخانەی کێنزیەنیزم تووشی کێشە بوو. لە ساڵی ١٩٧٣ نرخی نەوت لە بازاڕدا سێ قات بەرزبووەوە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا. قەیرانەکە بە شێوەیەک بوو کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکان و بناغەکانی قوتابخانەی کێنزیەنزمەوە، ڕێژەی بێکاری و هەڵئاوسانی نرخ لە هەمان کاتدا زۆر بەرزبوونەوە. نەبوونی لێکدانەوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەو دیاردەیە ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنەکایەی قوتابخانەی ئابووری لیبراڵی نوێ کە دەستێوەردانی حکومەتی بە هۆکاری سەرەکی دەزانی بۆ سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە. بۆیە ئەو قوتابخانە نوێیە جاڕی بۆ بە تایبەتی کردنی پیشەسازییەکانی حکومەت دا، لە هەمان کاتدا بە پێویستی زانی کە حکومەت چیدی دەست لە کاروباری ئابووری وەرنەدا و قەبارەی خۆی بچووک بکاتەوە. لەو کاتەوە، ئەم قوتابخانەیە زاڵە لە ڕووی سیاسەتی ئابووریی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

### ● ئەزموونی وڵاتە هەژارەکان

بەسەرهاتی وڵاتانی هەژار، ناسراو بە وڵاتانی جیهانی سێیەم، زۆر جیاوازە لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان. زۆربەی ئەو وڵاتانە لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا سەربەخۆییان لە وڵاتانی داگیرکەری ئیمپریالی بەدەستهێنا. بە پێچەوانەی پێشبینی سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی جیهانەوە، گەشەکردنی ئابووریی ئەو وڵاتانە بەو شێوەیە نەبوو کە بۆ پێشکەوتنی کومەڵایەتی و سیاسی ڕێگە خۆش بکات. هەرچەندە هەندی ئابووریناسی ڕۆژئاوایی ئازادبوونی ئەو وڵاتانە لە دەست داگیرکەرانیان بە دووریانی وەرچەرخان (Critical Juncture) ناودەبەن و لۆمەی ئەو وڵاتانە دەکەن کە ئەو هەلەیان نەقۆستەوە بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو وڵاتانە لە ڕووی مێژوویی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە ئامادە نەبوون بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە. هەر لەبەر هەمان هۆ، لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دیکتاتۆری تاکە کەسی یا دیکتاتۆری سوپا فەرمانڕەواییان گرتەدەست و ئەو سامانە سنووردارەی کە وڵاتەکانیان هەیانبوو، بەفیڕۆیان دا. هەر لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوودا بەرەی یەکێتی سۆڤیێت بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئاستەمە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە سایەی سەرمایەداری جیهاندا گەشە بکەن، چونکە وڵاتە ئیمپریالیستەکان ناهێڵن تەکنەلۆجیایان پێبگات و لە بەرژەوەندی وڵاتانی گەشەکردوودا نییە وڵاتانی هەژار پێشبکەون. هەر بۆیە جاڕی ئەوەیان دەدا کە ئەو وڵاتانە دەبێت ڕێگای سۆشیالیستی هەڵبژێرن و بە یارمەتی بەرەی سۆشیالیستی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی بەدەست بهێنن. ئەڵبەتە لەو

**ڕێژەی سەدی گەشەکردنی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس بە پێی کۆی گشتی بەرهەمهێنانی ناوخۆ بە دۆلاری ئەمریکی نەگۆڕ . ١٩٧٠-٢٠٠٥**

| ناوچە جیاوازەکانی جیهان | ١٩٧٠ ١٩٧٥ | ١٩٧٥ ١٩٨٠ | ١٩٨٠ ١٩٨٥ | ١٩٨٥ ١٩٩٠ | ١٩٩٠ ١٩٩٥ | ١٩٩٥ ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠ ٢٠٠٥ | ١٩٧٠ ٢٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسفیک | ٣,٨ | ٥,٢ | ٥,٩ | ٥,٨ | ٨,٩ | ٥,٣ | ٧,٣ | ٦,٠ |
| ئەمریکای باشوور و وڵاتانی کاریبی | ٣,٤ | ٢,٩ | ١,٦- | ٠,١٦- | ١,٧ | ١,٦ | ٠,٩ | ١,٣ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا | -- | ٠,٧ | ١,٥ | ١,٢- | ١,٤ | ٢,٤ | ٢,٢ | ١,١ |
| باشووری ئاسیا | ٠,٠٣- | ١,٣ | ٣,١ | ٣,٦ | ٣,٠ | ٣,٥ | ٤,٦ | ٢,٧ |
| نیمچە بیابانەکانی ئەفریقا | ٢,٠ | ٠,٠٧- | ١,٧- | ٠,٣٥- | ١,٤- | ٠,٨ | ٢,٠ | ٠,١ |
| وڵاتە کەم دەرامەتەکان | ٠,٤ | ٠,٩ | ٢,٣ | ٢,٧ | ١,٧ | ٢,٩ | ٤,١ | ٢,٠ |
| وڵاتە بەرزدەرامەتەکان | ٢,٤ | ٢,٨ | ١,٩ | ٢,٩ | ١,٧ | ٢,٠ | ١,٥ | ٢,٢ |

**سەرچاوە:** .World Bank, World Development Indicators Online

ڕوانگەیەوە تێزێکی ئابووری هەڵقوڵا کە پێی دەگوترا: تێزی وابەستەیی (Dependency Theory) کە لەم وتارەدا بوار نییە بە ورد و درشتیدا بچینەوە. هەر بە بیانووی هەمان هۆ، یەکێتی سۆڤیێت پشتیوانی سەرسەختی لە گەلێک ڕژیمی دیکتاتۆری وەک ڕژیمی جەمال عەبدول ناسر و حافیز ئەسەد و ڕژیمی بەعسی بەغدا و دەیەها ڕژیمی دیکتاتۆری خۆێنڕێژی لەو جۆرەی کرد.

لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە هۆی چەند هۆکاری لە یەک جیاواز، وڵاتانی هەژار (گەشەکەر) بوون بە ژێر هاواری قەرزێکی دەرەکی بێ ئەندازەوە. ئامۆژگاری سەندوقی دراوی جیهانی (International Monetary Fund) و بانکی جیهانی (The World Bank) کە لە ژێر کارتێکەری ئایدیۆلۆجی لیبراڵی نوێدا بوون، ئەوە بوو کە ئەو وڵاتانە دەبێت پەیڕەوی بنەڕەتەکانی بازاڕی ئازاد بکەن و قەبارەی کەرتی گشتی کەم بکەنەوە و ئابوورییان بە تەواوی ئازاد بکەن لە دەستی دەستێوەردانی حکومەتەکانیان، ئەگینا ئەو دوو ڕێکخراوە ئامادە نین هیچ کۆمەکێکی دارایی ئەو وڵاتانە بکەن. ئەمەش بوو بە پێشمەرجی یارمەتی و قەرز پێدان.

لە ژێر کارتێکەری ئەو پاڵەپەستۆیەدا زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتینی دەرگای بازرگانیان ئاواڵا کرد و کۆمەکە ئابوورییەکانیان بۆ پیشەسازی و کاروبارە ئابوورییەکانیان بڕی و کەوتنە ژێر ڕکێفی ئەو دوو ڕێکخراوە جیهانییەوە، دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەش بۆ وڵاتە گەشەنەکردووەکان بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی قوتابخانەی لیبراڵی نوێوەماڵوێرانی و پاشکەوتنی ئابووری بەسەرهێنان.

گەر بڕوانینە خشتەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای باشوور لە دەیەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا نەک هەر گەشەی ئابوورییان لە سایەی ئەو سیاسەتەی لیبراڵی نوێدا نەکرد بەڵکو ئابووریان بە شێوەیەکی بەرچاو داچوو. هەر بۆیە زۆر لە ئابووریناسان ئەو دوو دەیەیە بە دەیەی وونبوو ناوزەد دەکەن. لە لایەکی دیکەوە تەنانەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاش گەشەیەکی ئابووری ئەوتۆیان نەکرد لەو دوو دەیەیەدا. زۆر ئابووریناسان لەو بڕوایەدان کە ئایدیۆلۆجی لیبراڵی نوێ کێشەی زۆر گەورەی هەیە بۆ وڵاتانی گەشەکەر. لەوانە، شکستی بازاڕ، نەبوونی ڕوانگەیەکی ئاشکرا بۆ ئابووریی نیشتمانی لە لای بازاڕی ئازاد و زاڵبوونی کۆمپانیا فرەنیشتمانییەکان (Multinational Corporation) و ڕیگەگرتن لە کەڵەکەکردنی سەرمایە کە زۆر پێویستە بۆ دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی وڵات لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنی ئابووری و نەبوونی دامودەزگای پێویست لە وڵاتانی هەژاردا بۆ سەرپەرشتیکردنی کێشەکانی بازاڕی ئازاد و زۆری تر. لە هەمان کاتدا، بازاڕی ئازاد نەک

**تەنیا پشتبەستن بە داهاتی نەوت بۆ کوردستان مایەی شکستی ئابوورییە. بۆیە پێویستە لێرەدا باس لەو چوارچێوە فەلسەفییە ئابوورییە بکەین کە حکومەتی کوردستان دەبوایە و ئێستاش دەبێت بەهەند وەری بگرێت، ئەگەر بیەوێت لە درێژخایەندا وەک حکومەتێکی مۆدێرن ڕەفتار بکات**

**حکومەت نەک هەر ڕوانگەیەکی تایبەتی بۆ گەشەکردنی ئابووری پاشەڕۆژی کوردستان نەبووە، بەڵکو تا ئێستا لە گێژاوەیەکی سیاسی ئابووریشدا سەرەوکاری ئابووری کوردستانی کردووە**

**حکومەتی گەشەکەر ئەو حکومەتەیە کە هێندە هێز و توانای سیاسی و ئابووری هەیە کە بتوانێ چوارچێوەیەک بدا بە ئابووریی وڵات و هەوڵبدات ڕێژەیەکی گەشەکردنی ئابووری بەدیبهێنێت کە بە گەشەکردن بناسرێت، ئەو ڕێژەیەش دەبێت لە ٥٪ کەمتر نەبێت**

هەر تێگەیشتنی نییە بۆ تەندروستی و کارایی ئابووری نیشتمانی، بەڵکو بەلاشییەوە مەبەست نییە، چونکە بازاڕی ئازاد ڕەهەند و ئامانجی خۆی هەیە کە جیاوازە لە ڕەهەند و ئامانجی نیشتمانی و گەشەکردنی کۆی ئابووریی نیشتمانێک.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە، ئەزموون و ئاڕاستەی گەشەکردنی وڵاتانی باشووری ئاسیایە کە بە پێچەوانەی فەلسەفەی بازاڕی ئازادی لیبراڵی نوێوە بەڕێوەچووە. بە پێچەوانەی وڵاتانی ناوچەکانی دیکەی جیهانەوە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاسفیک کە ئوستراڵیا و یابان و کۆریای باشوور و تایوان و تایلاند و سنگاپور و هۆنگ کۆنگ و چین و مالیزیا و نیوزیلەند و فلیپین و کەمبۆدیا و هەندی وڵاتی بچووکی دیکەش دەگرێتەوە لە تەواوی دەیەکانی هەشتاکانەوە هەتا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٥ کە خشتەکە دەیگرێتەوە گەشەکردنێکی ئابووری بێ وێنەیان بە خۆوە بینی.

● **حکومەتی گەشەکەر** (Developmental State)

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەو نهێنییە گەورە و چارەنووسسازە چییە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای لە وڵاتانی هەژاری دیکەی جیهان جیاکردووەتەوە؟ ئابووریناسان لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا بەو بڕوایە گەیشتن کە هۆکاری سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەخشی حکومەتە لە ئابووریدا. هەر لەو دەمەوە زاراوەی حکومەتی گەشەکەر هاتەکایەوە. ئەڵبەتە بیرۆکەی چەمکی حکومەتی گەشەکەر دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی چالمەر جۆنسن (Chalmers Johnson 1931-2010) لە بارەی گەشەکردن و نۆژەنکردنەوەی ئابووری یابانەوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە. هەر لەو دەمەوە مشتومڕێکی زۆر کراوە لە سەر پێکهاتەکانی حکومەتی گەشەکەر. بە کورتی حکومەتی گەشەکەر ئەو حکومەتەیە کە هێندە هێز و توانای سیاسی و ئابووری هەیە کە بتوانێ چوارچێوەیەک بدا بە ئابووریی وڵات و هەوڵبدات ڕێژەیەکی گەشەکردنی ئابووری بەدیبهێنێت کە بە گەشەکردن بناسرێت، ئەو ڕێژەیەش دەبێت لە ٥٪ کەمتر نەبێت. بە واتەیەکی دیکە، ئامانجی سەرەکی حکومەتی گەشەکەر گەشەکردنی ئابوورییە و هەموو سیاسەتەکانی لە پێناوی ئەو ئامانجەدا چوارچێوە دەگرێت.

بێگومان، حکومەتی گەشەکەر پێکهاتە و خەسڵەتگەلێکی خۆی هەیە کە لەمانەدا کۆ دەبنەوە: هەبوونی هەڵبژاردەیەکی خاوەن دیدی گەشەکردن، ئۆتۆنۆمی حکومەت لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتێکی بیرۆکراتی کە بتوانێ چوارچێوە و ڕواڵەتی گەشەسەندن بە ئابووریی وڵات بدات. لاوازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەدەستهێنانی ڕەوایی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەدای فەرمانڕەوایی سەرکەوتووانەوە. بە واتایەکی دیکە، حکومەتی گەشەکەر ئەو حکومەتەیە کە ڕوانگەیەکی گەشەکەردنی درێژخایەنی هەیە بۆ ئابووریی وڵات و کەرەسە و ئامرازەکانیشی (سەرمایەی پێویست و هێزی کاری کارامە) بۆ دەگونجێنی.

● **کوردستان و فەلسەفەی ئابووری**

پێی ناچێت حکومەتی کوردستان هیچ خەسڵەتێکی حکومەتی گەشەکەری تێدا بەدیبکرێت لە چەشنی ئەوانەی لە سەرەوە باسکران. حکومەت نەک هەر ڕوانگەیەکی تایبەتی بۆ گەشەکردنی ئابووری پاشەڕۆژی کوردستان نەبووە، بەڵکو تا ئێستا لە گێژاوەیەکی سیاسی ئابووریشدا سەرەوکاری ئابووری کوردستانی کردووە. ڕاستە ماوەیەک بەڵێنی ئەوەی کوردستان وێنەی دوبەی لێدەکەین، دووبارە بووەتەوە، بەڵام دوبەی هیچ کات مۆدێلێکی گەشەکردنی ئابووری نەبووە بۆ کوردستان. گەر هەموو تایبەتمەندییەکانی دوبەی بەلاوە بنێین، تەنیا پشتبەستن بە داهاتی نەوت بۆ کوردستان مایەی شکستی ئابوورییە. بۆیە پێویستە لێرەدا باس لەو چوارچێوە فەلسەفییە ئابوورییە بکەین کە حکومەتی کوردستان دەبوایە و ئێستاش دەبێت بەهەند وەری بگرێت، ئەگەر بیەوێت لە درێژخایەندا وەک حکومەتێکی مۆدێرن ڕەفتار بکات.

بە کورتی نەخشە ئابوورییە مێژووییەکانی حکومەتی کوردستان دەبێت لەمانەی خوارەوەدا بەدی بێت:

یەکەم: نەخشی سەرپەرشتیار؛ دەبێت حکومەت ئەرکی یاسادان و جێبەجێکردنیان بگرێتە ئەستۆ. لە کوردستاندا هەرچەندە ڕەنگە یاسای هاوشانی یاساکانی وڵاتانی پێشکەوتوو هەبن، بەڵام حکومەت توانا و دەزگای پێویستی بۆ جێبەجێکردنیانی تا ئێستا نییە.

دووەم: نەخشی بەرهەمهێنەر؛ پێویستە حکومەت سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social overhead) پێویست بەرهەم بهێنێت کە ڕێگە خۆشبکات بۆ گەشەکردنی

ئابووری. بۆ نموونە جادەوبان و قوتابخانە و خەستەخانە و باخچە و جێگە گشتییەکان و...تاد.

سێیەم: نەخشی مامانی؛ پێویستە حکومەت یارمەتی کەرتی تایبەت بدات بۆ بەرهەمهێنانی نوێ، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە لە بەرژەوەندی نەتەوەدان. ئەمەش ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە کەرتی تایبەت لە بەر هۆکاری مەترسی، یا کەم ڕێژەی قازانج ئارەزووی دامەزراندیانی نییە، هەرچەند بە پێشەسازی ستراتیجیش هەژماربکرێن. لەو بوارانەدا، ئەرکی حکومەتە مامانی لە دایکبوونی ئەو پیشەسازییانە بکات.

چوارەم: نەخشی شوانێتی؛ پێویستە حکومەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و لە دەرەوەی دامەزراندن و گەشەپێدانی کەرتی نەوت و گاز ئەرکە ئابوورییەکانی وەک حکومەتێکی گەشەکەر بەجێنەهێناوە. لە ڕووی ژێرخانی ئابوورییەوە کە نەخشی دووەم دەگرێتەوە، حکومەت تا ڕادەیەک کاری لە سەر کردووە، بەڵام زۆر بە نیوە ناچڵ کە حەسوودییان پێنابرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سیاسەتی ‹بگەم بە دراوسێکانمدا›یان پەیڕەوکرد. واتە پلاندانان بۆ ئەوەی لە ڕووی گەشەکردنی ئابوورییەوە بگەنە دراوسێکانیان بە تایبەتی یابان. هەر بۆیە پلانی پێنج ساڵە و دە ساڵە و تەنانەت بیست و پێنج ساڵەشیان



هەوڵی دامەزراندنی پیشەسازی نوێ بدات و ڕێگە خۆشکردنیان بۆ سازبکات. بۆ نموونە، بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوە و گەشەپێدان ئەرکی حکومەتی گەشەکەرە و سوودەکانی بۆ هەموو نیشتمانە، بەڵام تێچووی زۆریان هەیە کە کەرتی تایبەت لە وڵاتانی هەژاردا توانای پاڵپشتکردنیانی نییە. لە هەمان کاتدا، هەندێ لایەنی پیشەسازی هەن کە تەکنەلۆجیای گرانبەها، یا ئاڵۆزیان پێویستە کە کەرتی تایبەت نە ئامادەیی هەیە بەکاریان بهێنێت و نە سەرمایەی ئەوتۆی هەیە بەدەستیان بهێنێت. لێرەدا ئەرکی حکومەتە ڕێ خۆش بکات بۆ وەدەستهێنان و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای لەو جۆرە کە بایەخی ستراتیجیان بۆ ئابووری و ئاسایشی نیشتمان هەیە.

بەداخەوە گەر بەو نەخشانەدا بچینەوە تێدەگەین کە حکومەتی کوردستان زۆر کەم لەو نەخشانەی هەبوو. بۆیە حکومەتی کوردستانیش دەبێت سەیری ئابووری دراوسێکانی بکات و پلان دابنێت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا بەوان بگات. تەنیا پشت بەستن بە داهاتی نەوت، وڵاتی شکستخواردوو درووست دەکات و ئێستا هەموو گەلی کورد باجی ئەو سیاسەتە نادروستە دەداتەوە. هەرچەندە ئێرە جێگەی ئەوە نییە بڵێین کە هەوڵەکانی چاکسازی ئێستای حکومەت لە کاتی قەیرانی دارایی ئێستادا ناچنە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی لەو چوار نەخشەی سەرەوەدا بەدی دەکرێن. لەوە دەچێت کە حکومەتی کوردستان جارێکی دی چاوەڕوانی ئەوە بێت نرخی نەوت بەرزببێتەوە و لە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی ئابووریی جارانی بەردەوام بێت. گەر وابێت، کوردستان وەک هەموو وڵاتە نەوتییەکان لە جەژنەوە چاوەڕوانی قاتوقڕییەکی دیکە دەکات.

**ئابووریناسان لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا بەو بڕوایە گەیشتن کە هۆکاری سەرەکی بۆ گەشەکردنی ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەخشی حکومەتە لە ئابووریدا. هەر لەو دەمەوە زاراوەی حکومەتی گەشەکەر هاتەکایەوە**

**گەورەترین وەبەرهێن و زۆرترین ژمارەی کارمەندی لە چاو بازاڕی ئازاد هەیە، لە هەمان کاتدا وزارەتێکیشی بە ناوی وزارەتی پلاندانان هەیە، ئەمانەش هەموویان لە ڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە دژبەیەکن، لە هەمان کاتدا خۆی لە خۆیدا نەبوونی فەلسەفەیەکی ڕوون بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردن و پێشخستنتی ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت**



## حوسەین مەدەنی
### ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پەکەکە بۆتە بەڵا بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بڕواشی بە سەربەخۆیی کوردستان نییە

گۆڕانکاری ریشەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکە لە تیۆرەوە دەبێتە ئەمری واقیعێك کە چیتر سیاسەت دروستکەرانی جیهان نەتوانن خۆی لێ بدزنەوە، یان فەرامۆشی بکەن، ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەو بارودۆخەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، تەنانەت لە سەردەمی هاتنی مەغۆلەکانیشدا بەو ئاستە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری نەگرتۆتەوە، کوردستان کە بەشێکە لەم ناوچە گڕگرتووە، بۆتە توخمێکی سەرەکی هاوکێشە سیاسییەکان و لە دووبارە دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە و ئەو توخمەیە کە قسەی جدی لەسەر دەکرێت و هەڕەشەی جدیشی لێدەکرێت. سەبارەت بە پێگەی کوردستان و کۆی بارودۆخی ناوچەکە، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ حوسەین مەدەنی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە رایەکانی خۆی خستەڕوو.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناخێکی هێندە ئاڵۆز و ناسەقامگیردا تێدەپەڕێت، کە هەندێك پێیانوایە هەتا لە سەردەمی مەغۆلەکانیشدا ئەوەندە ناسەقامگیر و پڕئاژاوە نەبووە، ئایا چۆن واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە و پێگەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا چۆنە و تا چەند ئومێد هەیە ئەم بارودۆخە ببێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، لانیکەم لە باشوور؟**

- ئەگەر لە دۆخی ئێستای ناوچەکە بڕوانین، ئەوا لە دوای ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی ئێستا ئاڵۆز نەبووە، چونکە ئێستا هەلومەرجەکە یەکجار ئاڵۆزە. سایکس-پیکۆ دوو غەدری گەورەی لە کورد کرد، یەکەمیان ئەوە بوو کوردی بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرد، سەرەنجام کوردیش بووە پاشکۆی ئەو دەوڵەتانە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بەریتانی و فەرەنسیەکان لە سایکس پیکۆدا ئەم کارەیان کرد؟ بێگومان دیارە کاتێك ئەوان نەخشەیان بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داڕشت، بینییان کە کوردستانێکی پان و بەرین هەیە و ڕووبەرەکەی ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و پێگە و هەڵکەوتەیەکی زۆر ستراتیژی هەیە و خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆریشە، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن کوردستان کۆنترۆڵ بکەن، لەبەر ئەوە هاتن کوردستانیان بەسەر چوار دەوڵەت، یان سێ نەتەوەی تورك و فارس و عەرەبدا دابەش کرد. دەوڵەتی نەتەوەیی تێزێك بوو فەڕەنسییەکان هەڵگری بوون. ناوەڕۆکی تێزەکەشیان ئەوە بوو کە ئەگەر دەوڵەتت هەبوو، ئەوا نەتەوەت هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر دەوڵەتت نەبوو، ئەوا خاوەنی نەتەوەش نیت. ئەمە یەکێکە لەو کێشە گەورانەی تا ئێستاش کورد بە دەستیەوە دەناڵێنێت. هەروەها ئەگەر لە نەخشەی جوگرافی ئەم ناوچەیە بڕوانین، ئەوا دەبینین کوردستان دەکەوێتە نێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و پێگەیەکی ستراتیژی و جیوپۆلەتیکی یەکجار هەستیاری هەیە. لەبەر ئەوە تێڕوانینی من ئەوەیە تاوەکو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست نەبێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایش و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.

*** ئایا ئەم گرنگیەی پێگەی جوگرافی کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە هەڵکەوتەیەکی جیۆپۆلەتیکی یەکجار گرنگی هەیە و لە سەدا ٦٠ی یەدەگی نەوت و غازی جیهانی تیدایە. بەشێکی ئەو نەوت و غازەش کەوتۆتە کوردستانەوە. بۆیە من باوەڕم بەو تێزە هەیە کە دەڵێت هەرکەس کوردستانی بە دەستەوە، بێت ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە دەستەوەیە، پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستانیش لەم ناوچەیە بە شێوەیەکە کە لە لایەك پەیوەستە بە ناوچەی ئەنادۆڵ-ەوە، واتە بە فوراتی ئەنادۆڵی تورکیاوە، لە لەلایەکی دیکەوە کوردستان گرێدراوە بە خاکی نێوان دوو ڕووبار (بین النهرین)، واتە چیای حەمرین-یش دەبێتە هێڵی درێژبوونەوەی جوگرافیای دەوڵەتی کوردستان و ئەگەر کۆنترۆڵی بکەیت ئەوا مانای وایە زاڵ دەبیت بە سەر خاکی نێوان دوو ڕووباردا. لە لایەکی دیکەوە زنجیرە چیای زاگرۆس هەیە کە زاڵە بە سەر دەشتاییەکانی ئێراندا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەر کەسێك کوردستان کۆنترۆڵ بکات، ئەوا دەتوانێت بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بێت، لەمەوە تێدەگەین کە لەخۆڕا نییە ئەو کێشە و ئاڵۆزییانە بەردەوام بوون. دواتر دەبینین لە سەرەتای ئەم سەدەیە، سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش هات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی تەرح کرد کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردیش لەخۆدەگرێت. هەروەك بینیشمان کاتێك ڕژێمی سەدام حوسێنی ڕووخاند، ئیدارەی ئەمریکی حکومەتی هەرێمی کورستانی وەك ئەمری واقیع هێشتەوە، هاوشان بەوە شیعەکانی لە دەسەڵاتی حوکمڕانی سوننەکان هێنایە دەرێ.

*** بەڵام ئێستا ڕووسیاش هاتۆتە ناوچەکە و دەستێوەردان دەکات، بەتایبەتی لە سووریا، ئایا هاتنی ڕووسیا باردۆخەکە بەرەو کوێ دەبات؟**

- ڕووسیا بیری لەوە کردەوە کە تەنیا جێ پێیەکی مابێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە سووریا و بەندەری تەرتوس کە بایەخێکی ژیاری هەبوو بۆ ئەوان و وا خەریکە ئەوەش لە دەست دەدەن، لەبەر ئەوە سەرۆك پۆتین زیرەکانە و بوێرانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەبێت بەر بە زێدەڕەوییەکانی ئەمەریکا بگرین. لە دەرئەنجامدا پێگەی بەشار ئەسەدی بەهێز کرد و واقیعەکە ئەوە بوو کە بەشاری لە ڕووخان ڕزگارکرد. لە بەر ئەوە بە تێڕوانینی من لەم قۆناغەدا ئەمەریکا جگە لە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیادا ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، چونکە ناتوانێت ئەم خەرجییە سەربازییە زۆرە بدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێرانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە بەرەی ڕووسیادا بینییەوە، بۆیە کاتێك ئێران بیری لە چارەنووسی هیلالی شیعە کردەوە، ناچار بوو ئەوەی لەبەر چاو بێت کە ئەگەر سعودیە سەرقاڵ نەکرێت، ئەوا دەتوانێت بە پاڵپشتی ٢٣ دەوڵەتی عەرەبی ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە، بۆیە خۆی لە بەرەی ڕووسیادا بینییەوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین، ئاخۆ ئێستا ڕووسیا پشتگیری شیعە دەکات و ئەمریکاش سونە؟**

- ئەگەر باس لە پێوەندی شیعە و ئەمەریکا بکەین، ئەوا دەبینین هەرچەندە لە ئێستادا شیعە لە ڕووسیا نزیکترە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە شیعە پتر لە ڕۆژئاوا نزیکتر بوون، ئەمە قسەی من نییە و مێژوو وا دەڵێت، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، ئەوا بەریتانیا پاڵپشتی ئیمپراتۆریەتی سەفەوییەکانیان کردووە، هەر ئەمەش بووە هۆی تازەکردنەوەی شەڕی شیعە و سوننە و تا ئێستاش درێژەی هەیە. چونکە ئەگەر ڕۆژئاوای مەسیحی پشتیوانی سەفەوییەکانیان نەکردایە دژی عوسمانی، ئەوا تەواوی ئەورووپای مەسیحی

**کاتێک ئێمە باسی کۆماری کوردستان دەکەین، ئەوا بەشی کوردستانی عێراقیشی لەگەڵ بووە، کە بەردەوام هاوکاری کوردەکانی دیکەی کردووە، کە کۆماری کوردستان بەو چەشنە بەهێز بوو و توانی لە ماوەی ١١ مانگدا ئەو هەموو دەستکەوتە مەزنە بەدەست بهێنێت، ئەمە بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و مەلا مستەفا بارزانی بوو**

**ناسیۆنالیزمی کورد جیایە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی و بگرە لەو ناسیۆنالیزمانەی دیکە بەهێزترە، ئەگەرچی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیشی نییە. کەواتە دەبێت بە توندی دەست بەو فاکتەرە بەهێزانەی خۆمانەوە بگرین و کەڵکیان لێوەرگرین**

**ئەو لایەنە بەهێزەی هاوکاری پەکەکە دەکات ڕووسیایە و لە بەرامبەر ئەو بەرەیەی کە مسعود بارزانی ئاڵاهەڵگریەتی و بەرەی ناسیۆنالیزم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆییە، پەکەکەیان زەقکردۆتەوە**

**ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب بە میرات لە حزبەکەی ئێمەوە- حزبی دیموکراتی کوردستان- بۆ ئێرە هاتووە، کەچی دەڕوانیت ئێمە پەراوێز خراوین**

**هێزی پێشمەرگەی ئەو کاتە کە لە ژێر چاودێری مەلا مستەفا بارزانی بوون زۆر بەهێزتر و بە وەرەتر بوون لە سوپای ئێران و شەڕەکانیشیان گەواهیدەری ئەم راستییە بوون. کەواتە کاتێک کورد مێژوو فەرامۆش دەکات، ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات. ئێستا زۆر گرنگە کوردایەتی بکەین، نەک حزبایەتی**

**ئەوە زۆر گرنگە کە کاک مسعود بارزانی دوو ساڵە بەردەوام باسی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکات و ئەو تەلیسمەی شکاندووە کە لە بارەی پرسی سەربەخۆییەوە هەبوو**

دووچاری مەترسی دەبووەوە و لەوانە بوو تەواوی ئەوروپا لە بەرامبەر عوسمانییەکاندا بڕووخێت. بەڵام بە هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان شیعە و سوننە هاوسەنگییەکی دروست کردەوە و ئەوروپا توانی هەناسەیەك هەڵکێشێت و خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی وەك ئیسلامی سوننە بپارێزێت، خۆ ئەگەر ئێستاش لە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بڕوانین، ئەوا ئەم هاوسەنگییانە هەر لە جێی خۆیاندان.

*** لەم هاوکێشە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێران وەك دەوڵەتێکی گەورەی ئیقلیمی بە شەڕێکی بەوەکالەتی ئاشکرا، رۆڵێکی سەرەکی لە هەموو ئەم ئاڵۆزییە دەگێڕێت، هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە عێراق و باشووری کوردستان، ئایا تا چەند ئەم دەستێوەردانە بۆ ئێران دەچێتەسەر و تا چەند دەستی واڵا دەبێت بۆ ئەوەی لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە درێژە بە شەڕی بەوەکالەت بدات؟**

- ئەو کێشانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، تەنیا رووبەڕووی کورد نەبوونەتەوە. هەروەها ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتانە و چەندەها کێشەی هەیە و بە ئاسانی لێیان دەرباز نابێت. بۆیە لەو کاتەوەی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکە دابەشکراوە، دەبینین بە درێژایی ئەو مێژووە هیچ کاتێك بارودۆخەکە بەوشێوەیە نەبووە کە هەر چوار دەوڵەتەکە کێشەیان هەبێت و هەر چواریان دژی یەکتری بن، ئەو زەمەنەش بەسەرچوو کە بتوانن هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکتر بکەن. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لە رەفتاری ئێران ورد ببینەوە، لەبەر ئەوەی شیعە تەنیا لە ١٧٪ی موسڵمانانی جیهان پێکدەهێنن و هەمیشە کەمینەن، ئەوا بۆ مانەوەی خۆیان هەمیشە پەنا بۆ هێرشکردن دەبات، ئەمەش زیاتر مانۆڕێکە و هێرشێکی راستەقینە نییە و زیاتر خۆهەڵکێشانە، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا ئێران دەڕووخێت، ئەوا لە روانگەی منەوە ئێران ناڕووخێت، پشتریش دەیانوت ئەسەد دەڕووخێت، من دەموت ناڕووخێت، بۆچی ناڕووخێت؟ لەبەر ئەوە هێزە جیهانییەکان لە پێشیانەوە ئەمەریکا و هەروەها ئەوروپاش پێویستیان بەوەیە هاوسەنگی هێز لە نێوان شیعە و سوننەدا رابگرن و نایانەوێت ئەوەندە لاواز بێت یان بڕووخێت. لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین دیارە ئێران لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر عەرەبدا لاوازە، بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکە باش نییە ئێران ئەوەندە لاواز بێت. کەواتە ئەمەریکا و بە هەمان شێوە رووسیاش زۆر باش لەم راستییە تێگەیشتوون، ئەوە نییە خەریکە رووسیا و ئەمەریکا لەسەر پرسی سووریا رێکدەکەون، کە من یەقینم هەیە ئەم کارە دەکەن. چونکە ئێمە بینیمان کە لە ناوچە کوردییەکاندا سێ کانتۆنیان پێکهێنا کە راستەوخۆ بە رەسمی ناسێنران لە لایەن رووسیاوە و نووسینگەیان لە مۆسکۆ بۆ کردەوە.

*** مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە لە باشووری کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئایا ئەم ریفراندۆمە تا چەند گرنگە و ئایا زەمینە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆش دەکات؟**

- با سەرەتا ئەوە بڵێم کە پێشتریش ریفراندۆم کراوە و خەڵك گوزارشتی لە رای خۆی کرد و داوای سەربەخۆیی کرد، با ئەمە لە یاد نەکەین، دواتر کە ئێستا باس لە ریفراندۆم دەکرێت ئەوا هەروەك لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسێکی دیکەشدا وتم کە ئایا کاك مسعود بارزانی پرسی بە ئێمە کردووە ئەو ریفراندۆمە دەکات؟ چونکە خۆ کوردستان هەر ئەم بەشە نییە، پرسیاری دیکە ئەوەیە بۆچی ئەم بەشەی کوردستان و بەشەکەی ئێمە نا؟ بێگومان لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەوەمان دووپات کردۆتەوە، تەنانەت لە ناو حزبەکەی خۆشماندا، کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی زۆر گرنگی هەیە، کە کوردستانی تورکیا و ئێران نییانە، لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە لەسەر دەریایەك نەوتە و لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی جێی خۆی کردۆتەوە، ئەوەتا سەرجەم هێزەکانی جیهان، ئەمەریکا و رووسیا و چین و ئەوروپا و ... تاد، کۆنسوڵگەری خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە، ئەمەش واتە بێ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، لە رووی ئەمری واقیعەوە بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تەنیا ئەوەی ماوە ئابوورییە سەربەخۆکەی بکەوێتە سەرپێی خۆی و بودجەی خۆی دابین بکات.

*** لەو رۆژەوە کە مسعود بارزانی رایگەیاندووە پرسی سەربەخۆیی ئەجێندای سەرەکی کاری ئەوە، میدیاکانی ئێران هێرشێکی ناڕەوا دەکەنە سەر بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئایا هۆکاری سەرەکیی دژایەتی ئێران بۆ پارتی و سەرۆك مسعود بارزانی چییە؟**

- هۆکارەکە ئاشکرایە، لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا هاوسەنگەکە تێکدەچێت، کە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر بنەڕەتییە. لەبەر ئەوە ئەگەر زۆر ژیرانە هەنگاو هەڵنەگرن دووچاری ئەو کێشەیە دەبن. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە کاك مسعود بارزانی دوو ساڵە بەردەوام باسی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکات و ئەو تەلیسمەی شکاندووە کە لە بارەی پرسی سەربەخۆییەوە هەبوو، چونکە ئەگەر پێشتر کاك مسعود بارزانی باسی سەربەخۆیی بکردایە، ئەوا هەموو جیهان دەهەژا، بەڵام ئێستا کاردانەوەکە بەو توندییە نییە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت کاری دیپلۆماسی بەگەڕ بخرێت، چونکە عێراق بیر دەکاتەوە و ئێرانیش بیر دەکاتەوە، ئێران لە لایەك هەڕەشە دەکات و لەلایەکی دیکەوە بیر لە چاکسازی دەکاتەوە لە کوردستانی ئێراندا، ئەوە واقیعەکەیە. ئێران سەرنج دەدات کە پەراوێزخستنی کوردی رۆژهەڵات کارێکی مومکین نییە. خۆ ئەگەر پێمانوابێت ئێران بێ بەرنامە کاردەکات، وا نییە و راستییەکەی ئەوەیە ئێران زۆر بە بەرنامە هەنگاوهەڵدەگرێت. هەروەها کاتێك ئێمە باسی کۆماری کوردستان دەکەین، ئەوا بەشی کوردستانی عێراقیشی لەگەڵ بووە، کە بەردەوام هاوکاری کوردەکانی دیکەی کردووە، کە کۆماری کوردستان بەو چەشنە بەهێز بوو و توانی لە ماوەی ١١ مانگدا ئەو هەموو دەستکەوتە

مەزنە بەدەست بهێنێت، ئەمە بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە و مەلا مستەفا بارزانی بوو، بە هاوکاری ژەنەراڵە کوردەکان بوو، کە توانییان بەرەیەکی سەربازی زۆر بەهێز لە ناوچەی سەقزدا لە بەرامبەر ئێرانییەکاندا رابگرن. ئەو راستییە کە هێزی پێشمەرگەی ئەو کاتە کە لە ژێر چاودێری مەلا مستەفا بارزانی بوون زۆر بەهێزتر و بە وەرەتر بوون لە سوپای ئێران و شەڕەکانیشیان گەواهیدەری ئەم راستییە بوون. کەواتە کاتێك کورد مێژوو فەرامۆش دەکات، ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات. ئێستا زۆر گرنگە کوردایەتی بکەین، نەك حزبایەتی ، ئەگەر دیدگای جیۆپۆلەتیکیمان زۆر پەرە پێنەدەین، ئەوا مەسەلەکانمان بۆ جێبەجێ نابێت. لەبەر ئەوە هەموو ئەو پرسانە پێکەوەبەستراون و ئەگەر دەمانەوێت سیاسەتێکی ستراتیژیمان هەبێت ئەوا دەبێت ئەو مەسەلانە بە وردی بخوێنینەوە.

*** ئێوە وەك حزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات، رێز لە سەروەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن، بەڵام ئەوەی لامان سەیرە پەکەکە کە ئیدیعای حزبێکی کوردستانی دەکات، ئێستا بە ئاشکرا دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکات، ئایا دەشێت حزبێکی کوردستان دژی دەستکەوتەکانی بەشێکی دیکەی کوردستان بێت؟**

- کاتێك پەکەکە دژایەتی حکومەت و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئەوە بۆ پەکەکە شتێکی زۆر سروشتییە و نامۆ نییە، لەبەر ئەوەی پەکەکە بەڵایە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، پەکەکە وابەستەی فیکرێکی فەلسەفی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستییە، کۆمۆنیستی سەروەختی ستالین، لەبەر ئەوە پەکەکەش لەسەر ئەو شێوازە بونیادنراوە و دیکتاتۆریەتێکی بێ پێچ و پەنایە و کەسی دیکە قبووڵ ناکات. نەیاری خۆی بە هیچ شێوەیەك قبوڵ ناکات. هەر نەیارێکیش سەرهەڵبدات راستەوخۆی سەرکوتی دەکات و هاوبەشی لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکە قبووڵ ناکات. ئەوان هەر بە هەمان ئەو توندوتیژییەوە هەڵسوکەوت دەکەن کە پتر لە ٣٠ ساڵە پیادەی دەکەن و تەنانەت بە مافیای بارزگانی مادده هۆشبەرەکانیشە، لەگەڵ رووسەکان، ئەمانە کۆمەڵە پرسێکی پێکەوەگرێدراوی زنجیرە ئاسان. ئێرانیش کە حیساباتی خۆی دەکات ئەوا لە بەرامبەر تورکیادا کەم دەهێنێت، چونکە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و ناتۆش واتە ئەمەریکا و ئەورووپا، لەبەر ئەوە بۆ پارسەنگکردنەوە پارێزگاری لە پەکەکە دەکات. لەبەر ئەوە هەرگیز پەکەکە لە بەرژەوەندی میللەتی کورددا هەنگاو هەڵناگرێت، شتی وا مومکین نییە. لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان نییە و لەگەڵ ئاڵای کوردستان نییە و خۆی چەندین ئاڵای رەنگاورەنگی هەیە کە نازانرێت هەر یەکە لەو ئاڵایانە چین و گوزارشت لە چی دەکەن.

*** ئایا بۆچی پەکەکە ئاڵای کۆماری کوردستان وەك ئاڵای کوردستان سەیر ناکات؟ ئایا ئەم ئاڵایەی کۆماری کوردستان پێوەندی بە حزبێك، یان لایەنێکی سیاسییەوە هەیە؟ ئەگەر پێوەندی نییە، بۆچی پەکەکە دژایەتی دەکات؟**

- پەکەکە پارتێکی نەتەوەیی نییە، ئەوان تەنیا دروشمەکانیان نەتەوەییە، پەکەکە پارتێکی کۆمۆنیستییە و کۆمۆنیستەکانی سەروەختی یەکێتی سۆڤیەت چەند باوەڕیان بە نەتەوە هەبوو ئەوانیش هەر ئەوەندە باوەڕیان پێیەتی. نەتەوەیی بوونیش مایەی دواکەوتوییە لە کۆمۆنیزمی سەروەختی ستالینیدا، لەبەر ئەوە پەکەکە بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە ئاڵای کوردستان نییە. پەکەکە بۆ رزگارکردنی کوردستان تێناکۆشێت، بەڵکو ئامانجی ئاژاوەنانەوەیە. ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب بە میرات لە حزبەکەی ئێمەوە- حزبی دیموکراتی کوردستان- بۆ ئێرە هاتووە، کەچی دەڕوانیت ئێمە پەراوێز خراوین. لە لایەکی دیکەوە ئێستا رووسیا بە هەموو هێزێکیەوە هاوکاری پەکەکە دەکات، واتە ئەو لایەنە بەهێزەی هاوکاری پەکەکە دەکات رووسیایە و لە بەرامبەر ئەو بەرەیەی کە مسعود بارزانی ئاڵاهەڵگریەتی و بەرەی ناسیۆنالیزم و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆییە، پەکەکەیان زەقکردۆتەوە.


*** دیارە ئێران ئەندامی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش نییە، بەڵام لە عێراقدا بە هەموو شێوەیەك بە ناوی شەڕی داعشەوە دەستێوەردان دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە راستی داعش مەترسییە بۆ سەر ئێران، یان ئێران بەم دەستێوەردانە سەربازییەی لە عێراق و سووریا ئامانجێکی دیکەی هەیە؟**

- با سەرەتا ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا داعش کێن؟ داعش رەوتێکی سوننی وەهابی تۆخن و دژ بە شیعەن و بگرە بە خوێنی سەری شیعەکان تینوون. دواتر ئەوەش شتێکی زۆر سروشتییە کە ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا نەبێت لەم بەرەیەدا، چونکە سیاسەتی هاوپەیمانان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێراندا یەك ناگرنەوە، بەڵام ئێران دێت و لە رێی گرووپەکانی حەشدی شەعبییەوە بەرەی شیعەگەرایی خۆی پتەو دەکات. چونکە ئێران ئەم کارە نەکات ئەو کاتە بەرەکەی دەڕووخێت و هیلالی شیعە تێکدەشکێت. بەڵام دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە کورد نەبێتە پاشکۆی ئێران و هیچ هێزێکی دیکە لە ناوچەکە، دەبێت ئەوەش بووترێت کە ناسیۆنالیزمی کورد جیایە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی و بگرە لەو ناسیۆنالیزمانەی دیکە بەهێزترە، ئەگەرچی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیشی نییە. کەواتە دەبێت بە توندی دەست بەو فاکتەرە بەهێزانەی خۆمانەوە بگرین و کەڵکیان لێوەرگرین، چونکە ئەگەر لە ئایندەدا دەستکاری سنوورەکان بکرێن، کە لە واقیعدا ئەو سنوورانە ئیعتیباری خۆیان لە دەست داوە، ئەوا دەبێت ئەو دەستکاریکردنە لە بەرژەوەندی ئاشتەوایی و ناسیۆنالیزمی کورددا بێت.

**ئەگەر ئێمە لە رەفتاری ئێران ورد ببینەوە، لەبەر ئەوەی شیعە تەنیا لە ١٧٪ی موسڵمانانی جیهان پێکدەهێنن و هەمیشە کەمینەن، ئەوا بۆ مانەوەی خۆیان هەمیشە پەنا بۆ هێرشکردن دەبات، ئەمەش زیاتر مانۆڕێکە و هێرشێکی راستەقینە نییە و زیاتر خۆهەڵکێشانە**

**کوردستان دەکەوێتە نێو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و پێگەیەکی ستراتیژی و جیوپۆلەتیکی یەکجار هەستیاری هەیە. لەبەر ئەوە تێڕوانینی من ئەوەیە تاوەکو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست نەبێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایش و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت**

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، ئەوا بەریتانیا پاڵپشتی ئیمپۆراتۆریەتی سەفەوییەکانیان کردووە، هەر ئەمەش بووە هۆی تازەکردنەوەی شەڕی شیعە و سوننە و تا ئێستاش درێژەی هەیە**



هاوارد فێدەرسپیل پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئۆهایۆ لە ئەمریکا. بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکانی زانکۆی ماکگیل لە مۆتریال لە کەنەدا بووە. بواری وانەوتنەوەکانی تایبەتە بە سیاسەتی بەراوردکاری، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فەلسەفەی سیاسیی ئیسلام. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی مەدی شیعەگەرایی لە ناوچەکەدا و پێگەی کورد لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی کرد.

## هاوارد فێدەرسپیل پسپۆڕ لە فەلسەفەی سیاسیی ئیسلام بۆ گوڵان:

# ئێران سوود لەو بارودۆخە سیاسییە ناهەموارە وەردەگرێت کە خەڵکی ناوچەکەی تێدایە

*** ئەو بارە ئاڵۆزەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، زۆر لەو بارودۆخە خراپترە کە مەغۆلەکان لە سەدەی ١٣ی زایینی بەسەریاندا هێناویانە، لە عێراقەوە تا دەگاتە باکووری ئەفریقیا شەڕێکی گەورەی ناوخۆیی بوونی هەیە، لە میسر بارودۆخێکی ئاڵۆز هەیە، سەقامگیری دەوڵەتانی کەنداو لە بەردەم هەڕەشەدایە، ئایا ئەگەر کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەمەریکا و گەورە هێزەکانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش نەیەتەئاراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چارەنووسی ئەم ناوچەیە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ئەوە بە تەواوی ئەو بارودۆخەیە کە ئەمڕۆ خۆمانی تێدا دەبینینەوە، رووسیا و ئەمریکا و زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی ناکۆکن سەبارەت بە هەڕەشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە نییە بەم زووانە رێککەوتن و سازان بکرێت. دەبێت ئەوە بزانین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکی زۆر جیاوازە و ناکۆکی زۆر تێدایە و ئەو ویستە سیاسییانەی هەن لە باشترین کاتەکان و باشترین نیازەکاندا ناتوانرێن هەمووی بەدیبهێندرێن. گەر واقیعی بین، ئەوا دەتوانین بڵێین تەنیا هیوا بۆ چەند ئامانجێکی بچووك بخوازین، لەوانە: لەناوبردنی داعش وەك کاراکتەرێکی سیاسی ژەهراوی کە هەڕەشە لە هەمووان دەکات و ناسەقامگیریشی هێناوە، هەروەها بنیادنانەوەیەکی مەعقوولانەی قەوارە سیاسییە دابەشبووەکانی وەك سووریا و عێراق و لیبیا و یەمەن بۆ ئەوەی لەدواییدا بتوانرێت سەقامگیری

دروستکرێت. کردنی ئەم دوو شتە، پێویستی بە هەوڵی زۆرە و تەنیا بەشێوەیەکی تایبەتی گونجاوە و شتی زیاتر ناکرێت.

*** زۆر لە چاودێران سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی بە کاردانەوەی حوکمڕانی فەشەلی عەلەوی دیمەشق و شیعەگەرای بەغدا دەزانن، ئێرانیش لە روانگەی مەدی شیعەگەراییەوە بە تەواوەتی پشتگیری بەغدا و دیمەشق دەکات و هێزی سەربازیشی لە سووریا و عێراق هەیە، ئایا تا چەند تێوەگلانی ئێران لە سووریا و عێراق، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی؟**

- دەتوانین بڵێین تا رادەیەك، بەڵام ئەو هەڕەشە توندانە سەرچاوەیان لە بیری سیاسیی نێو ئەو ئایدیۆلۆژیا سەرسەختانە گرتووە کە گریمانەکانیان لەسەر بنەمای ئیسلام بنیادناوە، پێش دروستبوونی داعشیش لە ئارادا بوون. قاعیدە و تالیبان لە پێش داعشەوە هەن، ئێستاش ئەلشەباب هەیە و لەوانەشە لە دواییدا یەکێکی تر دەربکەوێت. کاریگەری ئێران لە لوبنان و سووریا رەنگە رۆڵی هەبووبێت کاتێك داعش دەرکەوت، بەڵام کاردانەوە کەمەکانی حکومەتی عێراقی بووە هۆکاری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی داعش لە رۆژئاوای عێراق و رۆژهەڵاتی سووریادا.

*** ئێستا ئێران بۆ ئەوەی وەك هێزێکی ئیقلیمی سەرەکی خۆی وێنا بکات، لە کۆمەڵێك بەرەی جیاوازەوە شاڵاوێکی گەورەی شەڕی بەوەکالەتی دژی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە راگەیاندووە، بۆ نموونە، ئێستا لە سووریا و عێراق نفوزێکی یەکجار گەورەی هەیە و لە باشووری لوبنان حزبوڵڵا، لە فەلەستین حەماس، لە یەمەن حوسییەکان، لە دژی تورکیاش بە تەواوەتی پشتگیری پەکەکە دەکات، ئایا چۆن سنوورێك بۆ ئەم بەرە فراوانەی شەڕی بەوەکالەتی ئێران دادەنرێت؟**

- لەم پرسەدا دوو فاکتەر رۆڵیان هەیە، یەکەم: ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە وەك ناسنامەیەکی سیاسیی سەربەخۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میدییەکان و بە درێژایی مێژووی خۆی سەرکردە سیاسییەکانی هەوڵیان داوە کاریگەرییان لە سەر ناوچەکانی دەوروبەریان هەبێت. ئەم هەوڵانەی ئێستای بەسادەیی درێژکراوەی هەوڵە مێژووییەکانیانە بۆ کاریگەری کردنە سەر ئەوانی تر، هەر وەك چۆن نەتەوە دەرکەوتووەکانی تر لە جیهاندا دەیکەن. دووەم: پیاوانی ئایینی لە ئێران لە رووی مێژووییەوە ئیسلامی شیعەیان کردووەتە خەسڵەتێکی گرنگی خۆیان، ئەمە لە کاتێکدا هیچ یەکێك لە گروپە شیعەکانی تر لە وڵاتانی تر ئەمەیان بەو رادەیە نەکردووە. ئێران دەتوانێت کارتی ئایینی بەکاربێنێت، لەبەر ئەوەی باشتر لەهەر گروپێکی تر باس لە ئیسلامی شیعە دەکات و لێرەشەوە سەرکردەکانی دوفاقییەکە زۆر گرنگ نییە کاتێك لەگەڵ ئێراندا مامەڵە دەکرێت بە مەرجێك نەتەوەکانی تر ئەم دوفاقییە ببینن. لە داهاتوویەکی نزیك ئێران وەك دوژمنێك دەبیندرێت و لەلایەن دراوسێکانییەوە سنووری بۆ دادەنرێت و ئەمەش گرژییەکان زیاتر دەکات.

هاندانی وڵاتان بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکانی خۆیاندا بۆ وەڵامی کێشەکان بگەڕێن، تەنیا ڕێگەیە کە هیوای سەرکەوتنی هەیە

***سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ دەرەوە، بۆچوونێك هەیە، باسی ئەوە دەکات کە ئێران بە دوو جۆر مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکات، لە لایەك وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکات، لە لایەکی دیکەوە لەسەر بنەمای شیعەکاری و پێکەوە گرێدانەوەی شیعە، مامەڵەی راستەخۆی لەگەڵ هەموو حزب و رێکخراوە و چالاکوانەکانی شیعە گرێدەدات و هاوکاری چەك و لۆجیستییان پێشکەش دەکات، ئەمەش مانای وایە ئێران خۆی بڕیار دەدات کەی وەك دەوڵەت مامەڵە دەکات و کەی وەك مەرجەعێکی شیعە لە جیهاندا، ئایا چۆن سیستمی جیهانی رێگەدەدات دەوڵەتی ئێران سەروەری دەوڵەتانی دیکە پێشێل بکات؟**

لە داهاتوویەکی نزیک ئێران وەک دوژمنێک دەبیندرێت و لەلایەن دراوسێکانییەوە سنووری بۆ دادەنرێت و ئەمەش گرژییەکان زیاتر دەکات

- ئێران سوود لەو بارودۆخە سیاسییە نالەبارە وەردەگرێت کە خەڵکی تێیدایە ئێران وەك یارمەتیدەر دەبینن. ئەمەش بۆ نموونە حاڵی حەماسە لە فەلەستین و حزبوڵڵایە لە لوبنان. ئەو کێشانەی کە هەن، ئێران هەبێت و نەبێت هەر کێشەن، بەڵام لەگەڵ بوونی ئێراندا کێشەکە قورستر دەبێت. ستراتیژەکانی ئێستا جەخت لەسەر گۆشەگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی دانیشتووانی نارازی دەکاتەوە، کە ئەمەش بە باشی کاری نەکردووە. کەمکردنەوەی کۆنترۆڵی ئێرانی باشترە، بەڵام ئەمە پێویستی بە هاوکارییە لەگەڵ دەسەڵاتی نوخبە گوماناوییەکانی ئێران و ئەمەش بەم زووانە روو نادات. هاندانی وڵاتان بۆ ئەوەی لە ناو خەڵکانی خۆیاندا بۆ وەڵامی کێشەکان بگەڕێن، تەنیا ڕێگەیە کە هیوای سەرکەوتنی هەیە، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا ئەم ڕێگەیە تاریکە.

*** ئێستا هەموو چاودێرانی سیاسی باس لە قۆناخی دوای کۆتاییهاتنی داعش دەکەن، ئاشکرایە کۆتایی هاتنی داعش واتە بەهێزبوونی ئێران و هاوپەیمانەکانی، واتە گۆڕینەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، بە مۆدێلی کۆماری ئیسلامی ئێرانی شیعە، ئایا ئەو مەترسییەی دەوڵەتی ئیسلامی سوننە لە ڕێگەی داعشەوە دروستی کرد، دەوڵەتی ئیسلامی شیعە بە پشتگیری ئێران هەمان مەترسی دروست ناکاتەوە؟**

- ئەمە بەتەواوی پشت بەو بارودۆخە سیاسیە دەبەستێت کە تیایدا داعش نامێنێت. ئەگەر ئێران و دراوسێکانی بگەن بە ڕێکەوتنێکی سیاسی، ئەوا ئێران نابێتە هەڕەشە، بەڵام ئەگەر تێڕوانینە سیاسییەکانی ئێستا هەر باو بێت، ئەوا دەبێتە هەڕەشە. من گەشبین نیم سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان، بەڵام هیوادەخوازم باشتر بێت بە شێوەیەك ئێران نەبێتە لایەنی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ئەو هەڕەشە توندانە سەرچاوەیان لە بیری سیاسیی نێو ئەو ئایدیۆلۆژیا سەرسەختانە گرتووە کە گریمانەکانیان لەسەر بنەمای ئیسلام بنیادناوە**

*** وێڕای ئەم هەموو مەترسییەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کردووە، بەڵام ڕۆژئاوا لەسەر پرسی پرۆژە نیوکلیارییەکەی ڕێککەوتنی لەگەڵ کردووە و سزاکانی لەسەر لابردووە، ئایا تا چەند ئەم ڕێککەوتنە و لابردنی سزاکانی سەر ئێران هێندەی دیکە هەژموون و باڵادەستی ئێران لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە زیاتر دەکات؟**

- ئەگەری ئەمە نییە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گرژییانەی کە هەن و ئەو گومانە توندانەی بەگشتی لەسەرمتمانەی ئێران لە جیهاندا هەیە، ئەگەری ئەوە نییە وڵاتانی ناوچەکە ئێران پەسەند بکەن، بەلانی کەمەوە لە ماوەیەکی کورتدا. دەتوانین پێشبینی گومانی زیاتر و بێمتمانەیی زیاتر لە هەموو لایەکەوە بکەین کە پێشتریش هەبووە.

**ڕووسیا و ئەمریکا و زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی ناکۆکن سەبارەت بە هەڕەشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە نییە بەم زووانە ڕێککەوتن و سازان بکرێت**

*** لەبەر ئەوەی ڕووسیا هاتۆتە نێو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ڕاشکاوی پشتگیری ئێران دەکات و داوای هاوپەیمانی نێوان مۆسکۆ و تاران و بەغدا و دیمەشق دەکات، ئەوا دەوڵەتانی عەرەبی سوننە بە سەرۆکایەتی سعودیە بێدەنگ نابن و وەك دەبینین هاوپەیمانیان ڕاگەیاندووە، لەم حاڵەتەشدا ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ناچار دەبن پشتی هاوپەیمانەکانی خۆیان بگرن، ئایا تا چەند لە نێوان بەرەی سعودیە و دەوڵەتانی ئیسلامی لە بەرامبەر ڕووسیا و عێراق و سووریا، شەڕێکی ڕانەگەیەندراوی جیهانی دروست دەبێت؟**

- لەوانەیە، بەڵام هێزە دەرەکییەکان وەك ڕووسیا و ئەمریکا خاون لە کاردانەوەیان لەوەی کە وڵاتانی ناوچەکە بە هەڕەشەی دەزانن و ئەوان بە هەڕەشەی سەرەکی نازانن بۆ خۆیان. بۆ نمونە زۆری خایاند تا ڕووسیا کاردانەوەی لەسەر پێگەی حکومەتی ئەسەد کرد و ئەمریکاش لە عێراق و ئەفغانستان کاردانەوەکانی لاواز و کەم بوو، کە پشتی دەبەست بە ڕاکان لە واشنتۆن. ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت، ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا کارەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە جددی وەردەگرێت کە وادەردەکەوێت هەڕەشە بێت بۆ هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئەمریکا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم پشتدەبەستێت بە سەرکەوتنی ڕووسیا لە گۆڕینی شەڕەکەی سووریا بۆ ڕاقەی خۆی و ئەو ترسانەی سەرهەڵدەدەن لە مێشکی دیپلۆماسە ئەمریکییەکان و سەرکردە سەربازی و ئیدارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. چونکە بەداخەوە ئەمانەن ئەجێندا بۆ واشنتۆن دادەنێن، نەك سەرکردەی نەتەوەکانی ناوچەکە.

*** لە ناو ئەم پرۆسە ئاڵۆزەدا هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراق خۆی بە هاوپەیمانی دژەتیرۆری نێودەوڵەتی دەزانێت و پارێزگاری لە بەهاکانی مرۆڤایەتی و ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام ئێستا ئەم هەرێمە کە تەنیا هێزە لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاندووە، کەوتووەتە ژێر گوشاری ئێران و هاوپەیمانەکانی، ئایا تا چەند گرنگە پشتگیری هەرێمی کوردستان بکرێت لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ ئەوەی داعش کۆتایی بێت؟**

- ئەمە زیاتر پشت دەبەستێت بە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق کە تیایدا شیعە باڵادەستەکان هەوڵدەدەن حکومەتێك دروست بکەن لایەنەکانی تر قبووڵی بکەن. سیاسەتی ئەمریکی ئەوەیە شیعە و کورد و سوننە لەیەك دامەزراوەدا پێکەوە بن و هەریەك سەربەخۆیی خۆی هەبێت. فشاری پێشمەرگە بۆ ئەوەی وەك سوپایەك بەشی باکووری عێراق بپارێزێت دەبێتە هۆی ئەوەی سەربەخۆیی زیاتر لەوەی پێشتر بەدەست بێنێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق ئەلتەرناتیڤی تری نییە، زیاتر لەوەی کە پێشمەرگە ئەو کارە بکات. بەڵام تا چەند ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە قازانج بە کوردەکانی عێراق دەگەیەنێت، ئەوا پشت دەبەستێت بەو پاڵپشتییەی بەغدا و واشنتۆن دەستەبەری دەکەن و تا چەندیش کورد خۆیان دەتوانن داوای بکەن.



# مەترسیی میلیشیاگەرایی حەشدی شەعبی هەڕەسێکی دیکەیە ڕوو لە عێراق دەکات

ڕاپۆرتی گوڵان – بەغدا

ئەو میلیشیایەی بە ناوی حەشدی شەعبی لە عێراق دامەزراوە، تەنیا گوزارشت لە سیاسەتێکی بە بەرنامەداڕێژراوی ئێران دەکات کە بەردەوام لەئاست ناوچەکەدا خەریکی سەپاندنی دەستڕۆیشتوویی و پاوانخوازییە، مەرامی ئێران لەمەشدا ئەوەیە کە هێزێکی دیکەی شەڕکەر هەبێت، مەزهەبگەرایی بەرجەستەبکات، بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو هاریکاری چەند هێزێکی وڵاتانی دیکەش دەکات، وەك حزبوڵڵا لە لوبنان و کەتیبەی زێن ئەلشام لە سووریا و حوسییەکان لە یەمەن، لەمەشدا دیارە ڕاستەوخۆ هەماهەنگی لەگەڵ سەرانی ئەو وڵاتانەدا هەیە، بەڵام عێراق کە تا بینەقاقای لە تایفەگەریدا نغرۆ بووە، بەم دواییە پێکهاتەیەکی هێزی دوور لە یاسای بە ناوی (حەشدی شەعبی) پێکهێنا، ئەم هێزە ڕاستە عێراقییە، بەڵام بە چاودێری ئێران دامەزراوە، لەمەشدا عێراق بە هیچ شێوەیەك بیری لە ئایندەی ئەو هێزە و ئاکامەکانی بوونیان نەکردۆتەوە.

توێژەران پێیانوایە کە پێکهاتە میلیشیاییەکانی حەشدی شەعبی، عێراق بەرەو هەڵدێر دەبات، هەروەك چۆن یەمەن و سووریا و لوبنان بەم دەردە بران، ئەو حەشدی شەعبییەی عێراق دایمەزراندووە بە شێوەیەك کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێکهاتەکانی عێراق هەیە

کە لە جیاتی ئەم میلیشیایانە دەتوانرا سوپایەکی فرەڕەنگ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق پێکبهێنرێت بە جیاوازیی ئایین و ئایینزا و ئینتیما، ئەم هێزە لە بنەڕەتدا یاسایی نییە و پێچەوانەی دەستوور و یاسایە، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕەوشەکە بەرەو ئەوە بچێت کە شەڕی تایفەگەری سەرهەڵبدات و بە فەرمی عێراق ببێتە گۆڕەپانێک کە چەندین حکومەتی مافیا و عەقڵییەتی تایفەگەری تێدا حوکمڕان بن، لە قۆناغی داهاتوودا عێراق ڕووبەڕووی سەختی و دژوارییەکی تازە و مەترسیدار دەبێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و دامەزراوە ئەمنییە نارێک و هەرەسهێنراوەکان، چونکە لە ئایندەدا ناکرێ سوپایەکی یەکگرتوو لە حەشدی شەعبی پێکبهێنرێت، لەبەر ئەوەی خودی ئەو حەشدە تایفەگەرە، هاوکات ئەو سوپایە ئەو مەشق و ڕاهێنانە سەربازییە نەکراوە و لە ناوەڕۆکدا ڕووخاوە، هەروەها دەزگایەکی ئەمنیی بەهێزیش دروست ناکرێت، لەبەر ئەوەی ناوەندی بڕیاری سیاسیی یەکگرتوو نییە و تایفەگەری و پشکایەتیی حزبی باڵی بەسەر هەموو ئەو دەزگایانەدا کێشاوە .

بەهیچ شێوەیەك نابێ پاوانخوازیی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی بە سەر زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا پشتگوێ بخرێت، چونکە ئەوان بە ڕاستی مەترسیی ڕاستەقینەن بۆ سەر ئێستا و ئایندەی وڵات، لە هەمان کاتدا لە دیدگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی سەرانی عێراقەوە، ئەم میلیشیایانە سەر بە ولایەتی فەقیهن لە ئێران، واتا بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی عێراق بەتەواویی تایفەگەری و ئایینزاییە، نەك نیشتمانی، بەهیچ شێوەیەك گوێ بە فرەیی و فیدراڵییەت و دیموکراسی نادات، بۆیە هیچ شەرعییەتێك بۆ وڵات نامێنێتەوە کاتێ میلیشیاکان لە خزمەتی ئایینزا و تایفەگەریدا بن، تەنانەت لە ڕووی یاساییشەوە هیچ شەرعییەتێکی نامێنێت، لەبەر ئەوەی گەلی عێراق ڕەشبینە بە ئایندەی وڵاتەکەی خۆی.

لە کاتێکدا نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لە هەموو لایەکەوە بەتایبەتیش لە ڕووی ئەمنی و ئابووری و سیاسییەوە وڵاتی بە وێرانی و هەڵوەشاوەیی بەجێهێشت، بەڵام ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە دامەزراندنی حەشدی شەعبی، لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو خۆی بدزێتەوە لەو سزایانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگا نێودەوڵەتییەکان بەسەر عێراقیدا دەیسەپێنێت لە ئەنجامی بەهەدەردانی سامانی گشتی و گەندەڵی و ڕێگەدان بە دزەکردنی تیرۆریستان و پێکهێنانی میلیشیای چەکدار کە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە یاساغە. دیارە لەو کاتەوەی کە حەشدی شەعبی دامەزراوە حکومەتی بەغدا بە هیچ شێوەیەك گرنگیی بە لایەنەکانی دیکەی ئەمنی و سەربازی نەداوە، تەنیا کەوتۆتە ژێر کاریگەری و گوێڕایەڵیی و جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و فەرمانەکانی ئێرانەوە، کاتێکیش حەیدەر عەبادی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست هیچ گۆڕانکارییەك لە دۆخی عێراق نەگۆڕا، مەگەر زیادبوونی کوژراو و قوربانییەکانی تیرۆر و دابەزینی ئاستی داهات و نانەوەی ئاژاوەی ئابووری و پشتبەستن بە دەوڵەتی دراوسێ.

ئەو حەشدی شەعبییەی کە باسی دەکەین دوابەدوای ئەو شکستە هات کە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بووەوە لە موسڵ، کاتێ داعش لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ ئەو شارە و دەوروبەری داگیرکرد، لە ئاکامدا چەندین فیرقە و پێکهاتەی سەربازیی لە بەردەم هێرشی داعش خۆیان نەگرت و ڕایانکرد، تا دواتر تیرۆریستانی داعش هەڵمەتەکیان فراوانترکرد، ئەوە بوو چەندین شار و شارۆچکەی دیکەشیان داگیرکرد، بێ ئەوەی هیچ هێز و لایەنێکی عێراقی بتوانێت بەرگری بکات و دژیان بوەستێتەوە، تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبێت کە بەرگریی دلێرانەی لە خاکی کوردستان کرد، کاتێکیش مەترسی گەیشتە دەروازەکانی بەغدا، تەنیا گوێمان لە دەنگی مەرجەعییەتی باڵای شیعە بوو کە جیهادی ڕاگەیاند و لە ئاکامدا حەشدی شەعبی هاتە دامەزراندن، کەواتە ئەو حەشدە لەدایکبووی فتوایەکی ئایینی بوو، بەڵام بە پشتیوانی و پاڵپشتیی سیاسی لە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووەوە، پێکهاتەی ئەو حەشدە فراوانتر بوو، دوای ئەوەی کە چەندین هێزی میلیشیایی هاتنە ڕیزیەوە لەوانە سەرایای سەلام و هێزی بەدر و عەسائبی ئەهلی حەق و حزبوڵڵا .

هەندێ ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چەندین کێشەی جددیی ئەمنیی لەئارادایە، تایبەت بە کردەوە تاوانکارییەکان و سیاسەتەکانی پاکتاوی تایفەگەری و دزین و بەتاڵانبردنی سامانی دەوڵەت و خەڵکی سڤیل، لە هەمان کاتدا هەندێ لە بەرپرسانی عێراق ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بە شێوەیەك پەرەی سەندووە کە حەشدی شەعبی سەرمەشقی ئەو هێزانەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ئەویش بە پەلاماردانی خەڵك و فەرهودکردنی ماڵ و سامانیان، لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستییەکی دیکەیان سەلماندووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو چەك و تەقەمەنییانەی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ عێراق ڕەوانە دەکرێت، هەمووی دەکەوێتە دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە ئێران ڕاستەوخۆ پشتگیرییان دەکات.

هەر لەو ڕوانگەوە محەممەد سالم ئەلغەبان وەزیری

**عێراق کە تا بینەقاقای لە تایفەگەریدا نغرۆ بووە، بەم دواییە پێکهاتەیەکی هێزی دوور لە یاسای بە ناوی( حەشدی شەعبی) پێکهێنا، ئەم هێزە ڕاستە عێراقییە، بەڵام بە چاودێریی ئێران دامەزراوە**

**کاتێ حەیدەر عەبادی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست هیچ گۆڕانکارییەك لە دۆخی عێراق نەگۆڕا، مەگەر زیادبوونی کوژراو و قوربانییەکانی تیرۆر و دابەزینی ئاستی داهات و نانەوەی ئاژاوەی ئابووری و پشتبەستن بە دەوڵەتی دراوسێ**

**ئەو حەشدە لەدایکبووی فتوایەکی ئایینی بوو، بەڵام پێکهاتەی ئەو هێزە فراوانتر بوو دوای ئەوەی کە چەندین هێزی میلیشیایی هاتنە ڕیزیەوە لەوانە سەرایای سەلام و هێزی بەدر و عەسائبی ئەهلی حەق و حزبوڵڵا**



ناوخۆ دانی بەوەداناوە کە چەکدارانی حەشدی شەعبی چەندین تاوانی کوشتن و رفاندنی هاووڵاتیانیان ئەنجامداوە، لەهەمان کاتیشدا بەڵێنی دا کە بە توندی بەرەنگاری ئەو( تاوانباران)ـە دەبێتەوە، هەروەها ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژ بە ناوی دەستەی حەشدی شەعبیی عێراقی رەتی کردەوە کە پێشێلکاریی لەلایەن چەکدارانی حەشدەوە ئەنجام درابێت، دووپاتیشی کردەوە کە ئەوەی گوتراوە تەنیا پڕۆپاگەندە و قسەی ناڕەوایە دەخرێتە پاڵیان بە مەبەستی لەکەدارکردنی حەشدی شەعبی دوای ئەو سەرکەوتنانەی بەدییانهێناوە. پێشتریش سیستانی کە مەرجەعی باڵای شیعەیە کوشتن و تاڵانکردنی حەرام کردبوو لەو ناوچە سوننەنشینانەی کە پێکهاتەکانی حەشدی شەعبییان تێدایە.

راپۆرتە نێودەوڵەتی و ئەمریکی و ئیقلیمی و ناوخۆییەکان هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و تێکەڵکردنیان لە ریز سوپای عێراقی و پێکهێنانی هێزێکی ئەمنیی بێلایەن بە چاودێریی نێودەوڵەتی، رەنگە ببێتە فاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بێ گوێدانە ئەو مەترسییانەی لەلایەن مەرجەعەکان و میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران دێنە ئاراوە.

سەنا محەمەدی کە چالاکوانێکی مەدەنیی عێراقییە بە گوڵانی راگەیاند: شیاندنی حەشدی شەعبی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنیی عێراقی، بێ دەستێوەردانی ئێران و پێکهێنانی هێزێکی تایبەتی سەربازیی عێراقی کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بگرێتەوە، وڵات لە زۆر کارەسات و رووداوی خوێناوی دووردەخاتەوە، بەڵام ئایا ئەمە کەی و چۆن و چ دەسەڵاتێك ئەنجام دەدرێت؟

دوای رزگارکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا سوپای عێراق لە بەریەك هەڵوەشاوەیەوەو بە یەکجاری پشتگوێ خرا. ئەوە بوو دواتر گەندەڵی کەوتە جەستەی ئەو دامەزراوەیە و لە ئاکامدا بووە هۆی پێکهێنان و درووستبوونی چەندین میلیشیای بێ کەڵك و بێ توانا، ئەمە لە پاڵ دروستبوونی دەزگای ئەمنی و هەواڵگری کە تەنیا ئیشیان پێشێلکردنی مافەکان مرۆڤ و ئەنجامدانی گەندەڵی و تاوانە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی رژێمی بەعس هیچ گۆڕانکارییەك نەهاتۆتە ئاراوە.

موحەمەدی داواشی کرد کە سوپایەکی یەکگرتوو پێك بێت کە هەموو توێژ و پێکهاتەکانی گەلی عێراق لەخۆبگرێت، بێ پشتبەستن بە میلیشیای نایاسایی، هاوکات ژێرخانی دەزگای ئەمن و هەواڵگری بەهێز بکرێت و چاودێریی ئەو کەسانە بکەن کە لە گەندەڵییەوە گلاون و بە توندیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، دەکرێ بە ئاشکراش دان بەوەدا بنرێت کە ئەو حکومەتە توانای ئەو هەنگاوانەی نییە، بەڵام دەتوانرێ پشت بە شارەزا و پسپۆڕی سەربازیی بیانی ببەسترێت و لە شارەزایی ئێران دوور بکەونەوە کە لە ئێستادا جگە لە پارچەپارچەبوون و لێکترازان و بەهەڵدێربردنی وڵات چی دیکەی لێ نەهاتۆتەدی.

**راپۆرتە نێودەوڵەتی و ئەمریکی و ئیقلیمی و ناوخۆییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی و تێکەڵکردنیان لە ریزی سوپای عێراقی بە چاودێریی نێودەوڵەتی، رەنگە ببێتە فاکتەرێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق**

## لەگەڵ پرۆسەی چاکسازیی عەبادیدا..

# ئاراستەکانی گۆڕانکاری لە عێراقدا چۆن بەڕێوە دەچن؟



عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

گومانێکی زۆر لەئارادایە سەبارەت بە سەرکەوتنی هەر هەنگاوێکی چاوەڕوانکراو سەبارەت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە عێراقدا، چونکە لەوەتەی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠١١ کابینەی حکومەتی پێکهێناوە، بەرنامەیەکی گشتیی چاکسازیی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکارانی ڕاگەیاندووە، کە ئەمەش بریتییە لە داخوازییە گشتییەکان کە بەهۆیەوە نارەزایی و خۆپیشاندانی خەڵکی بەدواداهات کە چەند مانگێکە درێژەیان هەیە، دیارە چاکسازیی لە لایەن توێژێکی زۆری کۆمەڵگەی عێراقەوە پشتیوانی لێکراو بە هەنگاوێکی پێویست دانرا دوای ئەوەی کە ڕەوشی عێراق ڕۆژبەڕۆژ تێکچووە و خەڵکەکە ڕەشبینانە دەڕواننە ئایندەی وڵات، بە تایبەتیش کە گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی هەموو کایەکانی گرتۆتەوە، بە شێوەیەك کە زۆر ئەستەمە بەر بەو دیاردەیەدا بگیرێت، بەڵکو بەجۆرێك پەرەی سەندووە وەك بڵێی بەدامەزراوەیی کراوە، تەنانەت هەموو هێزەکانی بەشدار لە حوکمڕانیی عێراق تێوەی گلاون، هەر لایەنێك هەوڵدەدات ئەوەی پەیوەستە بەخۆی پەردەپۆشی بکات تاکو لایەنگرانی خۆی لە هەموو لێپرسینەوەیەك ڕزگاربکات، لێرەشدا مەبەستی ئەو تێوەگلاوانە ئەوەیە ناوو ناوبانگی خۆیان لە لەکەداربوون و کەمکردنەوە لە تواناو دەسەڵات بپارێزن، جا ئەو لایەنە چ لایەنی تایفی یان حزبی یان ئیتنی بێت.

بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکاریی سێ ئاست لەئارادایە: ئاستی یەکەم- مەبەستی پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکراتە بە گۆڕینی چەند وەزیرێك و دانانیان لەشوێنی ئەوانی پێشوو کە زیاتر پرۆفیشناڵ و کارامە و بێلایەن بن، تاکو نەبنە بەشێك لە پشکایەتیی تایفەگەری، بەڵام ئاستی دووەم- ئەوەیە کە دەیانەوێت وەزیرەکان لە هەمان کوتلەدا دەست نیشان بکەن، تاکو زیاتر دڵنیا بێت لەوەی کە لە نوێنەرایەتیی کردنی کوتلەکە لە حکومەت بەردەوامە، ئاستی سێیەم:- ئارەزوویان لە گۆڕانکارییە، ئەویش بە گۆڕینی خودی سەرۆك وەزیران، چونکە لە ئەنجامدانی چاکسازیدا شکستی هێنا، دوای ئەو ماوەیەی کە بۆی دیاری کرا، بەڵام هیچی بە هیچ نەکرد، ئەمەش لەباتی گۆڕینی چەند وەزیرێك، بۆیە هەندێ لەو هێزانە داوای گۆڕینی سەرۆك وەزیران دەکات، بۆ ئەوەی

کابینەیەکی تازە پێکبهێنێت.

کۆمەڵگەی عێراقی بە شێوەیەك نائومێدو ڕەشبینە دوای ئەوەی لە هەموو کاتێکدا پشتیوانیی لە گۆڕانکاری و چاکسازیی کردووە و هێشتاش لە چاوەڕوانیدایە، بەڵام بارودۆخەکە زیاتر ڕووی لە خراپبوون و تێکچوون کردووە، لەلایەکەوە دەبینێت کە گەندەڵکاران هەر لە شوێنی خۆیاندا ماون، بەڵکو تەنیا کەسەکان دەگۆڕێن، ئەو خەڵکە ڕەوشی گوزەرانیان زۆر تێکچووە، لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە بەدەست قەیران دەناڵێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبینێت کە پیاوانی دەسترۆیشتووی ئایینی لە نەجەف لە سەرویانەوە عەلی سیستانی دەرکی بە هەستی شەقام کردووە کە پشتیوانی لە چاکسازی و گۆڕانکاری دەکەن، بەڵام دوای ئەوەی کارەکە بە بنبەست گەیشت لە گۆڕەپانەکە کشانەوە و دەستبەرداری پشتیوانیکردنەکەیان بوون بۆ حکومەتەکەی عەبادی، تەنانەت نوێنەرەکانیشیان وازیان لە گوتاری ڕۆژانی هەینی هێنا، هاوکات گەورە پیاوانی ئایینیشیان چی دیکە دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا نەکرد کە پێشتر پشتیوانییان لە حکومەتەکەی عەبادی دەکرد، ئەو کاتەی کاروبارەکە ئاڵۆزبوو بەهۆی پابەندبوونی نوری مالیکی بە پۆستەکەی و ڕەتکردنەوەی زۆرینەی هێزە سیاسییەکان کە لەو شوێنەیدا بمێنێتەوە.

تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران کە پشتگیریی عەبادییان کرد و تا ئێستاش لە پرۆسەی چاکسازیدا ئومێدیان پێیەتی، کەچی بەرامبەر لەمپەرەکانی بەردەم ئەم هەنگاوە دەستەوەستانن، لەلایەك داعش لەوەتەی ١٠ مانگە و لە حوزەیرانی ٢٠١٤ەوە موسڵیان داگیرکردووە و کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری پارێزگای ئەنباریان کردووە، سەرباری ئەو هەموو زیانەی لە داعش کەوتووە، بەڵام تا ئێستاش هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر بارودۆخی عێراق، چ بۆ حکومەتی بەغدا یان بۆ حکومەتی هەولێر، داعش لە جموجۆڵ نەکەوتووەو هەر بەردەوامیشە لە هاتوچۆی نێوان ڕەقەو دێرزور لە سوریا لەگەڵ موسڵ و بەشێکی زۆری پارێزگای ئەنبار، لەپاڵ ئەوەی کە بەردەوام دزەدەکاتە نێو خاکی هەردوو وڵات و ڕووبەڕووی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی دەوەستێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر تا ئێستا چارەسەرنەکراون، وێڕای ئەوەی کە چەندین جار بەرپرسانی هەردوو لا سەردانی یەکدیان کردووە،جگە لەمەش هەولێر هەندێ کێشەی لەگەڵ سلێمانیدا هەیە، کە بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێیە، ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە خەرج نەکردنی مووچەی فەرمانبەرانە لە هەرێم لەوەتەی چەند مانگێکە، تەنانەت کەمکردنەوەی مووچەشی بەدواداهات، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری خستە سەر شانی هاووڵاتیان، لەوەش دیارتر ئەو مشتومڕو کێشمەکێشەی نێوان لایەنە کوردستانییەکانە دەربارەی پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم و دەسەڵاتەکانی سەرۆك، ئەمە وێڕای مژاری ڕاپرسی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خستوویەتییە ڕوو و هەندێ لایەن لە ئاستیدا خۆیان دوورەپەرێز گرتووە بە هۆی کاتەکەیەوە، هاوکات هەڵوێستی هێزەکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش لەمەڕ ئەو پرسە جیاوازە.

کێشەیەکی دیکەش لەئارادایە کە لەنێوجەرگەی کێشەکانی دیکەی ئێستای عێراقدایە، مەبەست حەشدی شەعبییە، کە بەقەد ئەوەی هەوڵدەدات ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، ئەوەندەش کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، بە تایبەتیش بەهۆی ئەو پێشێلکردن و زێدەڕۆییەی ئەو هێزە بۆ سەر مافەکانی هاووڵاتیان، لەوانەش لە پارێزگای سەلاحەدین و نەخاسمە لەکاتی ڕزگارکردنی شاری تکریت، تەنانەت هەندێ کەس لەجیاتی ڕزگارکردن بە کاولکردن ناوی دێنن، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لای هاووڵاتیان لەکاتی ڕزگارکردنی موسڵدا، کە زۆربەی هێزەکان بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە ڕزگارکردنی ئەو شارە ڕەتدەکەنەوە، کە ئەمەش بەدڵی ئەمریکییەکانە، چونکە مەشقی بە هەزاران کەس کردووە لە خەڵکی ناوچەکەو عەشیرەتەکان بەئومێدی ئەوەی ئەم جارە ڕووبەڕووبوونەوەکە یەکلاییکەرەوە و کورتخایەن بێت.

ئەم بابەتە زۆر بە پرسێکی گرنگ دەخرێتەڕوو، مەبەستمان پرسی هەرێمی سوننەیە کە بە ئاشکراو بە نهێنی قسەی لەسەر دەکرێت، چ سەبارەت بە پارێزگای موسڵ یان هەردوو پارێزگای ئەنبارو سەلاحەددین، کە بکرێنە هەرێمێك یان زیاتر دوای کۆتایی داعش، لەبەرئەوەی کە ئەمە مافێکی ڕەوای سوننەیە لەو پارێزگایانەدا.

ڕەنگە دروستکردنی خەندەق لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ

**هەموو هێزەکانی بەشدار لە حوکمڕانیی عێراق لە گەندەڵییەوە گلاون، هەر لایەنێکیش هەوڵدەدات ئەوەی پەیوەستە بەخۆی پەردەپۆشی بکات تاکو لایەنگرانی خۆی لە هەموو لێپرسینەوەیەک ڕزگاربکات**

**کۆمەڵگەی عێراقی بە شێوەیەک نائومێد و ڕەشبینە دوای ئەوەی لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی لە گۆڕانکاری و چاکسازی کردووە و هێشتاش لە چاوەڕوانیدایە، بەڵام دەبینێت هێشتا گەندەڵکاران هەر لە شوێنی خۆیاندا ماون، بەڵکو تەنیا کەسەکان دەگۆڕێن**

**پرۆسەی چاکسازی ڕووبەڕووی چەندین تەگەرە دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر حەشدی شەعبیش تێکەڵ بە وەزارەتی بەرگری کرا و بە چاودێری خودی عەبادیش بێت، بەڵام نە ئەو و نە کەسێکی دیکە توانای ڕێگەگرتنیان لە هەڵسوکەوتی نامرۆیی ئەو هێزانە نییە**

**ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران کە پشتگیریی عەبادییان کرد و تا ئێستاش لە پرۆسەی چاکسازیدا ئومێدیان پێیەتی، کەچی بەرامبەر لەمپەرەکانی بەردەم ئەم هەنگاوە دەستەوەستانن، لەلایەک داعش موسڵ و چەند بەشێکی زۆری ئەنباریان کۆنترۆڵکردووە، تا ئێستاش هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ سەر عێراق**

**ئەو گۆڕانکارییەی پێویستە، بریتی نییە لە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان، یان کارمەندەکانیان، یان گۆڕانکاریی ریشەیی لە بەشێکی دیاریکراو، یان هەر بە رواڵەت بێت، بەڵکو پێویستیی بە پرۆسەیەکی ریشەیی سەرتاسەرییە لە هەموو کایە و جومگەکاندا**

**ئایندەی عێراق لە نێو وەرچەرخانێکی مێژوویی مەترسیداردایە، چونکە لە ئاکامی هەنگاوی چاکسازیدا ململانێ و کێشمەکێش لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و خاوەن دەستکەوتەکان سەرهەڵدەدات و دەستبەرداری ئەو دەستکەوت و پایانە نابن، بەڵکو دژی هەموو گۆڕانکاری و چاکسازییەک دەوەستنەوە**

کۆمپانیایەکی فەرەنسی و یەکێکی دیکەی ئەمریکی کە لە رەبیعەی سەر سنووری سوریا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە خانەقین لەسەر سنووری ئێران، ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی خستۆتە دڵی لایەنەکانی تورکمان و عەرەبی لە ناوچە فرە نەتەوەکاندا، چونکە ئەوان ئەمە بە وێنەکێشانی سنووری هەرێمی کوردستانی دادەنێن دوای لەناوبردنی داعش، لەبەرامبەر ئەمەشدا شورەی بەغدایە کە درێژییەکەی ٢٤٠ کیلۆمەترە، ئەمەش بۆتە هۆی دڵەڕاوکێ و ترس لای سوننە کە لە ناوچەکانی پشتێنەی بەغدا نیشتەجێن، چونکە پێیانوایە مەبەست لە دروستکردنی ئەو شورەیە خۆپاراستن نییە دژی تیرۆرو هێرشەکانی داعش، بەڵکو دابڕین و خستنەپاڵی چەند ناوچەیەکە بۆ سەر بەغدا، کە ئەمەش هەوڵێکە بۆ گۆڕینی نەخشەی پارێزگاکان، لەبەر هۆکاری تایفەگەری و سیاسی و حزبی، دیارە کێشەکەش پەیوەستە بە نەبوون و لاوازیی متمانە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و لەدەستدانی کەمترین ئاستی سازان، بە تایبەتیش لەچوارچێوەی گۆڕانکارییە تازەکاندا.

ئەو چاکسازییەی کە لەئێستادا راگەیانراوە تەنیا بەقسەیە و زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچێت و تەنانەت هەر بە رواڵەتە و هیچ هێزو توانایەکی لێ بەدی ناکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم چاکسازییە پێویستی بە چاکخوازان هەیە، چۆن دەکرێت یەکێکی تێدا بێت کە خۆی گەندەڵ بێت، تا بێت بەشداری لە هەنگاوەکانی عەبادیدا بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییە، لێرەدا ئەم پرۆسەیە رووبەڕووی چەندین تەگەرەو ئاستەنگ دەبێتەوە، لەوانە سیستەمی پشکایەتیی تایفەگەری و ئیتنی، هاوکات بەردەوام بوونی میلیشیا، تەنانەت ئەگەر حەشدی شەعبیش تێکەڵ بە وەزارەتی بەرگری کرا و بە چاودێری خودی عەبادییش بێت، بەڵام نە ئەو و نە کەسێکی دیکە توانای رێگەگرتنیان نییە لە هەڵسوکەوتی نامرۆیی هەندێ لەو کەسانەی سەرەڕۆو بێ سەرپەرشتن، لەلایەکی دیکەوە دۆسێی ئاوارەکان کە رۆژبەڕۆژ زیاددەکات، تا ئێستاش لە سێ ملیۆن هاووڵاتی رەتی کردووەو ناشتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان کە لەئێستادا ئازادکراون.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە، ئایا عەبادی دەتوانێ تەنیا یەك لەرزە بخاتە بنیادی پرۆسەی سیاییەوە کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەخشەی بۆ دانرا، بە شێوەیەك کە کوتلەو لایەنە سیاسییەکان پشتگوێ بخات و وەزیری تەکنۆکرات بۆ حکومەتەکەی دامەزرێنێت؟ ئایا ئەو دەتوانێت پشتگیریی پەرلەمان بەدەست بێنێت کە لەلایەن نوێنەرانی ئەو فراکسیۆنانەوە هەڵبژێردراوە؟ یاخود ئایندەی سیاسیی خۆی دەکاتە قوربانی؟ دواتر هەر خۆی لا دەچێت و لەلایەن فراکسیۆنەکەی خۆیەوە یەکێکی دیکە دەخرێتە شوێنیەوە، دیارە ئەم هەنگاوەش هەرسەرناگرێت چونکە دەبێتە مایەی ململانێی توندی نێوان خودی فراکسیۆنەکان و لە ئەنجامدا شکست دێنێت.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەو شتە پێویستی بە سەرکێشییەکی تەواو هەیە، بەڵام ئایا عەبادی دەتوانێت ئەمە بکات و خۆی بخاتە ژێر کاریگەریی ئەنجامەکانی ئەم سەرکێشییە بەکورتی و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی دەستوور پێی داوە؟ دەتوانێت دەستوور پەکبخات و پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوەو حوکمی عورفی بسەپێنێت و حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی پێك بهێنێت؟ بە تایبەتیش کە سێیەکی وڵات تا ئێستاش لەژێر دەسەڵاتی داعشدایە، ئەو حکومەتەش بەلایەنی کەمەوە بۆ دوو ساڵ بێت و دواتر هەڵبژاردن بکرێت، بێ گومان ئەم جۆرە بڕیارە لەلایەن هێزە سیاسییە نەیارەکانەوە رێی لێدەگیرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم سەرکێشییە قوربانیی گەرەکە کە بەدڵی هاووڵاتیان دەبێت، تەنانەت شکستەکەشی بە هەنگاوێکی شەرەفمەندانە لەقەڵەم دەدرێت.

ئەو گۆڕانکارییەی پێویستە، بریتی نییە لە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان یان کارمەندەکانیان، یان گۆڕانکاریی ریشەیی لە بەشێکی دیاریکراو یان هەر بە رواڵەت بێت، چونکە ئەمە لە نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی دەچێت، کە زۆر بەخێرایی و دوای ماوەیەکی کورت خەوش و کەلێنەکانی دەردەکەون، بەڵکو پێویستیی بە پرۆسەیەکی ریشەیی سەرتاسەرییە لە هەموو کایەو جومگەکاندا، هەروەها بە پلانێکی درێژخایەن، بەر لەو هەموو شتانەش پێویستیی بە ئیرادەیەکی پتەوی سیاسیی هەیە، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو دەرفەتە لەدەست چوو، ئەوا ئایندەی عێراقیش لەدەست دەچێت لەنێو وەرچەرخانێکی مێژوویی مەترسیداردا ئەویش بەردەوامبوونی داعشە، چونکە لە ئاکامی ئەمەدا ململانێ و کێشمەکێش لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و سەرۆك عەشیرەت و خاوەن دەستکەوتەکان سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوەی ئەوان دەستبەرداری ئەو دەستکەوت و پایانە نابن، بەڵکو دژی هەموو گۆڕانکاری و چاکسازییەك دەوەستنەوە، رەنگە لە کۆتاییدا ئەو حکومەتە بە یەکجاری لەناوبچێت و هەرەس بهێنێت.



**فیلیپ ئەکێرمان** شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەرکەوتووە

**فیلیپ ئەکێرمان بڕوانامەی دکتۆرای لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە زانکۆی پرینستۆن بەدەستهێناوە، وانەبێژی دیراساتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بۆ باسکردن لە بارەی کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر درووستبوونی پشێوی و چۆنیەتی مامەڵەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ناسەقامگیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** پێتوایە تا چەند نزمبوونەوەی نرخی نەوت بەردەوام دەبێت؟**

- من بەو پرسیارە وەڵام دەدەمەوە کە ئایا پێتانوانییە ڕێککەوتنی حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ ئێران کاریگەری دەبێت؟ لەهەمانکاتدا ئۆپێك کۆنترۆڵی بەرهەمەکانی دەکات، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم کە نرخی نەوت بەردەوام بێت لەدابەزین، بەڵام نازانم تاچەند بەردەوام دەبێت و نیگەرانییەك هەیە لە ئەمریکا کە نرخی نەوت جارێکی دیکە بەرز دەبێتەوە، هەرلەبەر ئەمەشە یەدەکی فیدراڵیمان لە حاڵەتی نیگەرانیدایە و لەوانەیە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا هەوڵبدات ڕێژەی سوود ڕێکبخات بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ نرخەکان دابنێت، بەڵام نازانم چەند دەخایەنێت و نازانم تاچەند خۆشگوزەرانی دانیشتووانی کورد ئەولەوییاتی حکومەتی ئێران، یان حکومەتی ئەمریکایە، یان هی ئۆپێکە، بەداخەوە نازانم تا کەی ئەمە بەردەوام دەبێت.

*** پێتوایە مەسەلەی سیاسی لەپشت نزمبوونەوەی نرخی نەوتەوەیە؟**

- دووبارە پێموایە ئێران وڵاتێکی سەرەکی بەرهەمهێنەری نەوتە و بە تێڕوانینی من زۆر شت ڕوودەدات لەبەر ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکادا و خستنەڕووی زیاتر لە بازاڕدا درووست دەکات، هەروەها دەزانین کە زۆرجار نرخەکان بەشێکی لەلایەن ئۆپێکەوە ڕێکدەخرێت.

*** بە بەراورد لەگەڵ دابەزینیەکانی دیکەی نرخی نەوت لە ڕابردوودا، چی ئەمەی ئەم جارە لە ڕووی هۆکار و ئەنجامەوە جیادەکاتەوە؟**

- ئەم جۆرە هەلومەرجە هەروەك ئەوەی جارانی پێشوو وایە، ئەمریکا لە قەیرانی دارایی گەورە دەرچووە، هەروەها سەرجەم جیهانیش لە قەیرانی دارایی گەورە دەرچوون، لە ئێستادا وەك جاران جۆرێك لە نادڵنیایی هەیە لە چین، بۆیە نازانم چی لەمەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام نادڵنیایی زیاتر دێتەئاراوە، یان مەسەلەکە ئەوەیە هۆکارێکی سیاسی هەیە وا دەکات نرخی نەوت نزم بێتەوە و پێموایە حکومەتی ئێستای ئەمریکا تا ڕادەیەك خۆشحاڵە بە دابەزینی نرخی نەوت و پێموانییە کەنەدییەکان بەمە خۆشحاڵ بن لەبەر ئەوەی ئابوورییان وەك ئابووری ئێوە زۆر گرێدراوە بە بەرهەمی نیشتمانییانەوە و ئەوەی لە کەنەدییەکانەوە گوێم لێبووە ئەوانیش هاوردەیان زیادی کردووە و هەناردەیان کەمی کردووە و داهاتیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، نرخی نەوت تاهەتایە بەم شێوەیە نزم نابێت، لەوانەیە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەرزببێتەوە.

*** لە هەرێمی کوردستان حکومەت پارەیەکی زۆری بۆ پێشمەرگە تەرخانکردووە کە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگی دژی داعشن و وەك دەشزانی داهاتی کوردستان بە زۆری پشت بە نەوت دەبەستێت و کاتێك نرخی نەوت دادەبەزێت، کاردەکاتە سەر سەقامگیری ئابووری و لەوانەشە لەسەر بەرەکانی شەڕ، چۆن ئەمە دەبینی لەکاتێکدا پێشمەرگە تەنیا شەڕی خۆی ناکات، بەڵکو لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی دژی تیرۆر دەکات؟ ئایا لە سەر زەوی هاوکاری پێشمەرگە بۆ ئەو شەڕە دەکرێت؟**

- دڵنیا نیم حکومەتی ئەمریکا ویستی ئەوەی هەبێت بەرەنگاری داعش بێتەوە لەسەر زەمین، لە هەمانکاتدا داعش چەندین ناوچەی گرنگی لەدەستداوە، ئەمەش هەڕەشەی تیرۆریزم لەسەر جیهان کەم ناکاتەوە، واتە بە شێوەیەك کە ئەو ڕێکخراوەی

**نرخی نەوت تاهەتایە بەم شێوەیە نزم نابێت، لەوانەیە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بەرزببێتەوە**

**نابێت ئەگەری سوودوەرگرتنی داعش لەم دۆخە پەردەپۆشی قەیرانە مرۆییەکە بکات و بەلاڕێیدا ببات**

لە ئێستادا هەیە پێویستی بە جۆرێك لە ناوچە هەیە بۆ راهێنان، بەڵام لە شوێنێکی دیاریکراودا نا، واتە هەرچەندە رەققە گرنگییەکی مێژوویی هەیە، بەڵام داعش خۆی بەوەوە نابەستێتەوە بۆ کارەکانی، لەبەر ئەوەی پێش دامەزراندنی داعش، خانەی تیرۆریستی لە جیهاندا هەبوون، بۆیە لەلایەکەوە باسی ناکۆکییەکی ناوچەیی دەکەیت کە ئەمریکا بەراستی ویستی ئەوەی نییە کە زیاتر لەسەری بڕوات، بەڵام باسی تیرۆریزمێکیش دەکەیت کە بەراستی پێویستی بەوە نییە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەوەی کە هەوڵدەدات بیکات، واتە کاتێك هێزە ناوچەییەکان لە عێراق سەرکەوتنیان دژی داعش بەدەستهێناوە، پێموانییە ئەمە جیهان بێنێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش لەسەر زەمین، پێموایە هێرشە ئاسمانییەکان بەردەوام بن و هەوڵدەدرێت کار لەگەڵ هێزە ناوچەییەکان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی داعش، ئەمەش سەرکەوتوو بووە، ئەمە جیاوازە لەوەی بڵێیت ناتۆ، یان نەتەوە یەکگرتووەکان دێن، یان ئەمریکا و بەریتانیا دێن و لەسەر زەمین بە شێوەیەکی سیستەماتیکی داعش تێکدەشکێنن، پێموانییە ئەمە رووبدات.

*** لەبەرئەوەی وڵاتانی ناوچەکە بە زۆری داهاتیان پشت بە نەوت دەبەستێت، ئایا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە ناوچەکەدا پێشبینی هاتنەئارای پشێوی زیاتر ناکەیت؟**

- ناسەقامگیرییەکی زۆر هەیە لەناوچەکەدا و ناسەقامگیرییەکە بەگشتی پێوەندی بە نرخی نەوتەوە نییە، بەڵام دابەزینی نرخی نەوت مەترسی خستۆتە سەر بارودۆخی مرۆیی، لەبەر ئەوەی هەستی نادڵنیایی خراپتر کردووە، گەرچی لەو باوەڕەدا نیم جۆرێك لە شۆڕش درووست بێت لە باکووری ئەفریقا بەهۆی نزمی نرخی نەوتەوە، سەبارەت بە کوردستانیش لە ئێستادا بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد لە رووی مرۆییەوە دەبیندرێت و ئەم هەنگاوە پێش دابەزینی نرخی نەوتیش هەر هەبووە.

*** زلهێزەکان پاڵپشتی لە کەوتنی رژێمی ئەسەد ناکەن، لەبەر ئەوەی نازانن کێ جێی دەگرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا مانەوەی ئەسەد واتە شەڕ و کوشتاری زیاتر، لەلایەکی تریشەوە داعش بەشێك لە سووریا و عێراقی داگیرکردووە و دەوڵەتی خۆی تێدا راگەیاندووە، ئایا رۆژئاوا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارە پشێوی و توندوتیژەدا دەکات، لەبەرئەوەی رۆژئاواش بەشی خۆی بەرکەوتووە لەو ناسەقامگیرییەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، هەم لە رێی پەنابەران و هەم لە رێی پەلاماردانی تیرۆریستییەوە؟**

- وەك دەزانن رێژەی لەدایکبوون لە ناوەڕاستی ئەورووپا زۆر نزمە و دانیشتووانی ئەڵمانیا و ئیسپانیا بەگشتی پیرن و جێیان ناگیرێتەوە و لێشاوی پەنابەران لە راستیدا تا رادەیەك یارمەتی ژمارەی دانیشتووانیان دەدات، بۆیە لە لایەکەوە ئاماژەیەکی مرۆییە و لەلایەکی دیکەوە یارمەتیدەرە لە رووی ئابوورییەوە و دەستەبەری زیادبوونی دانیشتووانی کرێکار دەکات. ئەو وڵاتانەی کە باوەشیان کردووەتەوە بۆ پەنابەران لەهەندێك حاڵەتدا ئاماژەیەکی مرۆیی نییە، بەڵکو سوودی لێدەبینن، بۆیە پێموایە راست دەکەی نیگەرانییەك هەیە کە داعش سود وەردەگرێت لە دانیشتووانی پەنابەر بۆ هێنانی تیرۆریزم بۆ ئەورووپا، کە هەندێکمان لەمە بینیوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بنبڕکردنی ئەم جۆرە لە تیرۆریزم زۆر قورسە، هەروەها باوەڕم وایە نابێت ئەگەری سوودوەرگرتنی داعش لەم دۆخە پەردەپۆشی قەیرانە مرۆییەکە بکات و بەلارێیدا ببات، واتە ئەو وڵاتانە پێویستە بەردەوام بن لە کردنەوەی دەرگایان بە رووی پەنابەراندا، هەرچەندە داعش سوودیشیان لێوەر بگرێت، لەبەر ئەوەی ئەو تیرۆریزمەی لەلایەن داعشەوە دەکرێت هەر بەو پەنابەرانە ناکرێت، کردەی تیرۆریستیی داعش لە کالیفۆرنیا نموونەیەکە لە تیرۆریزمێك کە لەناو وڵاتدا گەشەی کردووە، داعش توانیویەتی ئەوە بکات بەبێ ئەوەی پەنابەر رووبکاتە ئەمریکا. دەمەوێت بڵێم کە ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی یارمەتی لەناوچوونی ئەم قەیرانە مرۆییە بدات، هەستدەکەم ئەمریکا ویستی ئەوەی نییە، بێتە سەر زەمین لە دژی داعش، بەڵام پەیامی پۆزەتیڤ ئەوەیە کە داعش ناوچەی لەدەستداوە لەعێراق و ئەو کەسانەی بۆ داعش دەجەنگان ئیرادەیان لەدەستداوە، بۆیە لەوانەیە کۆتاییەکە باش بێت، یان بەشێکی باش دەستپێبکات، هەروەها جیهان دەبێت لەوە تێبگات کە ئەگەر داعشیش نەبێت، بیرۆکەی خەلافەت وەك نەریتێکی نەبڕاوە لە مێژووی ئیسلامدا سەرهەڵدەداتەوە گەر خەڵکەکە خۆیان بیانەوێت، بۆیە بەداخەوە پەیامێکی ئیلهامبەخشم نییە و هەڕەشەکانی داعش پێویستە بە جدی لەلایەن ئەمریکاوە وەربگیرێت و هیوادارم کارێکی یەکگرتووانەی جیهانی بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە بکرێت.

**تیرۆریستیی داعش لە کالیفۆرنیا نموونەیەکە لە تیرۆریزمێک کە لەناو وڵاتدا گەشەی کردووە، داعش توانیویەتی ئەوە بکات بەبێ ئەوەی پەنابەر رووبکاتە ئەمریکا**

**جیهان دەبێت لەوە تێبگات کە ئەگەر داعشیش نەبێت، بیرۆکەی خەلافەت وەک نەریتێکی نەبڕاوە لە مێژووی ئیسلامدا سەرهەڵدەداتەوە گەر خەڵکەکە خۆیان بیانەوێت**



### ڕێکس براینێن پسپۆڕ لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پشتیوانی تاران بۆ دیمەشق و بەغدا خزمەت بە داعش دەکات

**ڕێکس براینێن وانەبێژی زانستی سیاسییە لە زانکۆی مەکگیل، توێژەری چەندین بوارە لەوانە پەرەپێدان و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕکابەری ناوچەیی و خۆسەپێنی و دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا. بۆ شرۆڤەکردنی دۆخی پشێوی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ململانێ و ڕکابەرییەی کە لەم ناوچەیەدا لەئارادایە، لەگەڵ ڕۆڵی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەکانی خۆی کرد.**

*** لە ئێستادا ناسەقامگیری باڵیکێشاوە بەسەر چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەم وڵاتانە لە دۆخێکی مەترسیداردان، ئەگەر کۆدەنگییەک لە نێوان هێزە جیهانییە گەورەکاندا، وەک ئەمەریکا و ڕوسیا، دروست نەبێت، ئایا ئایندەی ئەم ناوچەیە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- من دڵنیا نیم لەوەی ڕێککەوتنی ئەمەریکا و ڕووسیا گۆڕانکارییەکی زۆری لێبکەوێتەوە. چونکە ئەم ناکۆکییانە پتر هۆکاری مەحەلی و ناوچەییان هەیە. بێگومان ڕێککەوتنی ئەم هێزانە یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام هێز و دەسترۆیشتوویی ڕووسیا و ئەمەریکاش سنووری خۆیان هەیە.

*** زۆرێک لە چاودێران سەرهەڵدانی داعش گرێ دەدەنەوە بە حوکمڕانیی شکستخواردووی عەلەوییەکان لە سووریا و شیعەکان لە عێراقدا، ئایا دروستبوونی داعش بۆ فەشەلی حوکمڕانی و پاڵپشتی ئێران بۆ ئەم دوو وڵاتە ناگەڕێتەوە؟**

- لەو باوەڕەدا نیم سیاسەتی ئێران هۆکارێک بوبێت بۆ سەرهەڵدانی داعش. ئێران دەسترۆیشتوویی و نفوزێکی کەمی هەیە لەسەر کاردانەوەی پڕ لە سەرکوتکاری ڕژێمەکەی ئەسەد لە دژی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١، هەروەها هەڵنەستا بە هاندانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری مالیکی بۆ ئەوەی بە دوورەپەرێزخستن و بە چەشنێکی توند حوکمڕانی بکات. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە داعش سوودی لەم پشتیوانیکردنەی ئێرانی بۆ دیمەشق و بەغدا بینی بۆ ئەوەی پاڵپشتی سوننە لە بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت.

*** ئێران هێزێکی خاوەن سەنگ و قورساییە لە ناوچەکەدا، لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا نفوزی هەیە و**

**شەڕی بەوەکالەت بەڕێوە دەبات، ئایا چۆن دەکرێت بەر بەم شەڕی بەوەکالەتەی ئێران بگیرێت؟**

- سەبارەت بەو هێزانەی کە وەك وەکیلی ئێران لە ناوچەکە هەن، راستە ئێران هاوکاری رێکخراوی حەماس لە فەلەستین دەکات، بەڵام دەستڕۆیشتوویی تەواوی بەسەر رەفتارەکانیەوە نییە. بێگومان حزبوڵڵا هاوپەیمانێکی نزیکی ئێرانە، هەروەها بە هۆی پشتیوانی ئێرانەوە دروست بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا و لە هەمان کاتدا بەهۆی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی ١٩٨٢ دروست بوو. حوسییەکان هەندێ پشتیوانی لە ئێران وەردەگرن، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە بۆ سەرکەوتنیان. ئێران بە راستی کاراکتەرێکی سەرەکی نییە لە شەڕی پەکەکە و تورکیادا. بەڵام ئێران سوود لەو هەڵانە وەردەگرێت کە کەسانی دیکە دەیکەن.

*** بەڵام لە لایەك ئێران وەك هەر دەوڵەتێکی دیکەی خاوەن سەروەری رەفتار دەکات، لە لایەکی دیکەوە خۆی بە نوێنەری شیعەکان دەزانێت و راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هەر پارتێکی شیعەدا دەکات، بە هەمان شێوە هاوکاری سەربازی و داراییشیان دەکات. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئێران خۆی بڕیار دەدات چ کاتێك وەك دەوڵەت رەفتار بکات و چ کاتێکیش وەك مەرجەعێکی شیعە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێگری لە ئێران ناکات کاتێك هەڵدەستێت بە پێشێلکردنی سەروەرییەکانی وڵاتانی دیکە؟**

- زۆرێك لە وڵاتان ئەم کارە دەکەن، رووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە پشتیوانی رووسیەکانی کریمیا و ئۆکرانیا دەکات، ئیسرائیل بانگەشەی بەرپرسیاربوون لە جولەکەکان دەکات لە هەر کوێیەك بن، ئەمەریکا بانگەشەی بینینی رۆڵێکی تایبەت دەکات کە پەیوەستە بە پاراستنی دیموکراسی، سعودیە بانگەشەی رۆڵێکی تایبەت دەکات بۆ پاراستن و برەودان بە ئیسلامی سوننە. لە زۆر حاڵەتدا، کاراکتەرە مەحەلییەکان داوای هاوکاری لە ئێران دەکەن، هەندێ لە گرووپە کوردییەکانی سووریا و تورکیا و تەنانەت عێراقیش، هەروەها حکومەتی عێراق و سووریاش، بە هەمان شێوە حزبوڵڵا و حوسی و هەزارەکانی ئەفغانستان.

*** ئەوانەی باس لە بارودۆخی دوای تێکشکاندنی داعش دەکەن، پێیانوایە ئەمە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ئێران و هاوپەیمانەکانی. هەروەها باوەڕیان وایە ئەگەر خەلافەتەکەی داعش بڕووخێت، ئەوا مۆدێلێکی حوکمڕانی شیعەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی جێی دەگرێتەوە، چۆن سەیری ئەمە دەکرێت؟**

- من هیچ کاتێك گوێبیستی ئەوە نەبووم کە تاکە شارەزایەکی سیاسیش پشتیوانی سەپاندنی مۆدێلێکی ئێرانی بکات لە شوێنەکانی دیکە. ئەوەی تەواو بە پێچەوانەوەیە.

*** رۆژئاوا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خستەگەڕ و لە کۆتاییدا گەیشتە رێککەوتنێك لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و سزاکانی سەر ئەو وڵاتەشی هەڵپەسارد، ئایا ئەمە دۆخێك دروست ناکات بۆ ئەوەی ئێران پتر برەو بە دەستڕۆیشتووییەکانی بدات ؟**

- ئەو رێککەوتنە تەنیا لە لایەن رۆژئاوا ئەنجام نەدرا، بەڵکو لە لایەن رووسیا و چین و بە پشتیوانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە. باوەڕم وانییە رێککەوتنەکە دەستڕۆیشتوویەکی زیاتر بە ئێران بدات، بەڵکو رێگری لە تاران دەکات لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرێك لە موحافیزکارە ئێرانییەکان ئیدانەی دەکەن و پێیانوایە رێککەوتنەکە بە مانای خۆبەدەستەوەدانە بە ئەمەریکا.

*** ئاشکرایە کە دەستێوەردانی رووسیا لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا دەبێت، ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە هاوپەیمانێتییەك لە نێوان مۆسکۆ و تاران و بەغدا و دیمەشقدا دروست بووە، لە دەرئەنجامدا دەبینین کە دەوڵەتە سوننەکانیش دەستەوەستان نابن و ئەوانیش بە سەرکردایەتی سعودیە هاوپەیمانی پێکدەهێنن، ئەوەش ئاشکرایە کە ئەمەریکا و رۆژئاوا پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن، ئایا ئەمە سەرناکێشێت بۆ شەڕێکی رانەگەیەندراو لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا؟**

- ئەمە رکابەرییە لە هەندێ رووەوە شەڕێکیساردە، بەڵام من شەڕێکی رانەگەیاندراو نابینم. دەبێت سەرنجی ئەو راستییە بدرێت کە رووسیا چەك بۆ زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان دابین دەکات، هەروەها رۆژئاواش وەبەرهێنەریکی گەورە دەبێت لە ئێرانی دوای سزاکاندا. هاوکێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بڵێین مەسەلەکە بریتییە لە رۆژئاوا دژی رۆژهەڵات.

*** لە نێو گێژاو و ئاژاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرێمی کوردستان خۆی بە بەشێك لەو هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتیە دەزانێت کە بەرەنگاری تیرۆریستان بۆتەوە و داکۆکی لە بەها مرۆییەکان و بەها رۆژئاواییەکان دەکات، بەڵام دەبینین لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگە تاکە هێزێکە لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستان دەکات، ئەوا لە لایەن ئێران و هاوپەیمانەکانیەوە رووبەڕووی فشار بۆتەوە. ئایا پێتوانییە لەم شەڕەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست هاوکاری هەرێمی کوردستانی نەکردووە؟**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری بەرچاوی هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەم هاوکارییەش بەردەوام دەبێت. ئەگەرچی ئەگەری ئەوە نییە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان شەڕی داعش بکات، هەروەها ئەوان کۆت و بەندکراوی هەڵویستەکانی بەغدان، لەبەر ئەوەی هێشتا لە رووی یاساییەوە کوردستان بەشێکە لە عێراق.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری بەرچاوی هەرێمی کوردستانی کردووە، ئەم هاوکارییەش بەردەوام دەبێت. ئەگەرچی ئەگەری ئەوە نییە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان شەڕی داعش بکات**

**داعش سوودی لەم پشتیوانیکردنەی ئێرانی بۆ دیمەشق و بەغدا بینی بۆ ئەوەی پاڵپشتی سوننە لە بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت**